
# بازنە راخراوەکانی بابل

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاْوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
**چاپ و بڵاوکردنەوەی**
سلێمانی

# بازنە راخراوەکانی بابل

## عومەر سەیید

سلێمانی

٢٠١٠


## بازنە راخراوەکانی بابل

- ❖ نووسەر: عومەر سەیید
- ❖ بابەت: رۆمان
- ❖ پیتچنی: بێستون قادر
- ❖ هەڵەچنی: سنەوبەر کەریم
- ❖ نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- ❖ نەخشەسازیی ناوەوە: رووپاک محمود
- ❖ سەرپەرشتیاری کتێب: کارزان عەبدوڵلا
- ❖ قەبارەی کتێب: ١/٢ A٤
- ❖ ژمارەی لاپەڕە: **١٢٦**
- ❖ زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٥٦)
- ❖ تیراژ : (٥٠٠) دانە
- ❖ چاپ: چاپخانەی ئاوێنە
- ❖ نرخ: ( ٢٠٠٠) دینار
- ❖ ژمارەی سپاردنی (١٩٣٨)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

## پێشکەشە....

بەو منالآنەی....

هەموو نیوە شەوانێك لە لمی بیابانەکانەوە دێنــە دەرێ و کــزو مانــدوو سەر دەخەنە سەر شانی یەکترو هاوار دەکەن:

- مالّ لە کوێیە.....
- هێشتا دوورە...

# بەشی یەکەم

## شەوی سپی نێو شەوە رەشەکانی بیابان

## برینێك بەسەر دڵی بابلەوە

بابل بەچاوی پڕ ئەسرینەوە ئاوڕێکی پڕحەسرەت لە خۆی دەداتەوەو بە باڵای بەرزو شکۆی مێژووی پرشنگدارو گەورەو زیندووی خۆیدا دەڕوانێت. بە دووچاوی خومارەوە بەنێو سەراب و تەپوتۆزی بێ سنووری بیابانەکاندا، دەڕوانێت و لە ناخەوە وەك جەنگاوەرێکی یەخسیرو شەلاڵی خوێن، گڕی هەناسەگەرمەکانی، روو بەرگە قوڕینە خەت بزمارییەکانی دەتوێنێتەوە، ئەو روو بەرگانەی پڕ پڕن لە ژیان، لە داستان و یاساو شیعرو فەلسەفەو ئاین و ئەستێرەناسی.

بابل لە ئاوڕدانەوەیدا، لاوێتی پڕ لە بەرەکەت و هەیبەت و بە ویقاری خۆی دەبینێت.

ئەوکات قۆزترین لاوی جیهان و ئەمێستاش پیرێکی لە یادکراوی لێوان لێو لە مێژوو، لە خەم و ستەم و کارەسات.



ئەو کات بورج و منارەی بەرزی سەرسوڕێنەر و باخچە هەڵواسراوەکان ئەوکات میهرەبانی عەشتاری خوای جەنگ و خۆشەویستی یاسا و ڕێسای (ئەورنمۆ)ی پادشاو(ئەستوونە ) و(لەبت عەشتار)و یاسای حەموڕابی.

ئەوکاتی سەردەمی پیاوە مەزنەکانی وەك(ئەتراکاسیس)ی فریادڕەسی مرۆڤایەتی و خوڵقێنەری پاپۆری رزگاربوون.

سەردەمی شەڕە دژە دڕندەکانی گەلگامش وئەنکیدۆی براو هاورێی.

بابلی داستانی نەمری (ئادابە)و یەکەمین پرسیارو گەڕانی دووی نەمریی. پایتەختی هەرەجوان و گەورەی خۆرهەڵات. ئەوکاتی گەورەترین مەملەکەتی سەر رووی زەمین، کە هەموو دنیای بە داهێنانەکانی خۆی رووناك دەکردەوە.

ئەوکاتی شوورا قایم و بەرزەکانی، کە تەنانەت دوژمنانیشی سەرسامکردبوو.

مەگەر ئەوە(ئارمیا)ی پێغەمبەری ئیسرائیلیان نەبوو دەیوت (بابل بادەی دەستی خودایەو هەموو سەرزەمینی پێ مەست دەکات) ئەرستۆ و هیرودیت چ جوان باسی دەکەن.

ئای لەو رۆژە پڕشنگدارە بەسەرچووانەی بابل. ئەوکاتانەی پڕپڕ بوو لە دەروازەی گەورەو فراوان کە بەڕووی هەموو جەمسەرەکاندا کراوەو والابوو. دەروازەی خوا (مەردوك)و دەروازەی سەرەکی خوا عەشتار کە بە مێینەی ئەژدیهای ئە فسانەیی و شێری باڵدارو تۆقێنەر رازێنرابووەوە.

ئەوی رۆژێك پڕ بوو لە کۆشك و باڵەخانەی بەرزو پڕلە دەرگا، هەزاران پەرستگای لێوان لێو لە خواو ئافرەت. ئەو ئافرەتانەی خۆشەویستی و

شەهوەت بە تەواوی جەستەیاندا شەپۆلی دەداو هەزاران وەحش و دڕندەی وەك (ئەنكیدۆ)یان بە نازو نیگای چاوەكانیان رامدەكرد. ئەمێستاش بابل، پیرێكی لە یادكراوی پڕلە كۆڵانی خواروخێچی لە بیركراوە. لەبەر چرایەكی كزۆڵەی شەرمندا، بە دووچاوی نووقمی پیری و نەخۆشییەوە. دەست دەبات‌و لەنێو مۆزەخانە دەوڵەمەندەكەیدا، پڕ لە حیكایەت و حیكمەت و تابلۆی بزماری. حیكایەتێك لە حیكایەتەكانی نێو سەر زەمینی نێوان دوو رووبار دەكاتە دیاری سەدەیەكی نوێ. ئەو لەنێو ئەو هەموو تەمەنە بە پیتەی خۆیدا، تاڵترین حیكایەتی نوێی سەردەمی پیری و داماوی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو چیرۆكەی تا دوورترین پیاوی سۆمەرو ئەكەدو بابل شەرمەزارو مەراق لە دڵ دەكات. بابل غەمگین غەمگین دەڵێت:

كەس لە خوا عەشتار جوانتر نەبوو، كەس لە گەلگامش عەودالٚ تر نەبوو بۆ نەمری. نوێ زۆر نوێ، هاتن و بەنێو مووی سپی جەستەو سەرو ریشمدا، كەوتنە گەڕان، گەڕان گەڕان تا لە بیابانی سەر سنگمداو رێك بەسەر دڵمەوە برینێكیان دۆزییەوە.

ئەمما برینێكی سەخت و نوێ و قووڵ...

***



## سەرەتای سەفەرێك لەژێر خۆری سووردا

كاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارەمی پاش سێ هەفتە لە گەڕان و پشكنین، لەبری دۆزینەوەی گۆڕی(ئەمیتا)ی شاژنە نەشمیلانەی ژنی (نەبووخزنەسری) پادشای بابل، گۆڕێكی بە كۆمەڵمان دۆزییەوە.

گەرچی لەم وڵاتەدا دۆزینەوەی گۆڕی بەكۆمەڵ دیاردەیەكی سەیرو بە پرسیار نییە. چونكە رۆژ نییە لێرەو لەوێی بیابانەكاندا گۆڕێكی بە كۆمەڵ نەدۆزرێتەوە و ئاشكرا نەبێت. بەڵام ئەم گۆڕەی ئێمە دۆزیمانەوە سەیرو پڕ نهێنی بوو، تا دووا ئەندازە مرۆڤی بەخۆیەوە گێژو شێت دەكرد.

گۆڕەكە نەخشەیەكی سەیری هەبوو پرسیاری زۆری دەوروژاند. هەر هەموو بە دیارییەوە واقمان وڕمابوو، دۆش دامابووین و لە خۆمان و یەكترمان دەپرسی ئاخۆ چ نهێنییەك لە پشتی نەخشەو هەندەسەی سەیری ئەم گۆڕە پڕ لە ئێسك و پروسكی مرۆڤەوە خۆی مەڵاس دابێت، پرسیارگەلێك كە پێموانییە لەم رۆژگارەدا وەڵامی چنگ بكەوێت.

***

لەوەتەی هەم بڕواناکەم هەرگیز هێندەی ئەم چەند ڕۆژە خەم و ئازارو بێزاریم چەشتبێت، هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای گەیشتنمان تووشی نەخۆشییەکی قورس وگران بووم و بە دەست تاو و زگ چوونەوە وەك پووشی زەردی سەر ئاوکەوتووم لێهات و پتر لە سێ دانە ڕۆژ گێنگڵم داو کەوتبوومە نێو ململانێی ژیان ومردنەوەو وڕێنەم دەکرد. ئاخر منی کوڕی نێوچیاو باخ و باخات و ئاوی سازگاری ساردی کانییەکانی کوردستان، چۆن دەتوانم بەرگەی ئەم هەموو نامۆیی و دڵ ڕەقییەی بیابان بگرم. بیابانێکی وشك و برینگ، تۆزاوی و پڕ لە مێشوولە، گەرم گەرم کە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە درەنگانێك، خۆری گەرم و سوتێنەری بە ئاڕاستەیەکی ستوونی تیژتیشکە رم ئاساکانی خۆی بەسەر جەستەی مرۆڤەکاندا دەداو تا سەر ئێسقان نەدەگیرسایەوە.

منی کوێستانی و کوڕی وڵاتی بەفرو ئەم دۆزەخە ڕاستەقینەیان نەوتووە.

سەرم لە گەورەیی و خۆراگری عەرەب سووڕدەمێنێت، چۆن دەتوانن هەموو تەمەنیان لە ئاوها شوێنێکدا، شوێنێکی چۆڵ و گەرم و بێ ئاوی وادا بەرنە سەر، وا هەستدەکەم ئەو مرۆڤەی بە سانایی بتوانێت لێرە لەم بیابانەدا ژیان بگوزەرێنێت، دەبێت لە خودی بیابان وشکترو دڵ ڕەق تربێت. ئاخۆ تۆ بلێیێ ئەمە ڕاست بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم جێگایە لانکەی شارستانییەت و ئاوەدانی بووبێت، یان هەر هەمووی درۆو خۆخەڵەتاندنە؟!

جگە لە نەخۆشی و بێزاریش. هەستی پەشیمانییەکی قوڵیش لە ناوەوە بە چڕنووکی تیژ ڕۆحی بریندار دەکردم، پێموابوو نەدەبوو بهاتمایەتە ئێرەو لە پێناو مشتێك پارەدا ئە ئاوها خۆم بخستایەتە ئەم تەلەزگەییەوە کە بۆم قبووڵ نەدەکرا.

خوایە گیان نەریتی چەند ساڵەی ڕابردووی من ئێوارە پیاسەی ژێردار چنارە بەرزەکانی سەرە ڕێگای یاران بوو، تەماشاکردنی بەژن و باڵاو سیمای کچە سپی پەری ئاساکان بوو.



ئەمێستا من لێرەدا چبکەم، خەمی خۆم بەچی بە بادەم، مەگەر لەنێو بنچکە عاگوولی تۆزاویدا نیگا ببڕمە دەم و فلۆقی ئەستووری حوشترەکان. خوایە هەرچی زووترە لێرە دەربازم بکەیت، واخەریکە هارو شێت دەبم.

❊❊❊

ئەمڕۆ دەکاتە سێ هەفتەی ڕێك، کە بە یاوەری ئەم دەستە زانا بیانیانە هاتوومەتە نێو ئەم بیابانەوە، سێ هەفتەیە بەردەوام هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە درەنگانێك ئێمە چاڵ دەخەینەڕووی زبری بیابانەوە و مشك و جرج ئاسا لەم کونەوە خۆ فڕێ دەدەینە ئەو کوونەوە و سەرەتاتکێمانە.

لە ڕاستیدا ئەم چەند پسپۆڕو زانایە لە وڵاتی پڕ بەفری خۆیانەوە هاتوونەتە ئێرەو بەرنامەو کاریان گەڕان و دۆزینەوەی گۆڕو ئێسکە پەیکەری ئەو شاژنەیە کە (نەبووخزنەسر) باخچە هەڵواسراوەکانی بۆ دروستکرد. سەرەتا لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دابەزین و پاشان بەرەو ئێرە هاتن و بۆ نەگبەتی، منیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. لە ڕاستیدا ئەوان بە مەبەست و کاری وەرگێڕان منیان خستە تەك خۆیان، کاری من بریتی بوو لە وەرگێڕانی پرسیارو داخوازی و قسەوباس و مەبەستی زانا بیانییەکان بۆ برا عەرەبەکانی ناوچەکە.

ئەوانی وەك کرێ گرتە لەبەر دەستیاندا کاری هەڵدڕین و جۆراوجۆریان دەکردو بە پێچەوانەشەوە، واتا من هێڵی پەیوەندی نێوانیان بووم. بۆیە

دەبوا هەمیشە و بەردەوام وەك سێبەر بە دوایانەوەبم و بۆ هەر كوێ بچن لەگەڵیان بڕۆم.

لە نێو بیابانەكەدا كە تا خوا حەز كات گەورەو فراوان و گەرم بوو، سێ خێمەی سپی گەورەمان هەڵدابوو، سێ خێمەكە هەموو كەرەستەو پێداویستییەكی ژیانی ئارام و بێ كێشەی تێدابوو.

یەكێكیان تایبەت بوو بە كرێكارە عەرەبەكان و ئەوی دیشیان جێخەوو حەوانەوەی من و دەستە زاناكە بوو، كە بە شەو پێنج كەس بووین و هەرچی خێمەی سێیەمیش بوو كرابووە چێشتخانە كە بەردەوام سێ كەس كاریان تێدا دەكرد. یەكەمجار بە بینینی نێو خێمەكەی خۆمان حەپەسام، ڕێك لە یەكێك لە ژوورە گەورەكانی كۆشكێكی شاهانە دەچوو. هەموو شتێك هێندە جوان و بە سەلیقە دانرابوو مرۆڤی دەخستە خەیاڵی دەرەوەی بیابان، هەر هێندەی پێت دەخستە ژوورەوە ئەوەی گەرماو مێشوولە بایە نەدەماو ئارام تێیدا دەحەوایتەوە. خوا هاوار مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێت لە زیرەكی و بە سەلیقەیی ئەم مەخلووقە سپی پێستە ئەورووپییانەی تۆ، لە هیچ شتێكدا دانامێنن، هیچ گومانم نییە ئەگەر بخرێنە نێو دۆزەخیشەوە ئەوا دنیایەكی وا بۆ خۆیان دەسازێنن گەلێك جوانترو ئارامتر لە دنیای نێو بەهەشت.

سبەینان زۆر زوو و پاش وەرزشكردن بە خۆیان و كەرەستەكانیانەوە بەنێو بیابانە فراوانەكەدا دەكەوتنە گەڕان و كنەكردن، هەر جێگایەكیشیان مەبەست بوایە فەرمانیان پێدەكردم تا بە كرێكارە عەرەبەكان بڵێم بكەونە هەڵدڕین و چاڵكردن. بەم شێوەیە ڕۆژانە گەڕان و



پشكنین درێژەی دەبوو. هەمیشە ئەوان چەند ئامێرێكی تایبەت بە گەڕانو دۆزینەوەی پاشماوەی كۆنیان پێبوو، لەگەڵ چەند نەخشەیەكدا كە رایان دەخست و لەژێر سێبەری شەبقە زل و چاویلكە رەشەكانیانەوە دەكەوتنە تەماشاكردن و پشكنین و پاشان بە دەست ئاماژەیان بۆ ئەملاو ئەولای خۆیان دەكرد.

هەر داخوازییەكیان لە كرێكارە عەرەبەكان ببوایە سەرەتا لە منیان دەگەیاندو منیش بە عەرەبی لە كرێكارەكانم دەگەیاندو ئەوانیش دەمو دەست جێبەجێیان دەكرد.

سێ هەفتە بوو ژیان بەم رۆتینە قورسەوە دەگوزەرا، جگە لە هەندێك بەردی رەش و چەند پەیكەرێكی چكۆلانە زیاتر، هیچمان چنگ نەكەوت، ئەوەی بە دوواشیدا دەگەڕاین هیچ ئەسەرو شوێنەوارێكی نەبوو. سپێدە تا دەمەو نیوەڕۆ خەریكی كاردەبووین، لە نیوەڕۆشدا دەگەڕاینەوە شوێنی پشوودانی خۆمان و تا دواتر دەمەو عەسران پاش ئەوەی كرێكارە عەرەبەكان لە نوێژی بە كۆمەڵی خۆیان دەبوونەوە، سەر لە نوێ دەگەڕاینەوە سەرچاڵەكان.

شەوانە لە دەرەوە لم دەباری و هەندێكجاریش گەرداوی بیابان هەڵپەركێی بە چادرەكانمان دەكرد و نووزانەوەو لورەی درێژی گەلە گورگەكانیش تا بەرەبەیان نە دەبڕایەوە. شەوان من هەر زوو زوو دەخزامە نێوجێگاكەمەوە و دەنووستم، هەر چی چوار بیانییەكە بوو شەوانیش وازیان نەدەهێناو هەر سەرقاڵی خوێندنەوەو لێكۆڵینەوەی خۆیان بوون، تا درەنگانێك لە گفتوگۆو دەمەقاڵێدا دەبوون، سەیرە دوای ئەو هەموو

مەشەقەت و ماندووبوونەی رۆژ کەچی بە شەویش وازیان نەدەهێناو هەر خەریکی ئەم دیوو ئەودیوکردنی بەردوو رووبەرگە دۆزراوەکانی بەردەستیان دەبوون. مرۆڤ گەلێك بوون لە ناخیاندا رەگی لەبن نەهاتووی سەیر بەردەوام پەلوپۆیّ دەهاوی و پڕپڕ بوون لە کاروچالاکی، وەك ئەسپی رەسەن دەیانتوانی بیست وچوار سەعات کار بکەن، ئەوان چوار کەس بوون، سەرۆك و کەسی یەکەمی دەستەکە پیاوێکی بە تەمەنی سوورکەڵەی درێژبوو هێندە سەری بەسەر نەخشەو دەستنووس و کتێبەکاندا شۆڕ کردبۆوە بە ئاستەم چاوە کزەکانی دەیانبینی، بۆیە بەردەوام دوو چاویلکەی پێبوو، بەیەکیان دەیخوێندەوە و شتی نزیکی پێ تەماشادەکردو ئەوی دیشی زیاتر لەناو بیابانەکەدا لە کاتی گەڕان و پشکنیندا دەخستە سەرچاوەکانی. ناوی (نیکۆلاس)بوو، هاوڕێکانی بە پرۆفیسۆر بانگیان دەکردو رێزی زۆرو تایبەتیان لێدەنا، چونکە لە رووی تەمەنیشەوە گەلێك لەوانیتر گەورەتر بوو. هەرچی ئەوانیتر بوو هەر یەکەیان کاری تایبەتی خۆی هەبوو، یەکیان پسپۆرو شارەزای دۆزینەوەو هەڵکەندنی شوێنەواربوو، ئەوی تریشیان تایبەتمەندی لە خوێندنەوەی خەتە کۆنەکاندا هەبوو، بەتایبەتیش خەتی بزماری کە کاتی خۆی بابلییەکان بەکاریان دەهێناو پێیاندەنووسی. هەرچی کەسی سێهەمیشیانە کوڕێکی گەنجی بالاّ بەرزی بە شان و شەوکەت بوو هەمیشەو بە بەردەوامی یەك دوو دانە کامێرای وێنەگرتن و فۆتۆگرافی پێبوو، بەردەوام وێنە لەسەر وێنەی دەگرت. هەمیشە شەوان تا درەنگانێك هەر چواریان بەدیار رووناکی سەر مێزەکەوە دادەنیشتن و لەگەڵ نەرمە خواردنەوەدا سەرقاڵی گفتوگۆ و لێوردبوونەوەی



ئەو بەردو خشت و تەتکەو کەرەستانە دەبوون کە رۆژانە لە نێو چاڵەکاندا دەیاندۆزییەوە. هەندێك لەو شەوانە وروکاس قەیرێك بە دیاریانەوە دادەنیشتم و جارجارەش پرسیارو گفتوگۆی کورت و سەرپێی لە نێوانماندا رووی دەدا. شەوێك لە پرۆفیسۆرم پرسی.

- گەر ئەم ناوچەیە هەزاران ساڵ بەرلە ئێستا لانکەی گەورەترین و بەربلاّوترین شارستانییەتی جیهان بووبێت، ئەی بۆ لە ئێستادا وێرانترین و دواکەوتووترین شوێنی دنیایە...؟!

بە ئەسپاییەوە سەری هەڵبڕی و رووی تێکردم و بەر لەوەی وەجواب بێت چاویلکەکەی سەر چاوی لاداو وتی:

– شارستانییەت تەنها لەگەلێك یان توخمێکداو بۆ هەتا هەتای بەردەوام نابێت، مێژوو فێری ئەوەمان دەکات کە رەوتی شارستانییەت لە شێوەی بازنەیدایەو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگوێزرێتەوە.

لە دوای(میزوپۆتامیاوە) شارستانییەت دەپەڕێتەوە بۆ یۆنان دوواتر بۆ رۆماو جارێکی تر دەگەڕێتەوە بەغدادو پاشان ئەوروپا...هەمیشە ئاوها بووە.

پاشان بە بزەیەکی شیرینەوە درێژەی پێدا.

- کێ ناڵێت لە داهاتووشدا ناوچە شاخاوییەکانی ئێوە جێگەی شارستانییەتی ئەوروپی و ئەمەریکی ناگرێتەوە.

یەکی تریان بە لاقرتێوە هەڵیدایە.

- ئەمە ئەگەر رۆژی قیامەت بەم نزیکانە دەست پێنەکات...

به دوای ئەم قسەیەدا هەموویان لە قاقای پێکەنینیان داو دەستیان برد بۆ پێکەکانیان. منیش هەستام و خۆم خزاندە نێو پێخەفەکەمەوە.

***



## لێکچوونی حیکایەتەکان

ئەم شەو بێ خەوی هەراسانی کردووم و بەسەر جێگاکەمەوە لە گینگلّدام، هەرچەندە چاوانم توند دەنوقێنم بەو ئومێدەی خەو زەفەرم پێ ببات بەڵام بێ هوودەیە.

هەواو هەوەسی ژیانی نێو شارەکەی خۆم و لە ئامێزگرتن و ماچکردنی ژن و منداڵەکانم لێناگەڕێن لە سنووری بێزارییەوە بپەڕمەوە نێو دنیای بێ ئاگایی خەوەوە، هەستی بیرکردن و غەریبی وەك بزمار تێم دەچەقێت و خەیاڵ و مێشکم بە هەموو لایەکدا دەبات و پڕیکردووە لە ئازار، سەرم لە سەرینەکە دەچەقێنم و توند هەردووچاوم دەنوقێنم، کەچی سیمای پڕ بەرائەت و تریقەی پێکەنینی کچ و کوڕەکەم لە قوڵایی ناخمەوە لێمدەڕوانن‌و خەوم لێدەڕفێنن. بەناچاری دەکەومە سەر لای چەپ، وا هەستدەکەم دڵم خەریکە دەوەستێ و بە ناچاری هەڵدەگەڕێم و دەکەومەوە سەر لای راست، هیچ چارەیەك شك نابەم و بەردەوام بەسەر جێگاکەمەوە تەپاوتلمە.

دیار بوو مستەر (نیکۆلاس)بە حاڵی زانیبووم کە لەپڕ بانگیکردم.

- مستەر باكۆ، كە خەوت نايەت پێويست ناكات زۆر لە خۆت بكەی لەو جێگەيە وەرە دەرێ و هاوبەشی دانيشتنەكەمان بە.

بە سەری قورسی پڕ ژانەوە و بە ناچاری لە پێخەفەكەم هاتمە دەرێ و چووم لە تەنيشتيانەوە بەسەر كورسييەكەوە هەڵكوڕمام. سەر مێزەكەيان پڕ بوو لە ميوەو مەزەو شەرابی هەمەجۆر، هەرزوو يەكێكيان پێكێكی بۆ راگرتم و منيش زۆر لەسەرخۆ دەستم بردو لێم وەرگرت و خستمە بەردەمی خۆم. لەناكاو رووناكی فلاشی كامێرای دەستی وێنەگرەكە رايچەڵەكانم و باشتر بە ئاگاهاتمەوە، وێنەگرەكە بە پێكەنينەوە هاواريكرد.

- ببورە مستەر باكۆ، سەرو سيماتم هێندە بەلاوە سەيرو نامۆ بوو حەزمكرد وێنەيەكت بگرم. ئەو تورەيی و بێزارييەی لە سيمای تۆدا دەيبينم، زۆر دەگمەنە. لە ژيانمدا زۆر جێگەو ناوچە گەڕاوم، بەلام تا ئێستا سيمای غەمگين و تورەی وەك ئەمەی تۆم نەبينيوە.

منيش بەلا قرتێوە پێموت:

- لە سێ بەشی گەلگامش دوو بەشی خودا بوو، ژيانی منيش بكەيتە سێ بەشەوە دوو بەشی لە دۆزەخدايە.

- ئەمجارەيان پسپۆری شوێنەوارناسەكە هەڵيدايەوە.

- ژيان هەر هێندەی پياسەيەكی كورتە، مستەر باكۆ هەوڵدە بە ئارامی و هێمنی بيبەيتە سەر... هێندە قورس لێی مەڕوانە.

پاش ئەوەی يەك بين پێكەكەم هەڵدا بە شێوە دەربڕينێكی شاعيرانەوە پێموتن:



- ژيان پياسەيەكی كورتە؟! كەچی ئێوە لەوسەری دنياوە هاتوونەتە نێو ئەم دۆزەخەو خۆتان بە بەردی بێ نرخەوە سەرقاڵ دەكەن!

هەر بەدوای قسەكانمدا مستەر (نيكۆلاس)ئاوڕی لە دوای خۆی دايەوە و بەردێكی لەسەر مێزەكەی پشتەوە هەڵگرت و لەكاتێكدا بە حەماسەوە لێيڕاما وتی:

- مستەر باكۆ ئەم بەردانە ئاسايی نيين، پڕن لە ژيان و مێژوو، ئەمانە يادگاری بابلن، بێ ئەم بەردانە ناتوانين بەو شارستانييەتە مەزنە ئاشنابين.

مەی كاری تێكردبوو، وەك شايەك قسەی دەكرد بە بزەيەكی تێرو كاريگەر دەدوا.

- بەڕێز ئەم بەردانە پڕن لە حيكايەت و حيكمەت، پڕن لە ياسا...

پاشان هەستاو بەردەكەی نێو دەستی لە چاوم نزيككردەوە.

- بڕوانە... جوان بڕوانە مستەر باكۆ... شتێكی زۆری تێدا تۆماركراوە... دەيبينی؟ بەلايەنی كەمەوە ئەم نووسينانەی سەری پتر لە سێ هەزار ساڵ تەمەنيانە... چ لەزەتێكی مەزنە، ئەگەر ئەمڕۆ بتوانيت نووسراوێكی سێ هەزار ساڵی بەر لە ئێستا بخوێنيتەوە...

- ئێستە ئەم بەردە دەتوانێت چی بۆ من بكات؟! لە كاتێكدا من خەوم زڕاوە و دەمەوێت هێدی و ئارام بنووم و هيچی تر.

مستەر (نيكۆلاس) يەكسەر بە دوای قسەكەی مندا لە پڕمەی پێكەنينی داو بەرزتر لە جاران دەنگی لێهەڵبڕی.

– جوانە مستەر باکۆ... پێدەچێت مێژوو خۆی دووبارەکاتەوە ئەوکاتیش ئەگەر خانمە (ئەمیتا)، هەستی بێزاری و خەوزڕاندن و غوربەت بەرۆکی نەگرتایە. ئێستا ئێمەش لێرە نەدەبووین و تۆش لە ولاّتی خۆتدا و لەنێو خەوێکی قووڵ و خۆشدا بوویت.

من لە مەبەستی قسەکانی باش نەگەیشتم و تەنها سەرێکم بۆ لەقاند، بەلاّم دیاربوو ئەو لە بەدحالّی بوونی من ئاگاداربوو درێژەی پێدا.

- بەپێی ریوایەتە مێژووییەکان شا ئەمیتا خەلّکی ولاّتی میدیایە، کە ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە و پێدەچێت هەر لە نەتەوەکەی تۆش بووبێت. ئەو کات ئەویش هەروەك ئێستای تۆ لەنێو ئەم بیابانە گەرمەدا هەستی بە خەم و بێزاری کردووەو بیری هەر لای ولاّتی خۆی بووە. بۆیە شا نەبوخزنەسری مێردی بۆ دلّدانەوەو رەوینەوەی خەم و ئازارەکانی باخچە هەلّواسراوەکانی بۆ دروستکرد.کە لە رووی نەخشەو جوانییەوە هەر رێك لە چیا بەرز و دارستانە چڕو سەوزەکانی ولاّتی میدیا دەچوو، بەلاّم داوای لێبوردن دەکەم مستەر باکۆ... لە ئێستادا من هەر توانای ئەم خێمە هەلّواسراوەم هەیە.

بە دوای ئەم وتەیەدا هەر چواریان لە تریقەی پێکەنینیان داو... منیش بە هەمان خەمی پێشووەوە ئاوێتە بە هەندێك رق و شەرمی نوێوە پێموتن:

- هیچ شتێك لەم ژیانەدا، ناهێنێ مرۆڤ خۆی بۆ ماندوو کات. بەتایبەتیش ئەم بەردە رەشەی دەستی تۆ...

وێنەگرەکە بە گالّتە جاڕییەکەوە پێیوتم:



- باشە ئێستا کە تۆ هێندە رقت لەم بەردەیە، ئەگەر بتدەینێ چی لێ دەکەیت، پێتوانییە بەکەلّکی شتێك هەر دێت...؟!

کورد دەلّێت: گۆم تا قووڵ بێت مەلەی خۆشترە خۆ تازە خەوەکەم فت، ئیتر بۆ ئاگرەکە زیاترو باشتر خۆش نەبێت. بۆیە بەهەمان شێوازی گالّتەجاڕانەی خۆی وەلاّمم دایەوە.

- یەکێك لە بەردەکانی سێ کوچکەی چالێنانەکەم لەنگەو باش کترێکەی لەسەر ناوەستێ. بمدەنێ با بیبەم و بیخەمە جێگەکەی.

ئەوان هەروا سەیرو پێکەنیناوی تەماشایان دەکردم و منیش نەمویست و حەوسەلّەی لەوە زیاترم نەبوو.

دلّ شکست و بێزار هەستام و بەپرتاو لە خێمەکە چوومە دەرێ.

***

## شەوە سپییەکە

لە تاریکی خەست و قورسی بیابانەکە رامـام، خامۆشـی و چڕییەکی بێ مانا تەپاوتل زیاتر و باشـتر بـەرەو قـوڵایی غوربـەت و سـەرگەردانی خلۆریان کردمەوە. هەستم بەکزە بایەکی وشك دەکـرد کـە بـەر روومەتـە قوپاوەکانم دەکـەوت. بـە ئاسمانـەوە هـەزاران ئەسـتێرەی گـەش و کزۆڵـە دەبریـسکانەوە نـزمتریش و رێـك بـە دەوروبـەری گڵۆپـە کزەکـانی سـەر خێمەکانەوە هەزاران پەخشە و مێـشوولە لـە شـێوەی گـەردەلوولی بچووك بـچووکدا دەخولانـەوە و بەیەکـدا دەچـوون. سـەرم هـەڵبڕی و بـۆ خۆخلافاندن ویستم وەك سەردەمی

مـنداڵی ئەستێرەکان بژمێرم، یەك ... دوو... سێ... چوار... پێنج... پاش تاوێك سەرم دادەخەم و لەبەرخۆمەوە دەڵێم ئەستێرە لـە ژمـاردن نایـات، باشتر وایە یادەوەری مـنداڵی خۆشم نەشێوێنم. لـە دوور زۆر دوور جارجـارە



لورەی درێژی گورگێك سەدای دەخستە کپی بیابانەکـەوە، بـە دواشـیدا و نزیکتر دەنگی وەڕین وحەپە حەپی سەگەکان بەرزدەبۆنەوە.

بە نەرمە پیاسە و لەسـەرخۆ رووەو تاریکییەکـە ملـم نـا، ئـەم شـەو گەرچی زۆر گەرمە، بەڵام کپ وخامۆشە، بەڕادەیەك گوێم لە دەنگـی پـێم بوو کە بە لمە نەرمەکەدا رۆ دەچووە خوارێ. پـاش ماوەیـەك لـە رۆیـشتن، ئاوڕم لەدواوە دایەوە، بە ئاستەم روونـاکی خێمـەکانم دەبینـی، دانیـشتم و هەردوو دەستم کردە ئەڵقەیەك و لە ئەژنۆکانم گیرکرد کە بـە سـینگمەوەم نووساندبوون. بێ دەنگ و جووڵە تێڕامامە خودی خۆم و تاریکی و ژیان.

هەمیشە مرۆڤ لەنێو بۆشایی بێ سـنوور و تـاریکی بیابانـدا باشـترو روونتر هەست بە نامۆیی خۆی و پووچی ژیـان دەکـات. سـات دوای سـات مەراق زیاتر سەری تێدەکردم و پڕ بە دڵ دەمویـست ببمـە کۆترێـك و بـە دووباڵی پڕ شاباڵی درێژەوە لە شەقەی باڵ بدەم و بـەنێو تاریکییەکـەدا و بەرەو مەملەکەتی خۆم بفڕم. تا ئەو چیا بەرزانەی کڵاوی سپی سەریان لـە هەورەکان دەسوون، تا ئەو باخچە چڕو سەوزانەی جۆگەلە ئاوی سازگار بـە ژێریاندا تێدەپەڕێت. بفڕم و تـا هێلانـەی گـەرم و بەختـەوەری دوو کـۆترە باریکەکەی سەر تاقی هەیوانەکەمان نەنیشمەوەو لەوێـشەوە بخزێمـە نێـو ژووری نووستنی هەردوو مـنداڵ و ژنەکەمەوە و تێر تێر لە سیمای پەمەیی خەویان رامێنم و بە ماچ خۆم و ئەوانیش لە ژیان پـاراو بکەمـەوە، دواتـر بخزێمە پێخەفی ساردی ژنە تەنها کەمـەوە، وای خوایـە ئێمـە چ خـەون و خەیاڵی زۆرمان هەیە و تۆش چ گەورەو بێدەربەستی. چاوم کـە جگـە لـە رەشییەکی تۆخ هیچی تریان نەدەبینی، توند تونـد نووقـان، بـەو نیـازەی

زەینیشم کوێرایی دابێت و لە بیرکردنەوەو خەیاڵی شێتانە رزگارم بێ و بۆ ماوەیەك بەرەهایی لە ژیان دابڕێم و ببم بە تۆپەڵێك لم و هیچیترنا، بەڵام ئەو حاڵە زۆری نەخایەندو پنتێکی سپی سپی لە ناخەوە ختوکەی دام، پنتێك بوو وەك شیرو بەفر روون و رووت و جوان بوو، هێدی هێدی لەنێو سەرمدا گەورەو گەورەتر دەبووەوە، بوو بە پەپوولەیەك کەباڵەکانی سات دوای سات دەکشاو تاریکی رادەماڵی و منیشی لە رووناکییەکی پڕ تیشکی گەش وتیژدا قووتدا . بە پەلە چاوەکانم کردەوە، تیشك کوێری کردم و سەر لەنوێ و بە پەلە چاوەکانم داخستەوە. وام بە خەیاڵدا هات کە مردووم و لە نێو گۆڕە تاریکە کەمدام و ئەم رووناکییەش فریشتەی خوان‌و بۆ پرسیارو وەڵام هاتوونەتەلام. جاری دووەم کزو بە ئاستەم پێڵوەکانم لێکترازان و دەستێکیشم کردبووە بەربەستی نێوان خۆم و تیشکەکەو دەستەکەی تریشم لەناو لمەکەدا بوو، پاشەو پاش و بە خشکەیی دەکشامە دواوە.

کە چاوەم بە رووناکییەکە راهات، واقم وڕما، پەری زادەیەکی سپی پۆشی بەرزە باڵام کەوتە بەرچاو، کە لەناو تاریکییەکەدا وەك گەوهەرێك دەبریسکایەوە و تیشکی پەخش دەکردەوە. دەستوپل وگەردن و سیمای هێندە سپی بوو لەگەڵ ئاوریشمە سپی و تەنکەکەی بەری جیانەدەکرایەوە. پەری زادەکە بە ئاستەمیش نە دەبزواو بە نیگای چاوە رەشە پڕ سیحرو تەلیسمەکەیەوە قووڵ لێی دەڕوانیم. نە وەهمەو نە خەیاڵ، دەزانم نەنووستووم و ئەمە حەقیقەتە، بەڵام لە نیوە شەوێکی تاریکی ئەم بیابانە چۆڵە پڕ لە جڕوجانەوەردا، ئەوەی بیرم لێدەکردەوە ئەم شۆخە رووناکە بوو،



ئاخۆ لێرەدا چی دەکات، فریوی دەستی چ شەیتانێکە.! ئەمە ئەگەر بەخۆی شەیتان و جنۆکە نەبێت. من شڵەژاو و ترساو دەمڕوانییە سیمایی‌و جەستەم کەوتبووە لەرزین، ئەویش بە چاوەگەشەکانی لێی دەڕوانییم و خەندەی پڕ نازو خۆشەویستی لە سیمایدا شەپۆلی دەدا. بە هەنگاوی ورد لێم نزیکبووەوە، هاتە سەر سەرم و دەستی بۆ درێژکردم و بە دەنگێك ئارامترو لە زەتبەخشتر لە هەر مۆسیقایەك پێیووتم:

مەترسە. دەستتم بەرێ...

بە کوردییەکی هێندە رەوان و پاراو پێیوتم، لە خۆشیدا وەك پشکۆیەکی گەشم لێهات و هێور بوومەوە. گوومانم لەوە نەما کە ئەو دەستەی بۆم راگیراوە دەستی فریاد رەس و بەختەوەرییە. بە هەندێك شەرمەوە دەستم خستە نێودەستە سپی و نەرمەکانی، تەزوویەکی خۆش بە هەموو جەستەمدا شەپۆلی دا. کەوتینە بەرامبەر یەك و ماوەیەك لە چاوانی یەکترمان رووانی، پرچێکی خاوو رەشی قەترانی بەسەر هەردوو لاشانیدا هاتبووە خوارێ و تا کەمەری درێژ ببووە و لەگەڵ هەر جووڵەیەکدا بەسەر جەستەیەوە شەپۆلی دەدا، وەك سیحر مرۆڤی فرێو دەدا. لەژێر کراسە ئاوریشمینە سپییەکەشیداو بەسەر سینگییەوە دوو مەمکی قوت و پڕ بەرز ببوونەوە. جوانییەکی بێ وێنەی پڕ لە ژیان بوو، زیاتر لە پەری دەچوو وەك لە مرۆڤ. من واقوڕماو هەر لێی ورد دەبوومەوەو نەمدەتوانی هیچ قسەیەك بکەم. لە راستیدا نەمدەزانی چی بڵێم، وەلی ئەو بە بزەیەکی شیرینەوە دیسانەوە وتی:

- تۆ هەر لە خەڵکی وڵاتی من دەچیت، لێرە چی دەکەیت؟!

**دەستم بۆ رووناکی خێمەکان راکێشاو وتم:**

**- ئەوە رووناکی کەمپەکەمانەو ئێمە بۆ کارێك لێرەین، بەڵام ئەی تۆ بەم هەمموو جوانییەوە و لەم نیوە شەوەدا لێرە چی دەکەیت؟**

**- ئێرە رێگای منە. هەمیشە لێرەوە تێدەپەڕم و دەچمەوە بابل.**

**- ژنێکی تەنها و جوانی وەك تۆ لە کوێوە دێت و ئاگری چ خەم و ژانێك رێگەی بابلی پێگرتۆتە بەر.**

**هەر بەدوای پرسیارەکەمدا، هەستم بە خەمی نێو چاوەکانی کردو بە شێوە ئازارێکەوە لەسەرخۆ وتی:**

**- ئەمە چارەنووس و قەدەری ئەبەدی منە...**

**ویستی شتی تر بڵێت، بەڵام نەیتوانی و لێوە گۆشتنەکانی کەوتنە تەتەڵەو چەند دڵۆپە فرمێسکێکی گەش و روون بە روومەتە سپییەکانیدا خزانە خوارێ. سەری داخست و خۆی لێ لادام و تێپەڕی... نەمهێشت بڕوات، لە دوواوە توند مەچەکیم گرت و پێموت:**

**- بۆ کوێ مل دەنێیت... بیابان ئامانی نییەو پڕ لە جڕوجانەوەرە، ئەمشەو لای من بێمنەرەوە و سبەی بە خۆشم لە گەڵت دێم و یارمەتیت دەدەم.**

**- خەمی منت نەبێت، من خۆم بیابانم. لەوەتەی هەم ئەمە رێگەمە... بست بە بستی شارەزام . بەقوربان، تۆ ئاگاداری خۆت بەو باشتریش وایە بگەرێیتەوە کەمپەکەت...**



**دیسانەوە وەك نەیزەکێکی تیژو شپرزە دڕی بە تاریکییەکەداو بۆی دەرچوو، منیشی خستە دنیای ئەندێشەو پرسیارەوە. خودایە ئەم هەموو جوانییە چی بوو.؟!**

**نهێنی و چیرۆکی ئەم ژنە کە بەردەوام رووناکی لێدەرژیت و دڕ بە تاریکی دەدات. دەبێت چی بێت؟ ئاخۆ گیرۆدەی چ قەدەرێکە وا بەم شەوە رێگەی بابلی گرتۆتە بەر.**

**دەبێت بڕیاری بە پەلە بدەم، یان وەك ئەو وتی بگەرێمەوە نێو خێمەکەو درێژە بە نا ئارامی رۆحم بدەم، یان تا زووەو زیاتر لێم دوور نەکەوتۆتەوە دوای کەوم و حەقیقەتیم بۆ ئاشکرابێت. بڕیاری خۆم داو بە راکردن دوای کەوتم و بەر لەوەی بگەمە تەنیشتی، ئاوڕی لێدامەوەو بە نەرمە پێکەنینەوە پێیوتم:**

**- ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت ببیت هاوسەفەرم، بەڵام بە مەرجێك؟**

**بێ هیچ دوودڵییەك هاوارمکرد.**

**- رازیم.**

**- کەواتە دەستت بێنە با برۆین.**

**- ئەی مەرجەکەم پێ ناڵێی.**

**- ئێستا نا، گرنگ ئەوەیە تۆ بە مەرجەکەم رازیت، هەر کات پێویستی کردو ویستم پێتدەڵێم.**

**ئیدی هاوشانی یەکترو ورد ورد کەوتینە رێ، زوو تێگەیشتم لە سەفەرێکی ئەفسووناویدام و لەگەڵ ژنێکی ئەفسووناویداو بەرەو جێیەکی**

ئەفسووناویی و دابڕاو لە هەموو شتێك، بەڵام خۆزگە دەمزانی نهێنی و چیرۆکی ئەم ژنە چییەو کێیە؟! ئاخۆ چیرۆکە یان ئەفسانە یان کارەسات.؟

***



## کچی وڵاتی بەفر

من شاژنە (ئەمیتس)م، مەحکوومم بە سەفەری ئەبەدی نێو بیابان. قەدەری سەختی من خولانەوەیە لە بازنەی داخراوو بێ پایانی بیاباندا. سەفەرێك لەنێو چیاو خەرەندو کۆسارەکانی میدیاوە دەست پێدەکات و لە شوورا قایم و پتەوەکانی بابلدا کۆتایی پێدێت.

سەفەرێکە هەزاران ساڵە دەستی پێکردووەو پێدەچێت تا ئەبەدییەت درێژبێتەوە.

سەفەری نەگبەتترین ئافرەتی سەر گۆی زەوی بە درێژایی مێژوو. خۆ من بەربەرەکانی هیچ خوایەك و مردنم نەکردبوو، نە دەمویست و نە دەمتوانی یاسای ژیان تێکشکێنم و یاخیبم، هێندە نەبێت ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نەمابوو. بە ناچاری بوو کاتێك خۆم لە خەرەندەکەوە هەڵدێرا، مەگەر بە بەردەوامی و هەمیشە خەڵکی نامرن و خۆ ناکوژن! ئێدی بۆ خۆکوشتنی من دەبێتە مایەی توڕەبوون و غەزەبی خودا.؟!

سەرەتا کچی وڵاتی بەفرو چیا بووم، وڵاتی میدیاکان بە رەگەز دەچوومەوە سەر گەورە پاشاکان. باوکم (کیاکسار)ی کوڕی ئەمبراتۆر(فراورتیسە). لە ساڵی (٦٥٣)ی پ.ز، باپیرم بە دوای دامەزراندنی سوپایەکی گەورەو یەکخستنی سەرجەمی خێڵ و هێزە بچووکەکانی ناوچەکە و بە مەبەستی بەرگرتن بە هێرش و پەلاماری بەردەوامی ئاشوورێکان، هێرشێکی فراوانی کردە سەر شاری (نەینەوا)ی پایتەختیان، بەڵام (ئاسکاشێکان) خیانەتیان لە باپیرم کردوو لەگەڵ سوپای دوژمندا رێکەوتن، لە دواوە پەلاماری سوپای میدیایان داو سەرەنجام لە نێوان دوو سوپای بە هێزدا (فراورتیس) تێکشکاو بە خۆیشی لە شەڕەکەدا کوژرا. دوو ساڵ پاش ئەوەی باوکم جڵەوی فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتە دەست. من چاوم بە ژیان هەڵهێنا. یەکەم کەس بووم (زەردەشت)ی پێغەمبەر بانگی پیرۆزبوونی بە گوێمدا خوێند، کە ئەوکات لە سەرەتای بانگەشەکردنی ئاینی نوێی خۆیدا بوو. سبەینان بەر لە هەر شت، کە لەسەر سفرەی نان خواردن کۆدەبووینەوە، باوکم فێری کردبووین دەستمان بخەینە سەر سنگمان و بە دەنگی بەرز بڵێین:

- بیرکردنەوەی چاك، وتەی چاك، کرداری چاك.

باوکم یەکەم کەسێك بوو کە هۆزەکانی نیشتەجێی ئاسیایی کرد بە یەك و رێکیخستن و یاسا و بڕیاری جەنگی پێکهێنا. کە نیزە بە دەست و کەمان بە دەست و سوارە جیاجیا بن. سەرەتا سووپایەکی رێکوپێکی پێکهێنا، کە کرابوون بە چەند بەشێکی لەشکریانەوە ئەم دابەشکردنە



وەك سەردەمانی پێشوو بە پێی هۆزایەتی و عەشرتگەری نەبوو، بەڵکو بە پێی پێویستی سەربازی و لەشکری دەوڵەت دایمەزراندبوون.

تاوای لێهات لەشکری ماد لە رووی بەهێزی و رێکخستن و چەکەوە هیچی لە لەشکری ئاشوورێکان کەمتر نەبوو، بەڵکو گیانی خۆ بەختکردن و شەڕکردنیان لەوان زۆر زیاتر بوو، چونکە لەشکری وڵاتی من لە سەربازی ئازادیخوازی رەعییەتەکان پێکهاتبوو نەك کۆیلە. پاشان کیاکساری باوکم شاری(ئەکباتا)ی کردە پایتەختی هەمیشەیی و سەرەکی ئیمپراتۆرییەکەی.

کە تەمەنم گەیشتە بیست و هەشت بەهار، ناوبانگی جوانی و دەسترەنگینیم، بە تەواوی مەملەکەت و وڵاتانی دراوسێدا بڵاو ببووە. جوانترین کچی وڵاتی میدیا بووم. ئەو مافورو بەڕە پڕ نەقش و نیگارانەی لە ئاورێشم دروستم دەکردن، باوکم وەك دیارییەکی جوان و گران بەها دەیبەخشییە دۆست و پادشاکان. خەمی هەرە گەورەی باوکم تۆڵەسەندنەوە و لەناوبردنی دەوڵەتی شەرەنگێزی ئاشورییەکان بوو، کە پتر لە پێنج سەد ساڵ بوو بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە سەرمان و دەیانخستینە ژێر رەحمەتی دیوار کوت و ئاگری مەنجەنیق و سمی تیژی ئەسپەکانیان، پێنج سەدە دیواری کۆشك و شوراکانیان بە خوێن و ئارەقی رەعییەتەکانی ئێمە هەڵدەچنی و بەزم و سەمای شەوانی سەربازە دڵ رەقەکانیشیان هەر بە جەستەی نەرم و سپی ژن و کیژانی ئێمە بە رێدەکرد، تەواوی ئاسیایان خستبوە نێو ترس و جەنگەوە. ئیدی باوکم باش دەیزانی کە تەنها بە لە شکری میدیا سەرکەوتن وەچنگ نایەت. بۆیە پەنای بردە بەر دەوڵەتی

بابل كه ئەوكات ئەوانیش دوژمنی سەرسەختی ئاشورییەكان بوون و چاوەڕوانی ڕۆژێكی وابوون تا هێرش بەرن.

باوكم زیرەكانە ئەم هەلەی قۆستەوە و بۆ ئەم مەبەستە نێردراوی خۆی بە یەك دنیا دیاری گرانبەهاوە رەوانەی بابل كرد. زۆری نەبرد نێراوەكانی باوكم لەو سەرەوە بە دنیایەك دیاری گرانبەهاوە گەڕانەوە و باوكم و شا (نەبولانەسری) پادشای بابل رێكەوتن و پەیمانی پێكەوە هێرشكردنە سەر ئاشووریان ئیمزاكرد، بەو مەرجەی باوكم كچە جوان و تاقانەكەی خۆی بداتە كوڕی پادشای بابل.

باوكم لە نێوان من و سەركەوتنندا، من و تۆڵەسەندنەوەو رزگاركردنی تەواوی ئاسیا لەژێر چەكمەی ئاسنینی دووژمناندا. بێ هیچ دڵنییەك سەركەوتنی هەڵبژاردبوو. منی خستە كەژاوەیەكەوە لەگەڵ سەد گالیسكەی پڕ لە دیاریدا بەرەو بابل رەوانەی كردم. كچێكی وەك من دەیتوانی چی بكات، شورای هەرە قایم و پتەوی شارەكانیش خۆی لەبەر هێزو قینی پادشاكاندا بۆ رانەدەگیراو هەرەسی دەهێنا. منی ناسك و دڵتەڕ دەمتوانی چیبكەم، جگە لە گریان و فرمێسك ڕشتن. ئیدی لە یەك كاتدا من هەم بووكی بابل بووم و هەم غەمگینترین ئافرەتی بابل.

من بوومە هەوێنی سەركەوتنی باوكم و لە ساڵی (٦١٢)داو پاش سێ ساڵ لە شەڕ و گەمارۆی بەردەوام، نەینەوای پایتەختی هەرە گەورەی ئاشورییەكان كەوتە ژێر دەستی سوپای میدیاو بابل و داگیریان كرد. ئەوانیش هەر بە هەمان شێوەی ئاشورییەكان كەوتنە كوشت و بڕی ژن و منداڵ و شاریان وێران كردو هەرچییان بە دەستكەوت بە تاڵانی بردیان.



كاتێك نەبولانەسری پاشا كۆچی دوایی كرد، (نەبوخزنەسری)كوڕی ئەوو مێردی من جێگەی گرتەوە و منیش بوومە شاژنی یەكەمی وڵات، بەڵام شاژنە پادشایەكی هەمیشە دڵ تەنگ و خەمبار. ئاخر منی كچی وڵاتی بەفرو چیا نەمدەتوانی لە بیابانێكی وشك و گەرمی وەك بابلدا بە ئاسودەیی و بەختەوەری بژیم، هەمیشە دڵم لە وڵاتی خۆم بوو. خەونم بە بەفرو مەل و چڕە دارستان و چیا بەرزەكانەوە دەبینی. مێردەكەم لە نێوان هەموو ژن و كەنیزەكانیدا منی لە هەمووان زیاتر خۆشدەویست، ئامادەبوو هەموو شتێك لە پێناو بەختەوەركردنی مندا بكات، باش دەیزانی هەستی غەریبی و دوور وڵاتی هەراسانی كردووم. ئەوێك كە سەرشێت بوو بە ئاوەدانكردنەوەو هەڵچنینی شوراو كۆشك و بوورجی بەرز، لە پێناو دڵ راگرتنی مندا بڕیاری خۆیداو هەزاران كرێكارو كۆیلە و ئەندازیارانی بابلی خستە خزمەت دروستكردنی دنیایەكی هاوشێوەی دنیای وڵاتەكەم و سەرەنجام باخچە هەڵواسراوەكانی بۆ دروستكردم كە كتومت بەشێك بوو لە وڵاتەكەی خۆم. وەلی باخچە هەڵواسراوەكان نەك هەر خەمی منی نەڕەوانەوە و نەبووە نیشتمان، بەڵكو قووڵتر هەستی غوربەت و بێكەسی تێدا دروستكردم. راستە ئەو لە دیمەن و شێوەدا تەواو جوان و سەرنج راكێش بوو، هەر لە چیایەكی سەركەش و بڵندی وڵاتەكەم دەچوو، بەڵام بەشێكی راستەقینەی وڵاتەكەم نەبوو، نە ئاوو هەوای و نە درەخت و گوڵەكانی بۆن و بەرامەی میدیایان نە دەدا. بۆ من جگە لە باخچەیەكی ساختەی دروستكراو و فریوەدەر چیتر نە بوو، ئەو كاتانەی

پیاسەم تێدا دەکرد هەستم بە مرۆڤ بوونی خۆم نە دەکرد. وامدەزانی بۆ خۆشم بووکەڵەیەکی دروستکراوی دەستی کچۆڵەیەکم نەك شاژنی بابل.

لە بری شانازی کردنم بەو باخچە ساختەیەوە، زۆربەی هەرە زۆری کاتەکانی خۆم لە ژوورەکەمداو بە دیار تەنافی تەون چنینەکەی خۆمەوە دەبردە سەرو لە نێو نەخش و نیگاری بەڕەکاندا نەخشی بەدبەختییەکانی خۆم وێنە دەکردو تورەیی و نائارامی خۆم لە رەنگەکاندا بە تاڵ دەکردەوە. رۆژ دوای رۆژ پەشێو حاڵترو رەنگ زەردتر دەبووم. دووری وڵات و کەسوکار و هاوزمانانم سەراپای جەستەی کردبوومە شەختە. (نەبوخزنەسری) مێردم لە نێوان ئاوەدانکردنەوەو رازاندنەوەی زیاتری بابلداو شەڕو داگیرکردنی لە میسرو فەلەستیندا کەمتر دەپرژایە سەر من، بەڵام هەمیشە چوار دەورم بە یاساوڵ و حەکیم و فاڵچی و کەنیزەی هەمەجۆر تەنرا بوو.

رۆژێك پاش گەیشتنی نامەبەرێك لە وڵاتی باوکمەوە بە کۆشکی شاهانە، مێردەکەم هاتە ژوورەکەمەوەو پێیوتم:

- باوکت نەخۆشە و داوام لێ دەکات بۆ ماوەیەك و بەسەردان بتگەڕێنمەوە و دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت، دەشزانم چەندە غەریبی وڵاتەکەت دەکەی، خۆشم ئارەزووی سەفەرێکی وڵاتی میدیا دەکەم، خۆت ئامادەبکە و بەم نزیکانە بەرەو وڵاتی باوکت دەکەوینە رێ.

هەواڵی سەفەری گەڕانەوەم بەرەو مەملەکەتەکەم هێزو گڕو تینێکی لەڕادەبەدەری نوێی و خۆشی پێبەخشیم، بەڵام هێشتا لە سنوور نەپەڕیبووینەوە دەنگۆی کۆچکردنی باوکم بەرگوێ کەوت. تەواوی شارو



لادێکانی میدیا ئاڵای رەشیان هەڵکردبوو، خەڵکی هۆن هۆن دەگریان و قوڕیان بۆ مەرگی پادشاکەیان دەپێوا.

من لە هەمووان زیاتر گریام، گریانێك هەردوو چاوم بوونە دوو گۆمی سووری خوێن. ئاخر خەونی لە مێژینەی من بینینەوەی باوکم بوو. تاقە ئومێدو دەروازەی گەڕانەوەشم بۆ میدیا هەر باوکم بوو. پێموابوو ئەو رۆژە هەر دێت کە لە بەرامبەر مۆرکردنی پەیمانێکی نێوان خۆی و دەوڵەتی بابلدا، مەرجی گەڕانەوەی من داوا بکات، چونکە ئەو لە رێگەی کۆترە نامەبەرەکانەوە لە و تاقە داواکارییەی من دەمێك بوو ئاگاداربوو. باوکم مردوو هەموو خەون و هیوای گەڕانەوەی منیش مرد.

بەرێورەسمێکی شایستە بە شکۆو گەورەیی باوکم تەرمەکەیمان بردوو لە ئەشکەوتی (قزقاپان) ناشتمان.

من دەمویست بە هەچ رێگایەکدا بێت جارێکی تر نەگەڕێمەوە بابل، گەلێك لە مێردەکم پاڕامەوەو گریام تا دەستبەردارم بێت و ئازادم بکات. پێموت: چیتر من بە کەڵکی تۆ نایەم... لێمگەڕێ با لێرەدا بمێنمەوەو چاوەڕوانی ساتی مردنی خۆم بکەم. پێموت:

تۆ سەدان ژن و هەزاران کەنیزەکی لە من ناسك و جوانترت هەیە. ئیدی منی گرینۆك وخەماویت بۆ چییە... تکایە ئازادم بکە... تکایە

ئەو هەموو گریان و لاڵانەوەیەم هیچ سوودی نەبوو، ئەو نەڕە شێرێکی کەللە رەق بوو. نەگەڕانەوەی منی بە دۆڕان دەزانی... بە زۆرو بە زەبری هێزی ملهوڕی خۆی فرێی دامە نێو گالیسکەکەوە. هەتا هێزم تێدا بوو قیژاندم، خوای من (ئەهرومزاد) فریادڕەسم بە، هەموو شتێکم قبووڵە

تەنها گەڕانەوەی بابل نەبێت، دڵی من لە سەد لاوە پابەندە بەم ئاو و خاکەوە...

ئەو ڕۆژە من و دڕندەترین پیاوی سەر زەمین دەستەو یەخە بووینەوە، منی ناسك و لاواز، ئەوی بێبەزەیی و بەهێز، دوو جەمسەری دژ یەکبووین، نە ئەو دۆڕانی قبووڵ بوو نەمنیش گەڕانەوەم قبووڵ بوو.

ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە تاقە ڕێگەی دەربازبوون و سەرکەوتنم دەستبەردار بوونمە لە جەستەم. ئەو جەستە سپییەی ببووە مایەی بەڵاو چارە ڕەشیم. ئەوەتا دیسانەوە ببووە لەمپەڕی بەردەم فڕین و هەڵهاتنم. دوواجار بێ هیچ ترس وسڵمینەوەیەك دوا بڕیاری خۆم داو لە توولە ڕێیەکی باریکی نێو خەرەندێکی قووڵی بێ بنی هەزار بە هەزاردا. هەلێکم قۆستەوەو وەك کۆترە باریکەیەك خۆم راپسکاندو لە قەفەزی ئاڵتونینی راوچییەکەمەوە خۆم هەڵدێرا و لە شەقەی باڵمدا. لە دوا فڕینمدا پڕ بە سییەکانم هەوای نیشتمانم هەڵمژیی و ڕووانیمە سرووشت و دیمەنی پاش نەرمە باران. لووتکەی سپی چیاکانم بینی، بریسك و باسکی دڵۆپە شەونمی سەر گەڵای سەوزی درەختەکانم بینی. تاڤگەو چەمی بەخوڕی شیوەکانم بینی، لە شۆڕبوونەوەی تیژ ڕەومدا بۆ نێو خەرەندەکە، ئەو تاشەو تاوێرە تیژو سپیانەم بینی کە بە خوێنی سووری جەستەی من نەخشێنران... پارچە پارچە بوونی خۆمم بینی، لە بەرزبونەوەشمدا قافڵەی درێژی پادشام بینی... بینیم (نەبوخزنەسر) وەك گا دەبۆڕێنێت و سەری خۆی بە دارو بەردداا دەکێشێت. دەنگی شەرم و شکستی لەنێو چیاکاندا دەنگی دەدایەوە.



هەر بە دوای خۆکوشتنمدا. شا شێت و هار بوو شەو تا بەیان لەنێو کۆشکەکەیدا دەینەڕاندو ئازاری دەچەشت. لە بەرامبەر مەرگی مندا هەستی بە شەرمەزاری و دۆڕان دەکرد. کەف و کوڵی قین و تۆڵە سەندنەوە هەراسانی کردبوو... بۆیە چووە بەردەم پەیکەری خوا (مەردوك)ی هەرە خوا گەورە و دڵ ڕەقی بابل و لە بەردەمیدا بە چۆکدا هات و لێی پاڕایەوە.

- ئەی (مەردوك) ئەی یەزدان، خاوەنی ژیان و مرۆڤ. سەروەرترین خوای خواکانی بابل، تکایە فریام بکەوە... ئەوە منم شا (نەبوخزنەسری)کۆیلەی تۆ و قارەمانی سەر رووی زەمین، شەڕ نەما بۆتینەکەم. دوژمن نەما لەبەر پێتا سەری نەبڕم. بەم شمشێرەی دەستم خەرمانێکم لە کەللە سەری پادشاکان هەڵچنی، کەچی ئەوەتا لاوازترین بوونەوەرێك هێزو ئابڕووی بردم... شێت و نەخۆشی کردووم.

(مەردووك) ئەی خوای خواکانی بابل، ژنەکەم... ئەمیتا... بۆ ئەبەد لێم هەڵهات و خۆی کوشت، ئەی مەردووك ساڵانێکی زۆر لە خزمەتی ئەودا بووم وکۆشك و باخچەی سەیرو بوورجی بەرزم بۆ درووستکرد تەنها بە خاتری ئەو... لە هەموو ژنەکانی ترم خۆشتر دەویست، خۆی کوشت ئەی (مەردووکی) مەزن لە داخی مندا خۆی لە چیاکە هەڵدێراو منی پاڵەوانی هەردوو دنیای سەرشۆڕو دۆڕاو کرد... ئەی (مەردووکی) مەزن تۆڵە... تۆڵەم بۆ بکەرەوە، غەزەب و قینی خۆت داباریێنە. سزای ئەبەدی بەسەر خۆی و مەملەکەتەکەیدا بباریێنە... گێژەی چارەنووسی قورسی ئەبەدی بکەو مەهێڵە تا ئەبەد بحەوێنەوە. نەخۆی و نە وڵاتەکەی.

(مەردووك) لە سزادانمدا لە خودی بابل و بیابانەكانی دڵ رەقترو گەرمتر بوو. ئەبەدیەتی بەسەر رۆحی هەلا هەلای مندا سەپاند، لە بەرزەخەوە منی گەڕانەوە دۆزەخی بیابان.

ئەمێستاش من تارمایی ئافرەتێكی شۆخم. تارمایی خەونێكی كۆنی لەیادچوو، رۆحێكی شپرزەو بزر لەنێو چیا بەرزەكانی میدیاوە بە كۆڵی پڕ حەسرەت و شكستی خۆم و نیشتمانەوە ملی رێگەی سەفەری بەرەو بابل دەگرمە بەرو لەوێشەوە سەر لە نوێ دەگەرێمەوە خاڵی سەرەتا... تا لە بیست و یەكی ئازاری نوێداو بێ هیچ پشوو حەوانەوەیەك، جارێكی ترو سەر لە نوێ دەسپێدەكەمەوە.

چ قەدەرێكی سەختە. چ خوایەكی ستەمكارە مەردووك.

***



## پیاسە بە شاری ئەفسانەدا

مووودەتێكی زۆرو هاوشانی یەكتر، بە نێو تاریكی بیابانەكەدا رێگەمان بڕی. هێشتا بە تەواوەتی دڵنیا نەبووم لە حەقیقەتی ئافرەتەكەی هاوشانم و پێموابوو لە وڕینەو وەهم دام و جنۆكەو شەیتان دەستیان لێوەشاندووم و شێت و شەیدا كەوتوومەتە دەشت و دەرو جارێكی تر مەحاڵە ببمەوە مرۆڤێكی ئاسایی. لە ناخەوە دەیان و سەدان خەیاڵ و پرسیاری وروژێنەر بە مێشكمدا گوزەریان دەكرد. لە هیچ شتێك تەنانەت لە خودی خۆشم دڵنیا نەبووم ئاخر كێ هەیە بڕوا بە حەقیقەت و بوونی رۆحێك بكات كە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا مردبێت. مەگەر ئێمە لەم چۆڵەوانییەدا عەودالّی دۆزینەوەی ئێسك و پروسكی ئەو نیین. ئەو دەستە زانایەی كە ئێستە وا لەنێو خێمەكەدا لە پرخەی خەوی قووڵدان مەگەر هەزاران هەزار كیلۆمەتریان لە پێناو دۆزینەوەی گۆری بزری ئەم ئافرتە فریودەرەدا نەگرتۆتە بەر، كەوا ئێستە جوان و زیندوو پڕ لە ژیان و

رووناکی هاوشانی من هەنگاو هەڵدەهێنێت. خوایە فریامکەوە، هەرگیز بڕوا ناکەم ئەمەئەمیتا بێت. ئەو لە مێژە مردووە، زۆر دەمێکە.

لەم خەیاڵانەدا غەرق بووم کاتێك لەپڕ خۆمان لە بەردەم شورایەکی بەرزو پتەودا بینییەوە. کە هەتا چاو بڕی بکردایە بە ناو تاریکییەکەدا درێژ ببووە، وەك ڕەش مارێکی ئەستوور بە سەر بیابانەکەوە کشابوو. بەسەر شووراکەوە قوولەی پاسەوانەکان دەبینرا کە بە ئاگری مەشخەڵەکان ئەو دەوروبەرەیان رووناك کردبۆوە. ئێمە بە چەند هەنگاوێکی کورت و کەم خۆمان لە بەردەم دەرگایەکی گەورەو بەرزدا بینییەوە، کە چەند پاسەوانێك بە رمی درێژو قەڵغانی دەستیانەوە پاسەوانیان دەکرد. هەر بە بینینی ئێمە یەکێك لە پاسەوانەکان دەنگی لێهەڵبڕی و بە زمانێکی سەیر کە من هیچی لێ حاڵی نەبووم هاواری بەسەردا کردیین و هاوکاتیش تیری لە کەوان خست و بە ئاڕاستەی ئێمە رایکێشا. من لە ترساندا لە شوێنی خۆم وەستام و نەبزوام، هەرچی هاورێکم بوو بە دەم قسەکردنەوە کە هەمان زمانی پاسەوانەکە بوو، ورد ورد چووە پێشی، پاشان پاسەوانەکەم بینی بە روویەکی خۆشەوە روویکردە ئەودیوی شووراکەو دیسانەوە دەنگی لێهەڵبڕی، بەڵام ئەم جارەیان بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە هاواریکرد. ئیدی دەم و دەست دەرگاکە هارەی کردو کەوتە سەر پشت و رووناکییەکی زۆرو بەربڵاو بە دیارکەوت، کە سەرچاوەکەی مەشخەڵی دەستی ئەو پاسەوانانە بوو کە دەرگاکەیان لێکردینەوە.



ئەمیتا ئاورێکی لێدامەوەو بە ئاماژە تێیگەیاندم کە دوای کەوم و بە جووتە چووینە ناوەوەو ئاودیوی دەرگا زەبەلاحەکە بووین، هەر هەموو سەرباز وپاسەوانەکان بە شمشێرو رم و مەشخەڵی دەستیانەوە کەوتنە سەر چۆك و کڕنوشیان بۆ بردین. کەواتە راستە ئەمە شاژنە ئەمیتایەو ئەگەر منیش بە هەڵەدا چووبم، ئەم هەموو سەربازە چۆن بە هەڵەدا دەچن و لە خۆڕا کڕنووش نابەن. سەرباز چ سەرباز هەر هەموو کەڵەگەت و بازوو ئەستوور، پتەو و بەهێزو زل، هەر هەموو یەك جۆر جلوبەرگیان لەبەردا بوو، کراسێکی داوێن کورتی تا ئەژنۆ، لەناو قەدییشدا پشتوێنی ئەستوری چەرمیان بەستبوو، شمشێرو خەنجەرەکانیان لێ شەتەك دابوو، قژە سەریان درێژو ریشیان گرێ گرێ بوو. هەندێکیان خودە کڵاوی ئاسنینیان بەسەرەوە بوو هەندێکی تریشیان کڵاوەکانیان بە قەد پشتینەکەیانەوە شۆڕ کردبۆوە، چاوانیان زەق و تیژو بە بریسکە بوو.

دەم و دەست وەك ئەوەی فەرمانیان پێکرابێت گالیسکەیەکیان بۆ هێناین کە سێ ئەسپی سپی رایاندەکێشاو خێرا ئێمەیان سەرخست و بەڕێزەوە بەڕێیان کردین.

تیژ تیژ بەنێو راستە رێگاکەدا بۆی دەرچووین، نەسیمی نەرم و فێنکی نیوە شەو ختوکەی سەرو سیمامانی دەداو دڵ و دەماغی پڕ لە خەیاڵ و نەشئە دەکردین، ئەمبەرو ئەوبەری رێگاکە دارستانێکی چڕی سەر بڵندو بە هاشوهوش بوو. دار خورماو سدرەکان بەری ئاسمانی پڕ ئەستێرەکانیان گرتبوو لە بنیاندا سەری درك و داڵ لێکئالابوون و باقە باقە گیای سەوزی تۆخ و لاولاو و گوڵ لێکئالابوون. چڕییەکی نەفەس

بڕیان خولڤاندبوو، بە گشتی سەرپۆشی شەو دارستانی داپۆشیبوو، تەنها ئێمە بووین بە ڕێگاکەدا سێ ئەسپی سپی تیژڕەو بەرەو شاری بابل دەیانبردین.

نازانم چەند ڕێگامان بڕی کاتێك کەوتینە بەردەم شوورایەکی درێژو ئەستوری تر. لەوێش دیسانەوە کۆمەڵە پاسەوانێکی تر دەرگایان بۆ خستینە سەر پشت و بەرێزو نەوازشەوە بەرێیان کردین. لەودیوی شوراکەوەو لەبەر هەیوانی کۆشکێکی نوێ و بڵندا چەندین سەرباز بە شمشێرو تەورزینی کەمەریانەوە ڕاکشابوون و خەریکبوو دەچوونە خەو، بە دەستەکانمان سڵاومان لێکردن و خێرا دەڕپەڕین. سدرەکان چڕو بەشکۆ، گەوهەرەکان هەموو ڕەنگێ بە درەختەکانەوە ئاوێزان ببوون. لەژێر سێبەری باغی خودایان فەرشێکی زوومرروودی سەوز داپیۆشیون. وەك گیای دەریا خۆی دەنواند بەردە مۆرو گرانەکان لەوێ زۆر بوون وەك دڕك و داڵ. دانی میوەکان هەموو یاقووتی زەرد، لەنێو ئەو بەهەشتەدا بە تەنیشتی دەیان گێلگەی پان و فراوانی گەنم وکونجیدا تێپەڕین، بە تەنیشت ئەو هەموو کۆشك و تەلار و کاروان سەرایانەدا تێپەڕین کە لەنێو لقوپۆی درەختەکانەوە جار جارە دەردەکەوتن.

سێ ئەسپی سپی ئێمەیان هەر بردوو برد، تا دەروازەی شار. لەوێ هاتینە خوارێ و ئەسپەکانیش ملی ڕێگەی گەڕانەوەیان گرتە بەرو تیژتر بۆی دەرچوون و لەپڕ لە چاوانمان بزربوون.

بەردەمی دەروازەکە گۆڕەپانێکی بازنەی فراوان بوو کە بە دەوریدا نێڵە نێڵ ئاگری مەشخەڵەکان دەسووتان و هەموو شتێك بە ڕوونی دیار بوو.



دیواری بەرزو قایم سەراپای نەقش و نیگار بوو، بە وێنەی شێرو گای کێوی و ئەژدیهای ئەفسانەیی ڕازێنرابۆوە، پاسەوانانی بەسام و هەیبەت لە هەموو لاوەو بەسەر دیوارەکانەوە لە هاتوچۆدابوون و نووکی تیژو بە بریسکی ڕمە درێژەکانی دەستیان کردبووە ئاسمان.

بەر لەوەی دەرگای سەرەکی شارمان لێبکەنەوە. ئەمیتا سەرنجی بۆ پەیکەری بەردەم دەرگاکە ڕاکێشا، پەیکەری نەڕە شێرێکی تووڕەو زەبەلاح بوو، خۆی دابوو بەسەر ئافرەتێکداو دەم و لمۆزی لێبردبووە پێش و لەژێر دەست و پێیە ئەستورەکانیدا پلیشابۆوەو ترساو تۆقی و دەمی پڕ قیژە و هاواری دابچڕی بوو.

ئەمیتا هەردوو چاوی بڕیبۆ پەیکەرەکەو بە لەرەیەکی خنکاوەوە وتی:

- هەرچی ئەم پەیکەرە دەبینم، دڵم دادەخورپێت و گریان قورگم دەگرێت، واهەستدەکەم ئەم ئافرەتە داماوەی ژێر پەلو پۆی ئەستووری ئەم دڕندەیە منم و ئەم شێرە کەللە زلەش (نبوغزنەسری)مێردمە. لەڕاستیدا هەروایە ئەم پەیکەرە ڕێك حەقیقەتی تاڵی منە.

دەرگاکە بە ئاستەم ترازاو ئاودیوی ژوورەوە بووین. دیسانەوە پاسەوانەکان کەوتنە سەر چۆك و کڕنووشیان بۆ بردین، یەکەم شت سەرنجم چووە سەر ڕیزە پەیکەری ئەمبەرو ئەوبەری ڕاستە شەقامەکە، ڕیزە پەیکەری خواو پادشاکانی بابل بە ویقارەوە لێیان دەڕوانین و لە چاوانیاندا هێزێکی بەسام و ئەفسووناوی دەبینرا کە بە ڕەنگی سووری مەشخەڵەکان سواغ درابوون.

لە کاتێکدا من مەست بووم بەو تەماشاکردنە، ئەمیتا هاتە لامەوەو چپاندی بە گوێمدا:

- ئەمە سەرەکیترین دەروازەو شەقامی شارە، بە دەروازەی خوا عەشتار ناودەبرێت. بڕوانە ئەم پەیکەرە خوا گەلگامشی پاڵەوان و ئەنکیدۆی هاوڕێیەتی، ئەمەش سەری (خومبەبە)ی دڕندەیە کە بە دەستی گەلگامشەوەیە. ئەم ئافرەتە گەردن بەرزەش شاژنە (سەمیر ئەمیسە).

یەك یەك لە پەیکەرەکانم دەڕوانی و لە جوانی و شکۆیان تێر نەدەبووم. ئەمیتا پەلی گرتم وتی:

- وەرە هێندەمان کات بە دەستەوە نییە، تۆ جارێ چیت بینیوە.

لە شوورای شار تێپەڕین و هەنگاو بە هەنگاو کەوتینەرێ، هەتا چاو بڕیدەکرد شەقامەکە درێژ ببووە. هەزاران مەشخەڵ بە دوای یەکداو لە شێوەی ملوانکەیەکدا دەسووتان و رووناکیان پەخش دەکردەوە. کۆشك و باڵەخانەو پەرستگای پیرۆزو منارەی بە خشتی سوورەوەکراو بە حەوادا چووبون و بە شێوەیەکی هەندەسی رێکوپێك چووبوون بەیەکداو بەرز بەرز خۆیان دەنواند. بۆن بخوری پەرستگاو دەنگی نەیی و مۆسیقا مەستی کردبووم، لەنێو باخچەو حەوزو بەر هەیوانە بەرزەکان و بەلا تەنیشتی پێپیلکانە پان و پۆڕو لوول پێچ و بەرزەکانیشەوە بە سەدان پەیکەری شێرو پڵنگ و ئەسپ و گای کێوی قووت کرابوونەوە.

ئەوەی جێی سەرنجم بوو سەرووی سەرجەمی باڵەخانەو دیوار و ستارەی هەورە بانەکان لە شێوەی سێ گۆشەی تیژ تیژی یەك بە دوای یەکدا دروستکرابوو کە هەر لە ریزە دانی ماسی قرش دەچوون.

گەڕانی بست بە بستی شارێکی کۆن و بەناوبانگی وەك بابل لە زەتێکی تەڕو پاراوی هەبوو. چاوانم دەگێڕاو بە هەزارەها شێوەو شوێنی دڵ



رفێن و عەنتیکەم دەبینی، بەسەر سەربانی بڵندی پەرستگایەکەوە کۆمەڵە کیژێکی پرچ درێژی شۆخ و شەنگم بینی، بە ریتمێکی شێوە سەمایەکی سەیر لە خوا دەپارانەوەو شەو نوێژیان بۆ دەکرد. پیرەمێردێکی فاڵچییم بینی تاق و تەنیا لەسەر عەرد دانیشتبوو دەیڕوانییە چرە دووکەڵی نێو ئاگردانەکەی بەردەمی، سەر رووت قژ سپی، رێش درێژو پەرش و بڵاو. چاوی بەدووی رێبوارەکاندا دەگێڕاو دەیخوازی کەسێك بێتە بەردەمی و بەختی نێو لەپ و چارەنووسی نێوچاوانی بۆ بخوێنێتەوە. چەند بێچووە شێرێکی سەر گڤن بەسەر شەقامە چۆڵەکەوە یاریان دەکردو هەڵبەزو دابەزیان بوو، بورجی بەرزم بینی کە کڵاوی پڕ نووری سەری لە هەورەکان دەسوی. چەندین پۆلە سەربازو پاسەوانی سوارەم بینی کە سەراپا جلوبەرگیان لە چەرمی پڵنگ بوو کڵاوی سەریان شۆقی گای کێوی بوو، دەستیان لەسەر مشتۆی شمشێرە تیژەکانیان دانابوو شاریان دەپاراست و هەرکات پێویستی بکردایە لەژێر ئاڵای سووری دەستیان کە وێنەی سەرەگایەکی شۆقداری تێدا نەخشێنرا بو، ئامادە بوون خوێن بڕێژن و کوشت و بڕ ئەنجام بدەن.

بە رێگا بەرد رێژەکەدا رووەو قوڵایی هەڵکشاین کە دەچووەوە سەر ئەو رووبارەی شارەکەی دوو لەت دەکرد، بەلەمی ئەو ماسی گرانەم بینی کە تۆڕیان هەڵدابووە نێو رووبارەوە، پاپۆڕی گەورە گەورەم بینی لە رۆخی روبارەکە لەنگەریان گرتبوو باریان لێ دادەگرت یان بۆیان سەر دەخست. لە هەردوو رۆخی رووبارەکەدا چەندین ئاشەبا خۆ بە خۆ دەخولانەوە، سەدان جۆگەلە ئاوی هەڵبەستراوم بینی دەکشایە نێو کوچەو شەقامەکان.

تیشکی زیوینی هەزاران مەشخەڵ بەسەر پانتایی رووبارەکەوە دەبریسکایەوە. سێ پردی زەبەلاح بە درێژایی شار هەردوو بەری پێکەوە گرێ دابوو، بەو درنگانەیش هێشتا هەر هەندێك لە کاروانسەراو مەیخانەکانی رۆخ رووبارەکە جمەیان دەهات لە رێبوارو دەریاوانەکان. لەگەڵ ئەمیتادا ملی راستە شەقامێکی سەرەکیمان گرتەبەروو رووەو باشوری شار هەڵکشاین، لە گۆڕەپانێکدا بە سەدان پیاوو ژنی نیمچە رووتم بینی، کۆمەڵ کۆمەڵ هەڵتروشکابوون و زنجیر لە دەست و پێ، سەری شۆڕیان خزاندبووە نێو کۆشیان، چەند پاسەوانێك لاتەنیشتیان لێگرتبوون، لە بارەیانەوە پرسیارم لە ئەمیتا کرد لە وەڵامدا وتی:

- ئەوانە کۆیلەن و خاوەنەکانیان هێناویانن تا سبەی لەم گۆڕەپانەدا بیانفرۆشن، سبەی ئێرە جمەی دێت لە کڕیارو فرۆشیاری کۆیلە.

پاش ماوەیەك لە رۆیشتن خۆمان لە بەردەم بورجە گەورەو بەرزە بەناوبانگەکەی بابلدا بینییەوە، هێندە بەرز بوو بەئاستەم تروسکایی ئاگری سەر لووتکەکەی دەبینرا، نهۆم لەسەر نهۆم بە بەردی گەورەو پتەو هەڵچنرابوو، کە سەر زەمینێکی زۆرو فراوانی داگیرکردبوو. لە بەردەم بورجەکدا پەرستگایەك هەبوو پەیکەرێکی هەرە گەورەی خوا (جوبیتەر)ی لەبەردەمدا بوو، کە سەراپای ئاڵتون بوو. رێك بەرامبەر بە پەیکەرەکەش مێزێکی گەورەی لە ئاڵتون دانرا بوو، کە بەردەمەکەی شوێنی تایبەتی سەربڕینی قوربانێکان بوو، بۆنی خوێن و بخوری لێدەهات.

بە رووکاری بورجەکەوە هەزاران هەزار دەلاقە دەبینرا، بەتایبەتیش دەلاقە فراوانە شێوە بازنەیەکانی سەر زەمینەکەی کە مرۆڤ لە ئاستیاندا



هەر هێندەی مێروولەیەك دەبوو. بە سەری ئەوانیشەوە دەرگاو پەنجەرەی بچووکترو ئێدی بەم شێوەیە تا سەری سەرەوە کە حەوت یان هەشت نهۆم دەبوو، رێگایەکی فراوان بە بەردەمی نهۆمەکانداو شێوە لوول پێچ تا سەرەوە هەڵکشابوو کە مرۆڤ دەیتوانی بە خۆیی و گالیسکەی سێ ئەسپییەوە ئاسان و بێ هیچ کۆسپ و زەحمەتێك تا لووتکە سەرکەوێت.

بیناسازی بورجەکە بە بلیمەتییەکی سەرسوڕهێنەر دروستکرابوو. پێکەوە خۆمان کرد بە یەکێك لە دالآنە گەورەکانیدا، بە نێوان دەیان دینگەی ئەستووری پڕ نەقش و نیگاردا رێگەی خۆمان گرتە بەر. بە دالآنی بەرزی گوومەتداردا خولاینەوە، کە ئەمبەرو ئەوبەری قەیسەری و بازاڕو دوکان بوو.

بە دالآنە بەرد رێژە پتەو و قایمەکاندا هەر دەخولاینەوەو بەردەوامیش رووەو نهۆمەکانی تر سەردەکەوتین، کە بە شمدانەکان رووناك کرابوونەوە، هەرچی زانیاری پێویستبا ئەمیتا لە بارەی بورجەکەوە بۆی باس دەکردم و منیش هیلاك و ماندوو پلە بە پلە بە دوایدا سەردەکەوتم.

- لە پشتەوەی ئەم دەرگا داخراوانەوە، هەزاران هەزار جوولەکەی زیندانی دەژێت. ئەو جوولەکانەی بەم دوایانە لە لەشکرکێشی سەر میسرو فەڵەستیندا لەلایەن (نەبوخزنەسر)ەوە بە دیل گیران، وان لێرەدا...

لە دوا نهۆمی بورجەکەشداو لە یەکێك لە هۆڵە گەورەو رازاوەکانیدا و بەسەر سیسەمێکی ئاڵتونییەوە، ئافرەتێکی رووت رووت راکشابوو، سێوێکی سووری بە دەستەوە بوو لەسەرخۆ بە نازەوە گازی لە توێکڵەکەی دەگرت. ئافرەتێکی بەژن و باڵا زرافی سپی پێست بوو، لە چاوە

گەشەکانیدا ئاگری شەهوەت دەباری. بەر لەوەی من هیچ بلێم، لە بارەی ئەو ئافرەتەوە ئەمیتا کەوتە قسەکردن.

- ئەم هۆڵە گەورەو فراوانە پەرستگای پیرۆزی خوا (جۆبیتەرە) بەپێی وتەی خەڵك، هەموو شەوێك لە ئاسمانەوە دادەبەزێت و لەسەر ئەم سیسەمەدا لەگەڵ ئەم ژنەدا جووت دەبێت و پاشان دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لە ئاسمان.

دوا نهۆمان بڕی و چووینە نووکی بورجەکە، هەوای ساردی بەرەبەیانی بابل جەستەی تەزاندم و سەرما تا ئێسکەکانم ڕۆچوو، لە لاپاڵی شورای بورجەکەدا دوو ئەستێرە ناسی پیری سەرو ریش سپی لە لوولەیەکی شێوە تەلسکۆبدا دەیانڕوانییە قووڵایی ئاسمان و خێرا خێراش بەسەر تاتە قوڕێکەوە دەیانووسی. بێ ئەوەی ئێمە ببینە مایەی سەرنجیان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون.

لە لووتکەی بوورجە سەرسوڕهێنەرەکەوەو بەو بەرزاییەوە، کە ئەگەر دەستەکانمان بەرز کردایەتەوە هێندەی نە دەما مانگ بگرین سەرمان شۆڕکردەوە روانیمانە دیمەنی گشتی شار. رووباری فورات هێدی و هێمن دەجماو شەپۆلی دەدا، کۆشك و باڵەخانەکان هێندە وردو بچووك دیار بوون زیاتر لە ماڵە باجێنەی منداڵان دەچوون نەك راستەقینە. بە دەنگی هێمن و لەسەرخۆ بە ئەمیتام وت:

- دەزانی ئەمیتا لە ئێستای زەمەنی مندا، لە هەموو ئەم شارە گەورەو رازاوە، تەنها هەندێك کەلاوەو دیوارو شورای خوارو خێچ زیاتر هیچی تر نەماوەتەوە...؟!



- ئەمیتا زەمەن... زەمەن ئەو پیرێژنە سەر ئاسنینەیە کە هەمیشە دەستارەکەی دەستی بادەداو هەموو جوانییەکی تێدا دەهاڕێ و دەیکاتە خۆڵەمێش و بە بای دەدا...

- بەڵام ئەمیتا گیان پێم سەیرە لەم بورجە بەرزو پتەوەدا، لەئێستادا جگە لە چاڵی بنتەمەڵەکەی هیچ ئەسەرو پاشماوەیەکی لێنەماوەتەوە. ئەمیتای ئەزیز پێم بڵێ ئەم بورجە بە چی و چۆن وێران و خاپوور بوو، ئەی پاشماوەکەی کوا ئەمیتا پاشماوەکەی؟!

من هەر قسەم دەکردو دەمڕوانی، ئەمیتاش بێ دەنگ بێ دەنگ بە خەمی قووڵی نێو ناخییەوە. هەر دەیڕوانییە تروسکایی کزی ئاگری شارەکە و هیچی نەدەوت. بای تیژو ساردی ئەو بەرە بەیانییەش بەسەر کراسە تەنکە سپێکەیەوە نەرمە شەپۆلی دروستدەکرد، یاری بە پرچە رەشە درێژەکەی دەکرد...

- زەمەن نەفرەتت لێ بێت... خوایە ئەم نهێنییە جوانەت بۆ نەپاراست...

بە روانینی هێورو ورد لێم راماو بە نەرمییەوە وتی:

- خاپوور بوونی ئەم بورجە حیکایەتێکی دوورو درێژە، کاتمان نییە تا بۆت بگێڕمەوە... درەنگە زۆری نەماوە خۆر هەڵبێت... بابڕۆین.

- بۆ کوێ ئەمیتا خانم... بۆ کوێ؟!

هەر هێندەم زانی پەنجەی خستە سەر لێوی و وەك هەرزەیەکی چەتوون فیکەیەکی توندو بەهێزی لێدا کە بەسەر بوورجەکەوە دەنگیدایەوە.

بە بزەخەندەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە پێموت:

- ئەمیتا خانم ئەمە یانی چی؟!

لەپڕ باڵدارێکی زیت و زەبەلاح لە بەردەماندا نیشتەوە، هێندە گەورە بوو زۆری نەما هەوای باڵەکانی بە پشتا بمخات. ئەوی نیشتەوە نە باڵندە بوو نە ئەژدیها. گایەکی پتەوی پەل و پێ ئەستوور بوو، سەری مرۆڤ بوو ریشی گرێ گرێ تا سەر سینگی شۆڕ ببۆوە. لەژێر تەپڵە درێژەکەی سەریدا پرچێکی رەشی لوول پێچ هاتبووە خوارێ، دوو باڵی گەورەی پڕ شاباڵی تیژی پێوە بوو کە بە هەردوو لا تەنیشتیدا شۆڕ ببوونەوە تا سەر زەوی، چاوانی زەق و لووتی بەرانی بوو، بەڵام لە هەمووی سەیرتر لە بری چوار، پێنج پێی تەواوی ئەستوری هەبوو، من لە ترساندا خۆم هاوێشتە پشتی ئەمیتاوە، بەڵام ئەو خێراو سووک و ئاسان خۆی هاوێشتە سەر پشتی و هاواری لێکردم.

- دەستم بەرێ و خێرا سەرکەوە، زۆرمان کات بە دەستەوە نەماوە.

ناچارو ترساو خۆم هاوێشتە سەر پشتی گاباڵدارەکەو لە دواوە توند توند ناو قەدی ئەمیتام گرت و بە خۆمەوەم شەتەکدا، لە پڕ گای باڵدار بۆڕەیەکی بەهێزی بۆ کردو، چەند جارێک باڵە گەورەکانی بەیەکدا داو وردە وردە بەرزو بەرزتر بۆیەوەو کەوتە فڕین، لە بەرزایی بورجەکەوە تیژ بەرەو خوارەوە چەشنی هەڵۆیەك شۆڕ بووەو هاتە خوارێ، بەسەر کۆشك و بورجی بچووکی پەرستگاکاندا تیژ فڕاندینی و تا دواتر لەبەردەم کۆشکێکی گەورەو رازاوەی مەزندا نیشتەوەو ئێمەش بە ئەسپاییەوە خۆمان هەڵدایە خوارێ و سەر لەنوێش گا باڵدارەکە کەوتە فڕین و لەچاو بزربوو.



تەواوی رووکاری کۆشکەکە لە بەردی گرانبەهای مەڕمەڕو فەخفوری بوو، هەر بە چاو پیاخشانێکی خێراو سەر پێی دەیان دەرگاو دەلاقەو پەنجەرەی لە ئاڵتوون و زیوم بینی، بە دەیان یاساوڵ لە هەموو لایەکەوە چاودێری دەوروبەری کۆشکەکەیان دەکرد، سەراپای پایەو دینگەی ئەستووری کۆشکەکە بە زەخرەفەو نەقشی جوان و رەنگاو رەنگ رازێنرابووە. هەزاران مەشخەڵ لە هەموو لایەکەوە نێڵە نێڵ دەسووتان. حەوشەیەکی فراوانی پڕ لە گوڵ و گوڵزارو فوارەی بەرزی ئاو کەوتبووە بەردەم کۆشکەکەو رێك بە پشتیشێوە قەبارەیەکی سەرنجراکێشی بەرز بەدیدەکرا، کە کتومت لە شێوەی چیایەکدا دەینواند...

- ئەمە کۆشکەکەی منە، ئەو بەرزاییەی پشتیشی باخچە هەڵواسراوەکانە کە مێردەکەم بۆ منی دروستکردووە.

- ئەمیتا لە هەموو ژیانمدا باخچەو کۆشکی هێندە جوان و سەرنج راکێشم نەبینیوە... تۆ بەختەوەرترین شاژنی ئەم سەر زەمینەی ئەمیتا گیان... پێم سەیرە مرۆڤ لێرەدا بژی و ئەم هەموو جوانییەی هەبێت و هێشتا بەختەوەر نەبێت!

هیچی نەوت و سەری داخست، پاش قەدەرێك لەژێر لێوەوە وتی:

- بەر لەوەی هەموو شتێك کۆتایی پێبێت، وەرە با پێکەوە پیاسەیەکی نێو باخچە هەڵواسراوەکانیشم بکەین.

- بەرەو باخچەکە وەڕێکەوتین، سەرەتا چرە گوڵ و نێرگزە جارێکی بۆن خۆشمان هاتەپێش، رێگەیەکی باریك کە بە فەرشی ئەستوورو سەوزی گیا

داپۆشرابوو. ورد ورد بەرەو سەرەوە هەڵیکێشاین، جۆگەلە ئاوی روون و بەخوڕ سەرەو خوار دەچووە ژێر گوڵەکان.

درەختەکان چڕو بەرز خۆیان دەنواندو بە دەم شنە بایەکی فێنکەوە سەمایان دەکرد. لە هەندێک شوێنداو بەسەر تاوێرە بەردەکانەوە بۆڵە ترێی رەش و سپی بەلق و چڵەکانیانەوە شۆڕ ببوونەوە، میوەکان هەموو یاقووتی بوون، باوشە گیای چڕو دڕک و داڵی تووترک تێکالأبوون، خوڕە خوڕی جۆگەلە ئاوەکانی رۆخ رێگاکە مرۆڤیان مەست و حەیران دەکرد، جار جارەش بە بەرزایی قەد پاڵی باخچەکەوە تاڤگەی ئاوی سازگار بەسەر سەرماندا دەپژاو بە پریشکی ساردو زیوینی خۆی تەڕتەڕی دەکردین، هەتا بەرەو سەروتر هەڵکشاینایە درەختەکان چڕترو بەرزتر دەبوونەوە.

کاتێک گەیشتینە لووتکەی باخچەکە شەکەت و ماندوو بە جووتە خۆماندا بەسەر تەختە کورسیەکەداو هاوشانی یەکتر دانیشتین، سەرووی باخچەکە نیمچە پانتاییەکی بازنەیی بوو کە لە ناوەراستدا حەوزێکی گەورەی پڕ لە وردە ماسی رەنگاو رەنگ دەبینرا، ئەمیتا نێو لە پەسپێکانی خۆیدا بەیەکداو دەنگێک بە ئاستەم لەو فەزای نیمچە تاریکییەدا شەپۆلی داو لەپڕ کەنیزەکێکی خەندە شیرین وت وریا کە سینیەکی ئاڵتوونینی لەسەر لەپی دەستی هەڵگرتبوو هاتە پێشێ، دوو پێکی پڕ نایابترین شەرابی سووری خستبۆ سەرو بەڕێزەوە لە مێزەکەی بەردەماندا دایناو پاشەوپاش کشایەوە.

بە جووتە دەستمان بردوو هەریەکەمان بادەی خۆمان هەڵگرت، هاوکات لەگەڵ هەڵگرتنی بادەکەیدا خاتوو ئەمیتا هەستاو چووە لاپاڵی حەساری نزمی باخچەکە.



پێکەکەم هەڵدا، لە هەموو ژیانمدا تامی هێندە بەلەزەتم نەچووبووە سەر زمان. شەرابێک بوو لە ئاو سووکترو تام و بۆنی نەدەبڕایەوە، دەم و دەست نەشئەیەکی ئارامبەخشم تیاگەڕاو، سەر روومەتم گەرم گەرم داهاتن و دەمویست پڕ بەگەرووم گۆرانی بڵێم و هەڵپەڕم، وەلی رێزو شەرمم بۆ ئەمیتا کڕو بێدەنگی کردم.

هەستام و بەرەو لای کشام پشتی لەمن بوو رووەو تاریکی قووڵ و دووری بیابانەکە دەیڕوانی، بە دەنگێکی گڕو بەرز بانگم لێکرد:

- ئەمیتا خانم... بۆ وابێ دەنگ و ماتبووی؟

هیچ وەڵامی نەدامەوە، هەستمکرد گوێی لێم نەبوو، جارێکی ترو بەرزتر لە پێشو بانگم کردەوە، دیسانەوە بێئاگا لە من هیچ وەڵامی نەبوو، زیاتر لێی نزیکبوومەوە بینیم تەواوی جەستەی وەک شۆڕەبییەکانی نێو باخچەکە هەڵدەلەرزی، دەستم خستە سەر شانی و لەسەرخۆ چپاندم بە گوێیدا:

- خاتوو ئەمیتا... بۆ دەلەرزی؟... سەرماتە؟!

کە ئاوڕی لێدامەوەوسیمای هەڵبزڕکاو سەیریم پێش چاو کەوت، حەپەسام و هاوارمکرد...

- ئەمیتا گیان... چیتە بۆ وا شێواو و پەرێشانی؟!

رووومەتی سوور سوور هەڵگەڕابوون، چاوی تەڕو پڕ فرمێسک قسەی بۆ نەدەکراو لێوی تەتەڵەیان دەکرد، تارای سام و ترسێکی تۆقێنەر سیمای داپۆشی بوو. بە دەستی ئاماژەی بۆ قووڵایی تاریکییەکەی کردو بە زمانێکی شێواو و پچڕ پچڕەوە وتی...

- هاو... ڕێم... گوێ... بگرە...؟!

گوێم هەڵخست، گریانێکی بە سام و پڕ بەزەیی و ترسی ساوایەك لە قوڵایی تاریکییەکەوە شەپۆلی دەدا، وەك قیژە و گریانی نێو بیرێکی قووڵ دەنگی دەدایەوە، فیزاحێکی هێندە سامناك بوو چەشنی ئەمیتا منیش تەواوی جەستەم کەوتە هەڵلەرزین کە بەشێوەیەکی سەیر سەراپای گیانم مووچڕکی پیا دەهات. خرۆشام و تەزووی سەیری پڕ ترس داگیریکردم و لە شوێنی خۆمدا وشك بووم. قیژەکە لە گریانی ساوایەکی تازە لەدایك بوو دەچوو گریانێك نە ئارام دەبوویەوەو نەکۆتایی پێدەهات. لەنێو کەللە سەرمدا دەنگی دەدایەوە، فیزاحێك بوو دەیویست ئەو شەوە تەواوی شاری بابل و هەموو دنیاو تەنانەت هەموو گەردوونیش قووت بدات، وەك لافاوێکی ناوەخت دەیویست هەموو ژیان و بەهاو جوانییەك راپێچی مەرگو بێهودەیی و پووچی بکات. بێ ویست و ئیرادە لەبەردەم گریانی ئەو کۆرپەلە نادیارەدا سەرسام بووین.

چیتر ئەمیتا لەبەردەم هەیبەتی دەنگەکەدا خۆی بۆ ڕانەگیراو هەردوو چنگی لە قژە سەری گیرکردو بە هەموو هێزی خۆیەوە قیژاندی و دەستی بە گریانێکی بێ ئامان کرد، گریانی ئەمیتاو ساواکە ئاوێتە بوون و لەنێو سەرمدا دەنگی دەدایەوە. کە دەنگی کۆرپەلەکە کەمێك نیشتەوە، ئەمیتا بە دەم هەنسکی گریانەوە، کەوتە قسەکردن.

- ماوەیەکەو هەمووجار کە دەگەمە ئێرە، لە قوڵایی ئەو تاریکییەوە دەنگی گریانی ئەو ساوایە دێت و رامدەچەڵکێنێت... تا دوا سنوور پەرێشان و ناڕەحەتم دەکات... خەم و بێکەسی وغەریبی خۆمم



بەیاد دەهێنێتەوە... خۆزگە بۆم مەعلووم دەبوو... سەرچاوەی ئەو گریانە کێیەو بۆ بەردەووام بەو دەنگە بە سۆزو جەرگ بڕەوە هەر دەزریکێنێت... شەبەقێکی سپی وەك زیو کەوتە خۆرهەڵاتی شارەوە. ئەمیتا چاوە تەڕەکانی خۆی سڕی و رووی تێکردم.

- لە بیرتە پێم وتی بە یەك مەرج دەتوانی لەگەڵمدا بێیت و تۆش رازی بوویت؟

- دەزانم.

- ئێدی کاتی ئەوە هاتووە، مەرجەکەی خۆمت پێ بڵێم و تۆش جێبەجێی بکەیت...

پەنجە ناسك و سپییەکانی خستە سەر لێوی و دیسانەوە نەرمە فیکەیەکی لێداو دەم و دەست بەسەر دار سدرە بەرزەکانەوە گا باڵدارەکە دەرکەوتەوە. هات و لە بەردەمماندا سووك و سانا نیشتەوە، بە هەردوو لاشانیدا دوو باڵی زەبەلاحی پڕ شاباڵی درێژ شۆڕ ببوونەوە...

- هەر ئێستاو خێرا سەرکەوەو دەتگەڕێنێتەوە شوێنی خۆت، سەفەرەکەت لێرەدا کۆتایی پێدێت...

پێم خۆش نەبوو پەیمانەکەم بەرمە سەر و دەمویست پڕی پیا کەم و لەناو قەدەوە توند توند بیگوشم و تێروپڕ گەردنی بەرزو سپی و لووسی رامووسم.

بە قورگی پڕ گریان و پاڕانەوەوە پێموت:

- تکایە ئەمیتا گیان... دەمەوێت تا ئەبەد لەگەڵتدا بمێنمەوە بمکە بە هاوسەفەری خۆت... تکایە...

نەیهێشت هیچی تر بڵێم و پەنجەکانی خستە سەر لێوم و بە دەنگێکی هێدی و نەرم و نیانەوە وتی:

- ئازیزم... دەبێت هەر بگەڕێتەوە... مانەوەت لە ئێستە بە دوواوە لەگەڵ مندا مەحاڵە... تۆ سەر بە دنیای راستی و حەقیقەتی... بگەڕێرەوە ئێستە هاوڕێکانت چاوەروانتن... تۆ ناتوانی چیتر لەگەڵ مندا بمێنیتەوە... بەقوربان... من جگە لە وەهم و خەیاڵ هیچی تر نییم... ئەم شارو ئاوەدانییەی تۆ دەیبینی، جگە لە سەرابی شەوی بیابان چی تر نییە، سەرابێکە لەگەڵ یەکەم تاڵە تیشکەکانی خۆردا سەر لەبەر دەتوێتەوەو دەبێتەوە هەڵم... جگە لە کەلاوەو پاشماوە خاپوورەکان هیچی تری لێنامێنێتەوە... تکایە خێرا سەرکەوە تا خۆر بە تەواوەتی هەڵنەهاتووە... با ئەم گا باڵدارە بتگەیەنێتەوە شوێنی خۆت.

پێچەوانەی ویستی خۆم و بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە خۆم هەڵدایە سەر پشتی گاکەو ئەمیتا هەر دوو دەستمی خستە نێو دەستەکانی خۆیەوەو بە چاوەگەش و بەرائەتەکانییەوە تێی روانیم و لەسەرخۆ وتی:

- تکایە... مەگری... بڕوانە لە دەلاقەی رووناکی ئەو کۆشکەدا (نەبوخزنەسری) مێردم چاوەڕوانمە، هەر ئێستە دەبێت بچمە ژوورەکەی و وەك نەرە شێرەکەی بەر دەرگاکە خۆی بات بە سەرمداو قین و تۆڵەی لە مێژینەی خۆیم پێ دامرکێنێتەوە... تکایە... بە قوربان برۆ و چی تر بیر لە من مەکەرەوە. من لە خەیاڵی کاڵی ئەم شەوە ئەنگوستە چاوە زیاتر هیچی تر نییم.



راستی دەکرد لەنێو رووناکی زەردی دەلاقەکەدا سەرو کەللەی زلی پیاوێك دەبینرا. بەدەم گریانەوە پێموت:

- ئەمیتا گیان تکات لێ دەکەم با جارێکی تر بتبینمەوە، ئەمیتا گیان بەڵێنم بەرێ... بەڵێن...

لە پڕ ئەمیتا دەستێکی مالێ بە لارانی گاکەداو گای باڵداریش تیژ بۆی دەرپەڕی و منی لەگەڵ خۆیدا برد، هەر هێندم پێکرا بەو ئاسمانەوە هاوار بکەم.

- ئەمیتا بەڵێنم بەرێ... بتبینمەوە... بەڵێنم بەرێ ئەمیتا... بەڵێن...

لە بەرزایی باخچەکەوە تیژ شۆر بووینەوە خوارێ، بەسەر شاری رازاوەی بابلدا تێپەرین... بۆ دواجارو بە دوو چاوی لێڵەوەو بەو بەرزاییەوە بە تەواوی شارەکەدا روانیم، ماسی گرەکان تۆڕی ماسی خۆیان لە ئاوەکەدا رادەکێشایە دەرێ... پاپۆڕەکان بایەوانەکانیان هەڵدابوو جمۆجۆڵیان تێکەوتبوو، هەزاران کرێکاری کۆیلە لەسەر پشت بەردیان بەرەو نیمچە باڵەخانەیەکی گەورە دەگواستەوە کە هێشتا تەواو نەبوبوو، عارەبانەی پڕ سەوزەو میوە هاتم بینی کە بەرەو شار دەهاتن، مێگەلەکان بەرەو لەوەڕگاکان ملیان نابوو.

سەرەتای بێداربوونەوەی شارێك بوو لە خەوی قووڵ و کۆتایی هاتنی سەفەری ئەفسووناوی من. گا باڵدارەکە بەسەر باخ وبێستان و شورا قایم و خەندەقە پڕ لە ئاوەکاندا بردمی، بەسەر کێڵگەی فراوانی گەنم وکونجیدا فڕی... بەسەر کوخ و خانووی داتەپیوی ماڵە هەژارەکانی رۆخی شاردا...

بردمی... بردمی هەتا جێگەکەی خۆم نەنیشتەوە، ئەو جێگەیەی بۆ یەکەمجار ئەمیتام تێدا بینی، کە نیشتەوە خۆم هەڵدایە خوارێ و دەستم کردە ملی گاکەوە کە بە دوو چاوی رەش رەشەوە لێی دەڕوانیم، ویستم وەك دوا ئاماژەی دنیای خاتوو ئەمیتا ماچێکی نێو چاوانی بکەم...، بەڵام لەپڕداو زۆر خێرا گای زەبەلاح توایەوەو بوو بە هەڵم، لەگەڵ یەکەم تاڵە تیشکی خۆری بەرە بەیاندا، کۆتای پێهات و بزر بوو، دیسانەوە سەر لە نوێ کەوتمەوە نێو دنیای تاك و تەنهای خۆمەوە، بێزارو دڵ شکست و ماندوو بە چواردەوری خۆمدا روانیم، جگە لە کەمپە خامۆشەکەی خۆمان هیچی ترم بەدی نەکرد. لارە لار ملی رێگەم گرتە بەروو گەڕامەوە نێو خێمەکان، کرێکارە عەرەبەکان خەریکی نوێژی بەیانی بوون، یەکێکیان ئاگری ژێر کتری چاکەی خۆش دەکرد.

خۆم کرد بە خێمەکەدا، هاورێ بیانییەکانم قاتە تراکسوتەکانیان کردبووە بەرو دەیانویست بچنە دەرێ بۆ وەرزشکردن. مستەر نیکۆلاس هاتە تەنیشتمەوە و پێیوتم:

- مستەر باکۆ... ئەمشەو لە کوێ بوویت... دڵمان لە لات بوو، تکایە بمانبەخشە مەبەستمان ئازاردانت نەبوو...، بەڵام ... چاوەکانت بۆ وا سوور هەڵگەڕاون... دەڵێی ئەمشەو نەنووستووی .؟!

بە بێزارییەوە وەڵامم دایەوە...

- با لەگەڵ عەرەبەکاندا نووستبووم.

خۆم لێ لاداو بە پەلە خۆم دا بەسەر قەرەوێڵەکەمداو لێی نووستم...



## چی لە بارەی بورجەکەوە وتراوە

بەو نیازەی کەڕەتێکی تر ئەمیتاخان ببینمەوە، نیوە شەو سەر لەنوێ و بە ئەسپایی لە خێمەکە هاتمە دەرێ و چوومەوە نێو بیابان. لە بەدبەختی مندا، ئەو شەوە سامناك و پڕ تەپوتۆز و خۆل باران بوو، بە ئاستەم بەرپێی خۆم دەبینی. نازانم بۆ ئەم شەو بیابان هێندە تووڕەو هەراسانە، لم و تۆز لە هەموو لایەکەوە بە تەوژم دەهات و بیناییان لێڵ دەکردم. جگە لە دەنگی درێژو ترسناکی لوورەی باو گەرداوەکە کە بە بۆشایی بێ بنی بیابانەکەدا تیژ دەردەپەڕی هیچی ترم نەدەبینی.

خۆم گرمۆڵە کردبوو و هێواش و خوارو خێچ هەنگاوم دەنا، وێڵ و سەرگەردان هەر نەشمدەزانی بەرەو کوێ مل دەنێم، جارجارە بە هەموو هێزو تینی گەرووی خۆم هاواری ئەمیتام دەکرد، ئەمیتا... ئەمیتاگیان... تۆ لە کوێی... تکایە دەستم بەرێ ئەمیتا...

دەنگی من لە ئاست هاشە هاش و لوورەی سامناکی ئەو شەوە سەر شێتەی بیاباندا بەگوێ هیچ کەسێك رانەدەگەیشت نەك ئەمیتا... کەس...کەس گوێی لە من نەبوو. من هەر بانگم دەکردو قینی بیابانیش بەردەوام و زیاتر هەڵدەچوو، هەندێکجار دەکەوتمە نێو گەردەلوولەوەو وەك مزراح لەگەڵ خۆیدا دەیخوولانمەوە، تا ورو گێژ فرێی دەدامە دەرەوەو نوقمی نێو لمی دەکردم، بە ناچاری خۆم گرمۆڵە دەکردو بە هەردوو نێو لەپم سیمای خۆم دادەپۆشی، لەوە زیاتر هیچ چارێکی ترم نەبوو، شەڕی بیابان لەو شەوە تاریك و تۆفانەدا بە من نەدەکراو وەك پاڵەوانێکی دۆڕاو و نەشارەزا خۆم دایە دەستی قەدەرەوە، بەڵام دوژمنەکەم دەستبەردارم نەدەبوو، سات دوای سات، هەستم بەقورسی سەر لەشم دەکرد کە لە لمی هارو گەرمدا نوقم دەبووم. لەپڕ و توند زۆر توند هێزێکی زەبەلاح و تیژ وەك ملیارەها دەنکە لمی تر بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی تەڵخ و سووك و تیژ دەیخولانمەوە. هەرچەندە دەست و قاچم راوەشاندو خۆم راپسکاند هیچ سوودی نەبوو.

بۆ نەگبەتی دیسانەوە کەوتبوومەوە نێو چەقی گەردەلوولێکی ترەوە، گەردەلوولێکی وا کە پێدەچوو رۆحی تووڕەو بە قینی بیابان بێت، ئەو کۆنە رۆحەی مەگەر هەر خوا بزانێت بۆچی و لە کێ وڕکی گرتووەو بەم نیوە شەوە چی دەوێت. لەگەڵ گێژە لوولوکەدا منیش دەخولامەوەو بەردەوامیش بەرەو سەرەوە هەڵیدەکێشام و هەتا بەرزیش دەبوومەوە بازنەکە فراوانتر دەبووەوە.



دیمەنێکی سەیر بوو لەگەڵ ملیارەها گەردیلەدا دەفڕیم و دە سووڕامەوە. ببوومە دەنکە لمێك و هەستم بە مرۆڤ بوونی خۆم نەدەکرد، پێڵوکانم توندو قایم نابووە سەر یەك نەبادا پڕبن لە لم، هەر دوو پێم جووت کردن وەك نەورەسێك باڵەکانم واڵا کردوو فڕیم، هەستمکرد بەنێو قووڵایی گەردووندا دەفڕم، ئەما فڕینێکی سەیر، هەڵدەکشام و دادەکشام بەملاو ئەولادا دەهاتم و لەگەڵ ریتمی سەمای شێتانەی گەردەلوولەکەدا دەجووڵام، ئەو گەردەلوولەی نووکی تیژی خۆی لەسەر زەویدا دەگێراو باڵای کەوتبووە دامێنی ئەستێرەکانەوە، بە ئاوها حاڵێکەوەو لەنێو هاژەی بەرزی شەپۆلە سەرشێتەکانی گەردەلوولەوە... گوێم بە دەنگێك زرنگایەوە، دەنگێك بوو هەر لە زریکەی کۆرپەلەیەکی تازە لەدایك بوو دەچوو، کە لەهەمان زریکەی نێو قوڵایی تاریکی بیابانەکە دەچوو کە لەگەڵ ئەمیتادا بەسەر باخچە هەڵواسراوەکانەوە گوێمان لێبوو، زریکەیەك زۆر لە زریکەی گەردەلوولەکە ترسناکتر بوو، رۆحی هەلا هەلا دەکرد، هەستمکرد جگە لە من کەسان گەلێکی تریش وان لەنێو گەردەلوولەکەدان و هاوکات ئەوانیش وەك من گیرۆدەن و دەخولێنەوە، بڕیارمداو هەردوو چاوانی خۆم کردنەوە. زەق زەق لەنێو ئەو چڕە لم و تۆزەدا روانیم، بەهەموو لایەکدا سەرم گێڕا هیچم بەدی نەکرد، بەڵام دەنگ گەلێکی زۆرترم دەهاتە گوێ.

لەیەك کاتدا لەهەموو لایەکەوە دەنگی زریکەو گریان و فیزاحی ئادەمیم دەبیست. نوزانەوەو قریشکەو هاتوهاواری خەماوی و بە ئازار. لەهەر هەمووشیان بەسۆزتر دەنگی(خوداد عەلی)بوو کە(ئەلۆەند)ی دەلاواندەوە، من مرۆڤم نەبینی، بەڵام شتگەلی تری زۆرم بینی وەك من

بێئیراده دەخولانەوە، جامانەو هەوری و مشکی و کەشیدەم بینی، ستیان و کراس و کەواو سەڵتەو دەرپێی سەرخەرمانم بینی، لەژێر خۆمەوە تەنورێکی پڕ لە نانی سووتاوم بینی، بێشکەیەك بە دەسرازەی رەنگاورەنگەوە، دارگوێزو بەرووی پەلك و پرچ سەوزی زەبەلاحم بینی، کە گەردە لوولەکە لە رەگەوە هەڵیکێشابوون و هارەیان دەهات، جاجم و بەڕەو فەرشی نەخشین و کورتانی کەرم بینی، پەڕوو باڵی مریشك و سەدان جۆر باڵندەی تر کە پەرش وبلاو بە قولایی ئاسماندا دەخولانەوە، بە گەیشتنم بەسەرووی گەردەلوولەکە، کەوتبوومە نێو ئەستێرەکانەوە لە بازنەیەکی فراواندا کە رێك هێندەی بازنەی هەموو گۆی زەمین دەبوو، هەستابوومە سەر پێی و وەك ئەو مندالانەی یاری سکێچ دەکەن، بە لەنجەولار بەسەر دیواری ئەستورو تیژ رەوی گەردەلوولەکەوە تێدەپەریم، هەرکات ئەستێرەیەك دەکەوتە بەرامبەرم بە ئەندازەی پێویست خۆم دەنووشتانەوەو بەژێریدا تێدەپەریم، ئەگەر پێویستی بکردایە بە دەستەسڕەکەی دەستم رووی تۆزاوی ئەستێرەکانم دەسڕی و گەشترم دەکردنەوە، ئەو ساتەی بەدیوی ناوەوەشدا روانیمە قوولایی گەردەلوولەکە بینیم نووکی تیژی خۆی بەسەر زەمینی سەوزدا دەگێڕێ و هەر شتێك دێتە رێگەی وەك ئەژدیها هەڵیدەلووشی و فرێی دەداتە نێو هەناوی گەورەو فراوان و بێ بنی خۆیەوەو تا لەچاو تروکانێکدا تێکی بشکێنێت و هەپرون بە هەپرونی بکات. دەمبینی چۆن ئەو گوند وشارۆچکەو رێگاو کێڵگەو رانە مەڕو باخانە هەڵدەلووشێت و قووتیان دەدات، لەوەدابوو بگاتە سەر شارەکان، دەستێك راپیسکاندم و بەئاگای هێنامەوە...



- مستەر باکۆ... هەستە دەزانی لە کەیەوە نووستووی؟! ... چییتە نەخۆشی؟... دیسانەوە نەخۆشی؟!

سەرم بەرزکردەوەو چاوەکانم هەڵگلۆفت... بینیم پرۆفیسۆر لاونیو بەسەر قەرەوێڵەکەمەوە رۆنیشتووە.

- ببوورە کە خەبەرم کردیتەوە... وامزانی مردووی... دەزانی کاتژمێر چەندە؟!

ئاوڕێکم لە کاتژمێرەکەی سەر مێزە چکۆلانەکەی تەنیشتم دایەوە.

- چوارو چارەك... ئای خوایە... مەگەر ئەمرۆ نەچوونەتە سەرکار واخەبەرتان نەکردوومەتەوە؟!

- با چووین...، بەلام تۆ سەر لەبەیانی زۆر پەرێشان دیاربووی هەر کە خۆتدا بەسەر جێگاکەدا خەوت لێکەوت... بە هاوڕێیانم وت لێی گەڕێن با بنوێت.

دەستێکی مالی بەنێو شانمداو دیسانەوە وتی:

- تەواو شێواوی... دەی هەستە بچۆ ئاوێك بکە بە خۆتداو خواردنێك بخۆ؟

هەستاو ویستی بڕوا، لە دواوە دەستم گرت و لێم پرسی:

- بەرێز دەکرێت پێم بڵێیت لە مێژوودا، چی لە بارەی هۆکاری خاپوور بوونی بورجی بابلەوە نووسراوە؟

لە کاتێکدا پشتی لە من بوو بە گومانەوە ئاوڕی لێدامەوەو بە بزەیەکی گاڵتەئامێزەوە وتی:

- پێدەچێت خەوت بە بابلەوە بینیبێت... تۆ کە هیچت بەلاوە گرنگ نییە، ئەم پرسیارە سەیرە بۆ دەکەی؟!

- هەروا حەز دەکەم لەم بارەیەوە شتێك بزانم...

بەرەو سەلاجەکە رۆیشت و قووتویەك بیرەی دەرهێناو گەڕایەوەو لە تەنیشتم دانیشتەوە... لەگەڵ هەڵپچڕانی قووتوی بیرەکەدا کەوتە قسەکردن...

- یەکەمین باسکردنێك لە بارەی بورجی بابلەوە لە تەوراتدا هاتووە، جووەکان هەمیشە واڕاهاتبوون کە هەموو رووداو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی ببەستنەوە بە خواوەو هەر لەو رێگەشەوە هەوڵی شیکردنەوەیان داوە.

مژێکی قووڵی لە بیرەکەداو دیسانەوە تێهەڵچووەوە.

- تەورات پێیوایە لەو سەردەمەدا هەموو سەرزەمین یەك زمانیان هەبووە، کاتێك بەرەو خۆرهەلات کۆچیان کردووە پارچە زەوییەکیان دۆزیوەتەوەو تێدا نیشتەجێ بوون. پاشان هەندێکیان بەوانی تریان وتووە وەرن بۆ خۆمان شارێك دروست بکەین لەگەڵ بورجێکدا کە سەری لە ئاسماندا بێت، ناوێك بۆ خۆمان دروست بکەین نەکا بەسەر هەموو زەویدا پەرش و بڵاوببینەوە. کاتێك خوا لە ئاسمانەوە دابەزی تا شارەکەو ئەو بورجە ببینێت کە ئادەمیزادەکان دروستیانکردووە وتی: ئەمانە یەك گەلن و یەك زمانی هاوبەش پێکیانەوە گرێدەدات، ئەگەر ئەمە سەرەتای کارەکانیان بێت، ئەوا هەر شتێکیان بوێت ئەنجامی دەدەن.



با دابەزین و لاڵ و پەرتەوازەیان بکەین، تا هەندێکیان زمانی هەندێکی تریان نەبیستن.

ئیتر لەوجێگایەوە خوا بەسەر هەموو زەمیندا پەرش و بڵاوەی پێکردن و بورجەکەی خاپوور کردو ئەوانیش دەستبەرداری دروستکردنی شارەکە بوون، هەر بەپێی تەورات بۆیە شارەکە ناونراوە بابل، چونکە لەوێوە بەلبەلە کرایە زمانی هەموو زەوییەوەو لاڵی کردن، تا لە یەك تێنەگەن بە ئاسانی، هەر لەوێشەوە بە هەموو جیهاندا بڵاوەیان پێکرا.

- جا مستەر بەڕای تۆ ئەم چیرۆکە تا چەند راستە؟!

- قسە لە راستی و ناڕاستیدا نییە، گرنگ مەغزای چیرۆکەکەیە کە دەیەوێت بڵێت: پێویستە مرۆڤ لە سنووری خۆی تێپەڕ نەکات، ئەگەر نا غرورو لە خۆبای بوون بەرەو بەربەرەکانی و تەحەداکردنی خوا دەیبات، بە درێژایی چاخەکان دەبینی ئەم چیرۆکە، چیرۆکی ئەو مرۆڤەی تەحەدای خوای دروستکەری هەموو شت دەکات، دووبارەو سێ بارە دەگەڕێتەوە، بەلام هەر چاخ و سەردەمێك بەپێی مەبەست و مەرامی خۆی مانا و ناوەڕۆکی پێدەبەخشێت. بۆ نموونە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەغزای باوی ئەم چیرۆکە ئەوە بوو کە کبرییاو لە خۆباییبوون دەکەوێتە پێش رووخان و کەوتنەوە، چونکە ئەو سەردەمە هەموو پرسیارو گەڕان و داهێنانێك بەجۆرێك لە یاخیبوون و سەرپێچیکردنی ئیرادەی خوا لەقەڵەم دراوە. کەچی لە چاخی رێنسانسدا کە چاخێکی پڕ جووڵەو داهێنان و بڕوا بە خۆبوونە، ئەم چیرۆکە دەبێتە رەمزی سەرووەریکردنی پاڵەوانێتی و خەون و خولیای مرۆڤایەتی.

**پرسیم:**

- **ئەی لە ئێستادا...؟**

**دیسانەوە قومێکی لە بیرەکەی دەستی داو بە هێمنیەوە وەڵامی دامەوە:**

- **لە ئێستادا کە بە چاخی چوونە ئاسمان و کەرتکردنی گەردیلەو تەکنەلۆژیا ناسراوە، دەکرێت ئەم چیرۆکە گوزارشتکردنێك بێت بۆ گومان و شتێکی نوێ لەو هەموو دەستکەوت و سەرەنجامە زانستیانەی کە تا ئێستا پێی نەگەیشتووین.**

**بێ ئەوەی هیچی تر بڵێت هەستاو بیرەیەکی تری لە سەلاجەکە دەرکردو لە خێمەکە ئاودیوبوو... بە لەشی داهێزراوەوە هەستام و یەکەم شت خۆم پەلکێشی بەردەم ئاوێنەکە کردو تێرامامە سیمای شێواو ماندووی خۆم، سەیرە وێنەی ئێستای ناو ئاوێنەکەی بەردەمم هەرگیز لە وێنەی پێشووی خۆم ناچێت، پێشتر دوو چاوی گەش و پێستێکی سپی، کەچی لە ئاوێنەکەدا دوو چاوی سووری پڕ لە خوێن و سیمایەکی رەش و تەڵخ دەبینم، لێوی پڕ قڵش و سەرو قژێکی گڤ و تێکئاڵۆسکاو چڵکن دەبینم، بۆ یەکەم کەرەت لە چەناگەمدا تاڵە مووی سپیم بەدی کرد.**

**زۆر نەمتوانی لە وێنە شێوواو قێزەونەکەی خۆم رامێنم و بە ترس و بێزارییەوە بەردەم ئاوێنەکەم جێهێشت و خۆمکرد بە حەمامەکەدا کە کەوتبووە ئەوپەڕی خێمەکەوە.**



## سەرەتای نهێنییەکی سامناک

**لە ئێوارەی چوارەم رۆژی پاش سێ هەفتە لە گەڕان و پشکنین، لەکاتێکدا هەموو پەرش و بڵاو سەرقاڵی کارکردن بووین. لەپڕ یەکێك لە کرێکارە عەرەبەکان دەستی بەهات و هاوارو بانگکردنمان کرد، وەك مریشکی سەربڕاو هەڵدەبەزییەوە و ئاماژەی بە چاڵەکەی بەردەمی خۆی دەکرد، بەپرتاو بەرەو لای غارمان داو لە چاوتروکانێکدا خۆی و چاڵەکەیمان گەمارۆداو ئەویش لەنێو چاڵەکەوە خێراو پەشۆکاو پەنجەی بۆ نێو چاڵەکە راوەشاندو پڕ بەگەرووی هاواریدەکرد.**

- **بڕوانن... دۆزیمەوە... ئەوە کەللە سەرەکەیەتی...**

**راستی دەکرد... کەللە سەرێکی سپی دەم داچەقاو رووەو قوڵایی ئاسمان دەیڕوانی... یەکەم کەس پرۆفیسۆر هێدی و لەسەرخۆ خۆی هاویشتە نێو چاڵەکەوەو قەیرێك لە کەللە سەرەکە راماو پاشان ئاوڕی لەمن دایەوەو پێیوتم:**

- بەم کرێکارانە بڵێ با بڵاوەی لێ بکەن و بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان. دواتریش رووی لە وێنەگرەکە کردو پێیوت:

- خێرا جانتای ژێر چەترەکەم بۆ بێنە.

ئەویش بەپرتاو جانتاکەی هێناو گەڕایەوە، تەنها من و بیانییەکان بەدیار چاڵەکەوە مابووینەوەو ئەوانی تر بڵاوەیان لێ کردبوو، پرۆفیسۆرو یاریدەرەکانی لەنێو جانتاکەدا چەند فڵچەیەك و چەمچەو چەقۆی نوك تیژیان دەرهێناو بەئەسپایی و هێدی هێدی کەوتنە لابردن و هەڵدانەوەی لمی دەوروبەری کەللە سەرەکەو بەردەوامیش وێنەگرەکە وێنەی دەگرتن پاش ئەوەی نەرم و لەسەرخۆ لمی دەوروبەری ئێسکە پەیکەرەکەیان لابردو پاکییان کردەوە، دیمەنی ئێسکە پەیکەری مرۆڤێکی کامڵ کە درێژییەکەی مەتروحەفتا سانتیمەترێك بوو بەدیار کەوت. مرۆڤێك کە لە یەکەم ساتەوە دەکرا پەی بەڕەگەزەکەی ببرێت چونکە بەسەر قەفەزی سینگێوە کۆرپەلەیەکی بەئێسك بوو دەبینرا، کراسێکی شین باوی رزیوی لە بەردابوو کە تا خوارووی قاچەکانی کشابوو، کەللە سەری چکۆلانەی کۆرپەلەکەش بەدەما چەقیبوە نێو پەراسووی ئافرەتەکەوە، هەر دوو دەستی بەئێسك بووی ژنەش کەوتبووە سەر بڕبڕە پشتی کۆرپەلەکە، لەیەك کاتدا هەم دیمەنێکی سامناك و تۆقێنەر بوو هەم دۆزینەوەیەك بوو، کە دەکرا ببێتە مایەی خۆشحاڵی و سەرکەوتن، بە تایبەتی بۆ پرۆفیسۆرو هاوەڵەکانی... کە هەموو مەبەستیان دۆزینەوەی گۆڕی ئەمیتا بوو.

وەك ئەوەی گرنگترین شتی ئەم سەر زەمینەیان دۆزیبێتەوە بەردەوام بە دەورو خولی ئێسکە پەیکەرەکەدا دەخولانەوەو بەرزو سەر مەستانە دەدوان



و خۆشحاڵ بوو بوون، زۆری نەمابوو خۆر ئاوابێت، کە وەك پرتەقاڵێکی گەش و پڕ رەنگ دوا نیگای بریبوە بیابانەکە، ئێمەش بە لەش و لاری ماندوو و تۆزاوییەوە بە دەم دوا نیگاوە ئێسکە پەیکەرەکەمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە نێوخێمەکانمان. ئەو شەوە خۆشترین شەوی هاوڕێ بیانییەکانم بوو، پڕ بوون لە نەشئەی سەرکەوتن بەخەیاڵی خۆیان ئەوی سەر لە ئێوارە دۆزیویانەتەوە، ئێسکە پەیکەری ئەو ئافرەتە مێژوویە کە ئەمان بە دوایدا دەگەڕێن، بەڵام من لەلای خۆمەوە یەکەمجار بوو گاڵتەم بە خۆیان و ئەقڵیان بێت، چونکە تەواو دڵنیابووم کە نەك ئەو ئێسکە پەیکەرە هی ئەمیتا نییە، بەڵکو هەتا ماون گۆڕو ئێسك و پروسکی ئەمیتا نادۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو بیابانی بابلیش ژێرەو ژوور بکەن، ئاخر ئەوان وەك من نەیاندەزانی و بێئاگابوون لەوەی ئەمیتا رۆحێکی پەتییەو هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا جەستەی لەخۆی داماڵیوەو وەك خەیاڵی بەربەیان بە هەوادا دەفڕێ و لە هیچ جێگەیەکدا ناسرەوێت، وەك مەسیح لە ئاسماندایە نەك لە گۆڕدا.

لە کاتێکدا ئەوان شپرزەو سەرمەست دەدوان و پێکی شادومانی و سەرکەوتنیان لە چاوی خانمی یەکەمی بابلەوە هەڵدەداو قریوەو قاقای پێکەنینیان خێمەکەی دەلەران... من بە ئەسپاییەوە چوومە دەرێ و دیسانەوە بەرەو تاریکی بیابانەکە ملم نا... ئەوان بەخەیاڵی خۆیان لاشەی ئەمیتایان دۆزیوەتەوەو ئاهەنگی سەرکەوتنی خۆیان دەگێڕن... منیش عەودالی دۆزینەوەی رۆحییم و گەرەکمە لەم بۆشاییە فراوان و تاریکەدا جارێکی تر بیبینمەوە. پاش قەیرێك لە هەنگاونان بەسەر لمی وشکدا.

دانیشتم و ئەژنۆکانم لە باوەش گرت... خۆم ئاوێتەی کپی و تاریکی قووڵ و خەستی سەحراکە کرد... لە نێوان کپی و خامۆشی دەروونی خۆم و بیابانەکەدا... سەرچاوەیەکی نادیارو پەنهان، بە زمانێکی سەیرو بێ دەنگ، وەك رژانی لەسەر خۆی لمی نێو کاتژمێرێکی سەدەکانی ناوەڕاست دەرژایە رۆحمەوە، زمانێکی گەردوونی بوو لە دەرەوەی وشەو رستەو فۆنتێکەوە، راستەوخۆ بەر رۆحی هەلا هەلام دەکەوت، بێ ئەوەی بە کەناڵی گوێکانمدا گوزەر بکات... وەك پارچە مۆسیقایەکی ئەبەدی و ئاشنا بە رۆح دەدواو لە ناخمدا دەنگیدەدایەوە. سەرەتا بیابان نەبوو... سەرەتا بیابان نەبوو...

***



## شەوی چیرۆکە بازنەییەکان

سەرە تا بیابان نەبوو. کاتێك ئادەم و حەوا بێ فەرمانی خوایان کردوو سێوی بەهەشتیان خوارد، وەك سزایەکی ئەبەدی، فڕێدرانە سەر ئەم زەمینە. ئەو کات هەموو بیابانەکانی ئێستای سەر زەمین باخی سەوزو چڕی پڕ لە سێوبوون، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەوەکانی ئادەم و حەوا هەڵەی باپیرە گەورەیان دووبارە نەکەنەوەو پەنا بە باخی بوون نەبەن، خوا فەرمانی کرد هەموو باخە سێوەکان ببنە بیابان و خوا وتی: با هەموو دارستانە چڕەکانی سێو ببنە بیابان و بوون، بیابان رێك ئەوبەر هەیوانی دۆزەخەیە کە خوا مرۆڤەکانی تێدا سازو ئامادە دەکات بۆ ژیانی ئەبەدی نێو دۆزەخەکەی. مرۆڤ لە بیاباندا هەر هێندەی پێدەکرێت لە ئەندێشەکانی خودی خۆی و خوا تێڕامێنێت، چونکە بوونی نێو بیابان هەر لە خەیاڵی کاڵی نەبوون دەچێت، شتێکە نە ژیان و نە مردن... وێستگەیەکی پڕ ئازاری نێوان بوون و نەبوونەو هیچی تر، نە زیادو نە کەم... وێستگەیەك

هەمیشە خەیاڵ تیایدا هێندە ساف و روون و کاریگەرە، زۆر کەرەت دەبێتە حەقیقەت و حەقیقەتیش دەبێتە خەیاڵ، مەگەر ئەوە من نییم، لە نێوان خۆم و ئەمیتادا، دنیای خۆم و دنیای ئەودا گیرم خواردووە... نازانم کامیان حەقیقەتەو کامیان خەیاڵە، من راستەقینەم یان ئەمیتا... ئاخۆ ژیانی راستی ئەم کەمپەیە کە وەك دوومەڵ بەسەر جەستەی سەحراوە هەڵتۆقیوە یان ئەو شارەیە کە لەگەڵ ئەمیتادا سەرجەم شەقامەکانیم تەیکرد.

لەهەموو حاڵەتێکدا گەرەکمە ئەمیتای شۆخ و نازدار بدۆزمەوەو ببمەوە بە بەشێك لە خەیاڵی پڕ ئەفسوونی ئەو... ئاخر ئەمیتا دڵ و دەماغمی دارزاندووە، وەك درندەیەکی شێتیی نێو قەفەس لە ناوەوە خۆیم پیادەکێشێت و لەت و پەتم دەکات، بوومەتە موریدیکی شێت و شەیدای ئەوو هەموو شەوێك وێڵی نێو تاریکی خەست و بێبنی بیابانم دەکات، ئەو فەراغە تاریك و ترسناکەی کە هەر لە وێنەیەکی بچوکراوەی رۆحم دەچێت، نزیك و دوور بە هەر چوارلای خۆمدا چاو دەگێرم بە هیوای ئەوەم لە جێگایەکەوە تروسکایی جەستەی بەدیبکەم، شێوەو روونـاکی ئەو ئافرەتەی تەنها بۆ ساتێکیش لەنێو خەیاڵمدا بزر نابێت، لە کاتێکدا نەرمو هێدی بەسەر لمەکەدا هەنگاوی خوارو خێچم دەناو سەرم دەگێرا، هەستم بە دڵۆپە ئاوێکی فێنك کرد کە بەپشتە ملمدا خزایە خوارێ... بەدوایشیدا چەند دڵۆپێکی ترم هەست پێکرد. نەرمە بارانێك بەسەر منو بیابانی وشك و تامەزرۆدا دایکرد، بەم هاوینە دەبێت رۆح و فرمێسکی چ عاشقێکی بریندارو سەرلێشێواو بێت وا لەم شەوی هاوینەدا دەبارێت، لەگەڵ هەر دڵۆپە بارانێکدا کە بەر لمەکە دەکەوت شێوە بازنەیەکی سەیرو



رەنگاورەنگ لە شوێنی دڵۆپەکەوە دەهاتە دەرێ، شێوەیەك بوو هەروەك یاری گلۆپە کەفی منالان روون و سەرنج راکێش و جوان بوو، ئەو هەموو گلۆپە گەورەو بچووکە بەردەوام و بە لێشاو لە لمەکەوە دەهاتنە دەرێ و بە هەوادا پەرش و بڵاودەبوونەوە... وەك ئەوەی چەندین ساڵ بێت لە ژێر لمەکەدا قەتیس کرابن و ئێستا لەگەڵ ئەم بارانەدا هەلیان بۆ رەخسا بێت و وەك چرۆی کێڵگەی گەنم... سەر دێننە دەرێ. لەگەڵ یەکەم نیگاو لێوردبوونەوەدا تێگەیشتم ئەو هەموو بازنە هەمە رەنگانە، پڕ بۆن و بەرامانە... چیرۆکن... چیرۆکی سامناك و خەماوی... کە ساڵانێکی زۆرە لە ژێرەوەی ئەم سەحرایەدا زیندانی کراون و ئەمێستا بە هۆی ئەم نەرمە بارانەوە دەتوانن جارێکی تر سەوز بنەوەو سەردەرهێنن... بەڵێ ئەوانە هەر هەموو چیرۆك بوون... کە لەو شەوەداو بە بەرچاوی منەوە رووەو ئاسمان دەفڕین و بە هەموو گەردووندا بڵادەبوونەوە.

لەگەڵ بەرکەوتنی هەر دڵۆپە بارانێك بە لمەکەدا، لە جێگایدا چیرۆکێك چرۆی دەکردوو دەفڕی... چیرۆکی وای تێدا بوو درێژو قەبەو بێ کۆتایی بوو، بەرادەیەك لە کتێبێکی هەزاران لاپەرەشدا جێگەی نەدەبووەو کۆتایی نەدەهات. تیاشیدا بوو لە چەند دێرێك زیاتر نەبوو، بەڵام پڕ ماناو پڕ لە ژیان و مەرگ. حەپەساو سەرلێشێواو هەر هێندەم پێدەکرا بە دەوری خۆمدا بخولێمەوەو زەق زەق بڕوانمە ئەو هەموو چیرۆکە هەمەرەنگ و هەمە بۆنانەی بە هەموو لایەکی بیابانەکەدا پەرش و بڵاوەیان لێدەکردو دەفڕین، هەندێك لە چیرۆکەکان وەك خوێن سوور سوور بوون، هەندێکی تریان سەوزو پەمەیی بوون، چیرۆکێکی سەوز بە بەردەمدا تێپەڕی و سینەی پڕ

پڕ کردم لە بۆنی گوڵە مێخەك. لە نیگایەکی تیژ ڕەودا زانییم باسی ژنێك دەکات مێخەك بەنەکەی ملی چرۆی سەوزی کردووە، یەکێك لە چیرۆکەکان بۆنی شیری خاوی لێدەهات بە ڕەنگی خوێن.

سەرگوزەشتەی ئەو ساوایەی نمایش دەکرد کە لە بری شیر خوێنی سووری مەمکی دایکی دەمژێت، چیرۆکێکی تر باسی شوانێکی دەکرد کە دەیویست مێگەلەکەی لە گورگەکان رزگارکات کەچی خۆی گورگان خواردوو دەبێت. چیرۆك هەبوو چکەی دەهات لە فرمێسکدا... هەبوو پڕ پڕ بوو لە چاوی ترساو و نیگای وێڵ و فرمێسکی سوور... بە ژمارەی ئەو دڵۆپە ئاوانەی دەکەوتنە سەر لمەکە چیرۆك هەڵدەقولاو دەچوو بە ئاسماندا.

لەنێو ئەو هەموو شێوە بڵقەکەفانەدا، هەزاران هەزار سەرگوزەشتەو وێنەی جەرگبڕ دەبینی و دەخوێندەوە. لە بڵقێکی پەمەیی ڕەنگدا، چەند منالێکم بینی دۆش دامابوون و تەمی خەمێکی قووڵ دایپۆشیبوون، چەند منالێك بوون جوگرافیای یارێکەیان گۆڕابوو، لەنێو بیابانی تەخت و بێ پەناو پەسێودا، نەیاندەزانی چۆن یاری چاوشارکێکەیان بکەن و چۆن و لە کوێدا خۆیان مەلاس بدەن، یان چیرۆکی ئەو شوانەی بۆ نیوەڕۆ نەیدەزانی رانەکەی بەرێتە چ کەلۆزو چەمێکەوە، یان ئەو ژنەی هەرچەندی دەکرد جێگەیەکی ڕەقەلانی بۆ نەدە دۆزرایەوە تا سێ پای مەشکەکەی لێدانێت و مەشکەدۆی خۆی بژەنێت. لە بازنەیەکی لوول پێچی شێوە گەردوونیدا مێژوویی هەموو گەردوون کورت کرابۆوە لە کورتیلە چیرۆکێکدا، لە شەش ڕۆژدا خوا زەوی و ئاسمان و دەریاو ڕۆحەکانی خوڵقاند، ڕۆژی حەوتەم چووە سەر عەرشەکەی و پشوویدا، ڕۆژی هەشتەم



کورد ئەنفالکرا. ئەی چیرۆکی ئەو مەلا هەناسە ساردو پەشێو حاڵەی بەپرتاو خۆیکرد بە مزگەوتی ئاوایدا تا قورئانەکان لە سووتان رزگار بکات، خوای بینی پشتی دابوو بە دیواری میحرابەکەوە، مەلا حەپەساو سەرلێشێواو هاواریکرد خوایە گیان لەم کاتە خراپەدا تۆ چی دەکەیت لێرە، تکایە زوو خۆت دەرباز بکە هاکا مزگەوتەکەیان تەقاندەوە. خوا سەریهەڵبڕی و بە خەمی قووڵەوە وتی: وازم لێ بێنە مەلا ماندووم زۆر ماندووم، لەو تاریکە شەوەدا ئەو هەموو چیرۆك گەلە وەك گوڵە ئەستێرە دەدرەوشانەوەو یەك پارچە دەشتەکەیان کردبووە چراخان، بەڵام هەر ساتێك کە تێدەپەری کزو کزتر دەبوون، تا هەر هەموو کوژانەوەو تاریکی لووشیدان و هیچ نەما، تەنهاو تەنها من و بیابان ماینەوە، لەسەرەتادا من و بیابان نەبووین، بەڵام لە کۆتاییدا تەنهاو تەنها بیابان دەبێت...

وڕو گێژو سەرشۆڕ ملی گەڕانەوەم گرتەوە بەر، چرای دەوروبەری خێمەکان کزکز دەسووتان، ئەو سەگانەی لە پاشماوەی خواردنەکانمان خۆیان تێر دەکرد، لاڵ و پاڵ کەوتبوون و چاوانیان وەك یاقووتی سوور دەبریسکانەوە، لە خێمەی کرێکارە عەرەبەکانەوە دەنگی بە ئاستەمی عبدالحلیم دەبیسترا (فحبیبت قلبی لیس لها وطن ولا عنوان)...

خۆم کرد بە خێمەکەداو بەو درەنگانە، هێشتا پرۆفیسۆرو هاورێکانی سەر قاڵی گفتوگۆو مشتومڕ بوون... بە قسەکانیاندا بۆم دەرکەوت، کە گەشتوونەتە قەناعەتی ئەوەی کە ئێسکەپەیکەری دۆزراوە هیچ پەیوەندییەکی بە خاتوو ئەمیتای بابلەوە نییە، هەموو ئاماژەو بەڵگە

دۆزراوەکانی نێو چاڵەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە خاوەنەکەی لە سەردەم و مێژوویەکی زۆر نزیکدا مرد بێت و لەوێدا نێژرابێت...

بۆ رۆژی دواترو سەرلەبەیانییەکەی بە کۆمەڵ چووینەوە سەر چاڵی ئێسکە پەیکەرەکە... پرۆفیسۆر فەرمانی پێکردم کە کرێکارە عەرەبەکان راسپێرم بە هەڵدانەوەی لمی چوار دەورەکەی. لە ماوەیەکی کەمدا چەند کرێکارێك بەخۆیان و بێڵ و قازمەکانیانەوە کەوتنە هەڵدڕین ورد ورد بازنەی چاڵەکەیان فراوان دەکردەوە... ئێمەش هەر هەموو بە چواردەوری چاڵەکدا دەخولاینەوەو چاوانیشمان بڕیبووە دەمە بێڵەکانیان کاتێك بەلمە زبرو وشکەکەدا رۆدەچوو... زۆری نەبردو چەند کەللە سەرێکی سپی تر وەدیارکەوتن کە هەردوو هەنگاوێك لە ئێسکە پەیکەرەکەوە دوور بوون... پرۆفیسۆر دیسانەوە فەرمانیکرد کە نەرم و لەسەرخۆ لمەکە هەڵدەنەوە بە شێوەیەك نەبێتە مایەی تێکشکان و شێواندنی ئێسکەکان.

دەمەو نیوەڕۆ پاش پاککردنەوەی لمی سەر تەرمە بە ئێسك بۆکان، دیمەنێکی سەیرو سەرسووڕهێنمان پێش چاو کەوت، رێك بە دەوری ئێسکەپەیکەری ژن و کۆرپەلەکەی سەر سنگیدا ریزە ئێسکە پەیکەرێك بازنەیان بە دەوری ئێسکە پەیکەری یەکەمدا کردبوو کە هەر هەموو تەرمی منداڵی دە دووانزە ساڵ و بچکۆلەتربوو لە شێوە ئەڵقەیەکدا کە سەرجەمیان کەللە سەریان رووەو چەقی بازنەکە بوو، لەسەر سینگ کەوتبوون و دەمیان چەقیبوە لمەکە، هێندە رێك و جوان بە تەنیشت یەکەوە راکشابوون دەتووت دەستی ئەندازیارێك یان هونەرمەندێکی بە سەلیقە



کاری لەسەر کردوون. کاتێك بۆ پشووی نیوەڕۆ کرێکارەکان ملی رێگای چادرگاکەیان گرتە بەرو بەجێیان هێشتین، بە تەنها من و بییانیەکان ماینەوە برۆفیسۆرو هەردوو یاریدەدەرەکەی چوونە نێوچاڵەکەوەو کەوتنە گەڕان و پشکنینی تەرمەکان. تیشکی خۆر بەشێوە ئاراستەیەکی ستونی دەکەوت بەسەر ئێمەو کەللە سەرە سپێکاندا کە باق و بریسکیان بوو.

هالاّوو بۆن چەورییەکی چڕو ناخۆش لە چاڵەکەوە بەرز دەبووەوەو بە هەوا گەرمەکەدا بلاّو دەبووەوە... ئەوان وردو لەسەرخۆ بە نێو ئێسکە پەیکەرەکاندا دەگەڕان و هەرچییەکیان بەردەست کەوتایە هەڵیان دەگرتو دەیانخستە نێو سەبەتەکەی دەستیانەوە. من هەر زوو زانیم ئەمە یەکێکە لە گۆرە بە کۆمەڵە زۆرەکانی کارەساتی ئەنفالە، ئەو شەڕواڵ و مراخانییە شڕۆڵ و رزیوانەی ئێسکە پەیکەرەکانی داپۆشیبوو بەڵگەیەکی زیندووی کورد بوونیان بوو. رەق وەستابووم و تەماشام دەکرد، لە ناخیشەوە تەوژمی خوێنێکی گەرم شەپۆلی دەداو سوورو گەرم هەڵگەرابووم... فرمێسك و قین بەلا رووەمەتەکانمدا رێچکەیان بەست و لە قوڕگمەوە گریان قوڵپی داو سەراپای جەستەم کەوتە لەرزین، من دەگریام و لە گوێیەکانیشمدا زریکەی گریانی ساواکەی نیوە شەوی بابلیش دەنگی دەدایەوەو کاسی کردبووم، چیتر خۆم بەپێوە بۆ رانەگیراو لە لێواری چاڵە پڕ تەرمەکەدا خۆم دا بە زەویداو فرمێسکیش وەك شەستە باران بە چاوانمدا دادەبارییە سەر لمەکە، یەکەم کەس وێنەگرەکە سەرنجی لێدام، هاتە تەنیشتمەوەو دەستی خستە سەر شانم و هیچی نەوت... ئەو باش دەیزانی بۆ وا دەگریم، چونکە شەوی رابردوو کاتێك لە بارەی نهێنی و خاوەنی ئێسکەپەیکەری ژن و

ساواکەوە دەدواین. من بە دوورو درێژی باسی ئەنفال و ئەو هەموو خەڵکە سڤیلەی کوردم بۆ کردبوو، کە بە یەخسیری ڕەوانەی بیابان کرابوون و زیندە بە چاڵکرابوون. ئێدی بۆ ئەوان روون و ئاشکرابوو کە ئەم ژن و منداڵە بە ئێسکبووانە هەمان ئەو ژن و منداڵە کوردە ئەنفالکراوانەن کە نزیکەی بیست ساڵە بێسەرو شوێنن. دواجار هەرسێکیان غەمگین و بێدەنگ منیان لەگەڵ گریان و ئێسکەکاندا بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ نێو چادرگەکە. منیش تاق و تەنیا لەژێر تیشکی سوتێنەری خۆری تەمووزدا فرمێسك و ئارەقم دەڕشت و ژیان و بیابانم بە نەفرەت دەکرد، خۆم تەواو تەواو خاڵی کردەوەو هەرچی خەم و قینی نێو هەناوم هەبوو لە ڕێی فرمێسکەوە ڕشتم بە لمە برژاوەکاندا، دواتر خۆم هەڵدایە نێو چاڵەکەوەو لە کاتێکدا دەمویست ژمارەی ئێسکە پەیکەرەکان بژمێرم سێ گۆشەیەکی ڕەنگ سەوزی کاڵەوەبووی چکۆلانەم کەوتە بەرچاو کە بەسەر لاتەنیشتی شانی یەکێك لە ئێسکە پەیکەری منداڵەکاندا شۆڕ ببۆوە، بۆی چووم و دەستم دایەو لە ڕاکێشانەوەیدا گیری خواردوو بە دەستمەوە نەهات، تومەز بە سنجاقێك بە مراخانی منداڵەکەوە شەتەك درابوو... بە چیچکانەوە دانیشتم و سنجاقەکەم ترازان و نوشتە سێ گۆشە ڕەنگ سەوزە کاڵ و ڕزیوەکەم هەڵگرتەوە، بێ هیچ عەزیتێك پەڕۆکەیم دادڕی و کاغەزێکی قەمچکراوی زەرد هەڵگەڕاو دەرکەوت، پاش ئەوەی کردمەوە نیوە لاپەڕەیەکی درێژ کە بە دەست و خەتێکی ناخۆش و نارێك لە سەرەوە تا خوار پڕ کرابووەوە، بەڵام هێڵی شینی قەڵەم جافەکە بە تەواوی پانتایی لاپەڕەکەدا کشابوو نەك نەدەخوێنرایەوە، بەڵکو زیاتر بە نەخشی کاڵی



تابلۆیەکی ڕەنگ شینی ئەبستراکت دەچوو. لەو هەموو دێڕە شێواو خوارو خێچانەدا، تەنها ئەم دوو نیوە دێڕەم بە ئاسانی بۆ خوێنرایەوە (انا جعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله...).

پاش نیوەڕۆ زووترو چالاکتر چووینەوە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکەو سەر لەنوێ دەستمان بە هەڵدانەوەی کردەوە، کاریگەری هەندەسەی سەیری گۆڕەکە تەواو دڵ و دەماغی پرۆفیسۆرو هاوڕێکانی هێنابووە لەرزین، هەرچی زووتر دەیانویست دیمەنی تەواوەتی ژێر لمەکەیان بۆ ئاشکرا بێت و نهێنی و حەقیقەتیان بۆ روون ببێتەوە، سەر لەنوێ خاکەناسەکان کەوتنەوە هەڵدڕین لە دامێنی ئێسکە پەنجەپێی تەرمەکانەوەو لە شێوەی بازنەیەك بە قەراغ چاڵەکەدا ڕیزمان بەست و کەوتینەوە کار، لە پێشی خۆمەوە سێبەرەکەم و لە دواشمەوە ئێسکە پەیکەری منداڵێك بە شێوەی سێبەرەکەم ڕاکشابوو، بەڵام سێبەرێکی بێ جووڵە، نەك من پرۆفیسۆرو هاوڕێکانیشی (تەنها وێنەگرەکە نەبێت کە پەیتا پەیتا وێنەی دەگرتین) ڕیزمان بەستبوو لمان هەڵدەدایەوە و لەسەرووی چاڵەکەشەوە چەند کرێکارێکی تر بە گوێنی لمەکەیان بۆ شوێنێکی دوورتر دەگواستەوە تا بەر دەستی ئێمە نەگرێت، دەبووا ناسك و لەسەرخۆ دەمی خاکەناسەکانمان بە لمەکەدا ڕۆکەین، نەکابیێتە هۆی تێکشکان و شێوانی کەللە سەرەکان... ئەمە ببوە هۆی سستی جووڵان و کارکردنمان...، بەڵام بەو حاڵەشەوە زۆری نەخایاند کاتێك لە ڕۆچوونی دەمی خاکەناسەکەمدا هەست بە ڕەقییەك بکەم، دانەویمەوەو بە دەستم لمەکەم بەملاو بەولادا بردوو لەپڕ کەللە سەرێکی

سپی بە دیار کەوت، ویستم هاوار بکەم و ئەوانی تر ئاگاداربکەمەوە، بەڵام نەمکرد چونکە هەر هەموو لە حاڵی مندا بوون، بە دانیشتنەوە خەریکی پاککردنەوەی کەللە سەری بەردەمی خۆیان بوون.

دەمە دەمی خۆرئاوابوون ئێمە لە کارکردن بووینەوە، حەپەساوو سەر لێشێواو پڕ قین دەمانڕوانییە ئەو هەموو ئێسکە پەیکەری ژن و پیاوانەی بە تەنیشت یەکەوەو لە بازنەیەکی داخراودا راکشابوون کە هەر دەتووت لە کاتی شایی و رەشبەڵەکدا پێکەوەو لە یەك ساتدا بەدەمدا کەوتوون و جارێکی تر هەڵنەستاونەتەوە، بۆ ئێمە دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی ئەم وڵاتەدا رووداوێکی نامۆ نەبوو هەمیشە ئەگەرێکی چاوەڕوانکرابوو، بەڵام گۆڕێکی پڕ لە ئێسك و پروسکی تێکەڵ و پێکەڵ و بەسەریەکدا کەڵەکەبوو نەك ئەم گۆڕە بەکۆمەڵەی ئێمە کە هەر لە کاری نەخشەسازو ئەندازیارێك دەچێت، پرۆفیسۆر لە پسپۆڕی گۆڕ هەڵکەنەکەی پرسی.

- تۆ پێتوانییە ئەم تەرمانە لە جێگەو شوێنێکی تر کوژرابێتن و پاشان لێرەدا بەم شێوەیە خرابێتنە ژێر لمەوە...؟

لە کاتێکدا پسپۆڕەکە بەسەر تەرمەکاندا دەنووشتایەوەو جارجارە بە پەنجە باریکەکانی لەنێو کەللە سەرو قەفەسەی سینگیاندا فیشەکی ژەنگرتووی دەردەهێناو دەیخستە نێو عەلاگەکەی دەستییەوە، لەسەرخۆ وتی:

- نا... ئاڕاستەو جوولەی دەست و قاچەکانیان وا ناڵێت... تۆ تەماشاکە زۆربەیان لە کاتی مردندا دەستیان لەنێو دەستی یەکتر ناوە...، ئەگەر بە مردووی هێنرابایانە ئێرە... ئاوها دەستەکانیان لەنێو یەکتر



نەدەبوو... دەست و پەنجەی تەرم بەڕادەیەك رەق دەبێت جووڵاندنی زەحمەتە... ئەمانە هەر لێرەدا و بە دەستڕێژی ئەم گولانە پێکراون. نێو لەپی واڵا کردوو چەند دانە گولەیەکی ژەنگاوی پیشان داین...

تاریکی داهات و خەماوی و ماندوو گەڕاینەوە نێو خێمەکانمان ئەو شەوە هیچم نەخواردو لەنێو سەلاجەکەدا بتڵێك ویسکیم دەرهێناو نیشتمە سەری... لەگەڵ خەمی لە مێژینەو قینی پەنگخواردووی ناخمدا دەستەو یەخەببومەوەو چاوەکانم سوور هەڵگەڕابوون، لە ناخەوە وەك مەنجەڵی سەر ئاگر قوڵپم دەداو دەکوڵام، پێك دوای پێك هەڵم دەداو ورێنەم دەکرد... هەرچەندە برادەران داوایان لێکردم دەستبەرداری خواردنەوە ببم و ئارام ببمەوە، بەڵام من گوێم پێنەدان و بەردەوام دەمخواردەوە تا ئەو رادەیەی ئاگام لە هیچ نەما و بە دەنگی بەرز جنێوم دەداو هاواری ئەمیتام دەکرد:

— ئەمیتا... ئەمیتا گیان وەرە پێت بڵێم سەرچاوەی زریکەکە چیبو، وەرە ببینە... وەرە قوڕبکەین بە سەرداو بۆ ئەبەد بزریکێنین.

وڕو گێژ وەك پاپۆڕی نێو دەریایەکی هەڵچووی سەرشێت بەملاو بەولادا دەهاتم و خۆم بۆ رانەدەگیرا... بەو حاڵەوە لە خێمەکە هاتمە دەرێ و بە ئاڕاستەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەدا رووانییم، لە نێو تاریکی خەست و قووڵ و بێبنی بیابانەکەدا، ئەمیتام بینی هەردوو ئەژنۆێ ناوەتە زەوی و پرچی درێژی سپی سپی بەشان و ملیدا هاتۆتە خوارێ و شیوەن دەکات و پرچی دەڕنێ و سنگ دەکوتێت... لە دواشێوە بە سەدان و هەزاران ژن و پیاوو منداڵی شڕۆڵ و تەپ و تۆزاوی بە هەمان شێوەی ئەو دەگرێن و

باوەکە رۆیانە، سەداو نوزەی گریان و پاڕانەوەیان هێندە جەرگ بڕو کاریگەربوو... هێندەی تر گریان تێبەردام، لەگەڵ یەکەم هەنگاو هەڵهێنانەوەی چوون بۆ لایان... پێم لە پەتی خێمەکە گیربوو بە دەما کەوتم، لەگەڵ لەرینەوەی خێمەکەو تەپەی کەوتنی مندا مستەرو هاوڵەکانی بە پرتاو هاتنە دەرێ. کە منیان بەو حاڵەوە بینی دەستیان دایە ژێر باڵم و لەگەڵ بەرزبوونەوەیەکی کەمدا رشانەوە قوڵپی داو هەرچییم خواردبۆوە هەڵم هێنایەوە... قوڵپی رشانەوەیەکی هێندە بەهێزو بە تەوژم بوو تەنانەت کرێکارە عەرەبەکانیشی راچەڵەکاندو لە خێمەکەیانەوە هاتنە دەرێ و سەرەتاتکێیان بوو، هەرچۆنێك بێت بەو حاڵەوە منیان بردەوە سەرجێگاکەم و رایانکێشام، شلی و ساردی زەرداوێکی تاڵ و تیژ قوڕگ و نێو دەمی دەتۆزانەوەو بەلا چەناگەشمدا چۆڕاوگەی بەستبوو ئێدی نەمزانی چیتر روویدا...

***



## بازنەکانی مەرگ

پاش هەفتەیەك تەواوی گۆڕە بەکۆمەڵەکەمان هەڵدایەوە، حەوت بازنەی داخراوی یەك لەناو یەکی ریك، حەوت بازنەی سەیری دڵتەزێن، بازنە گەلێك لە ئێسکە پەیکەری بنیادەم، مرۆڤ زۆرجار لە زیندوویەتیدا لە شاییدا یان لەکاتی نوێژی هەینیدا بە تەنیشت یەکەوە ریز دەبن و شانیان دەدەن بەیەکدا، بەڵام ئەوە چ سیحرو نهێنییەکە وا بخوازێت لە سەرەمەرگدا ریز ببستین و بێ دەربەست پشت بکەینە رێژنە بارانی گوللەی جەلادو هەنگاوێك چییە نە پێش و نە پاش نە بزوێن تا ریزی مردنی بەکۆمەڵی خۆمان نەشێوێنین، دەبێت چ نهێنیەك لە پشتی حەوت حەساری شەوی جەستەی ئەم قوربانیانەوە بێت، دەبێت کێ بێت بتوانێت حیکایەتی تاڵی ئەو مردنە بە کۆمەڵە حەوت ئەڵقەیەمان بۆ بگێڕێتەوە... ئاخر هەموو ئەو گۆڕەبەکۆمەڵە زۆرانەی تا ئێستا لەم وڵاتەو تەواوی جیهانیشدا دۆزراونەتەوە، بریتییە لە کۆمەڵە ئێسك و پروسك و پەڕۆو

پاتاڵی تێکچڕژاوی بەسەریەکدا کەڵەکەبووی تێکەڵ و پێکەڵ بەڕادەیەك جیاکردنەوەی ئێسکە پەیکەرەکان دەبێتە مەحاڵ... هەمیشە یاسای سادەی گۆڕی بە کۆمەڵ بێسەرو بەرەیی و ئاوێتەیەکی ئاڵۆزە... نەك شێوەیەکی هەندەسی و ڕێکوپێکی بازنەیی، کە حەپەساندوونی و مێشکمانی بەخۆیەوە ماندوو کردووەوەو هیچ کەسێکیش شك نابەین پرسیاری ئاڕاستە بکەین، مەعلوومە ئێسکە پەیکەر توانای قسەکردنی نییەو جەلادەکانیش لەوە بێشەرەفترن ببنە شایەتحاڵی کارەساتەکە، گۆڕە بەکۆمەڵەکە پانتاییەکی بازنەیی سی بۆ سی و پێنج مەترێکی داگیرکردبوو، واتا لە ئێسکە پەیکەری چەقی بازنەکەوە تا حەوتەمین بازنە کە دوایەمین بازنەبوو نزیکەی پانزە مەترێك دەبوو. لە سەرژمێریەکی خێرادا مستەر نیکۆلاس بۆی دەرکەوت تەواوی ژمارەی قوربانێکان (شەش سەدو نۆ کەسن) هەر بە تەنها بازنەی یەکەم کە سەرجەمیان منداڵ بوون سی و هەشت منداڵی بە ئێسك بوو دەبوون. هەرچی بازنەی دووەم بوو بریتی بوو لە (پەنجاو حەوت) پیاو ژن. تا دەهاتیش بازنە دوای بازنە فراوانتر دەبووەو ژمارەی ئێسکە پەیکەرەکانیش زیاترو زیاتر دەبوون بەڕادەیەك بە تەنها لە دووایین بازنەدا (سەدو پەنجاوچوار) ئێسکە پەیکەربوون، ئێسکە پەیکەر ڕووەو چەقی بازنەکەو هاوشانی یەکتر ئارام ڕاکشابوون... لەژێر تیشکی زێڕینی خۆرەتاوەکەدا لێرەو لەوێی گۆڕە بەکۆمەڵەکە کاتژمێری مەچەکی ئێسکەپەیکەرەکان دەبریسکانەوە... بە ڕێچکە ڕێگەی نێوان بازنەکاندا دەخولامەوەو دەگریام، تەماشام دەکردو لەبەر خۆمەوە جنێوم بە ئەرزو ئاسمان و هەموو مرۆڤایەتی دەدا، بیرم لەو هەموو ئازارو ڕۆحە



پاکانە دەکردەوە کە بە دەم گوللەی بەعسیەکانەوە هەڵدەقرچان و ئاه و نوزەیان بە کەس ڕانەدەگەیشت. خوایە دەبێت ئەم ژن و منالانە چەند هاواری تۆیان کردبێت... تۆ لە کوێ بووی خوایە... بۆ هێشتت ئەم مەخلوقە پاکانەت بەم دەردە بچن...

لەپڕ سەرنجم چووە سەر یەکێك لە ئێسکە پەیکەرەکان شێوەو ڕەنگی جلوبەرگە ڕزیوەکەی دەرگای یادەوەرییەکی تاڵی ڕابردوویەکی دووری سەردەمی مێردمنداڵیمی هێنایەوە یاد... گەڕامەوە بەهاری غەمگینی ساڵی هەشتاو هەشت ئەو دەمەی بەسەر شەقامی سەرەکی شاری چەمچەماڵەوە بەفرم دەفرۆشت... پاش نیوەڕۆیەکی مات و خامۆش لەشکری سەربازو جاش پاش سووتان و تاڵانکردنی تەواوی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان ڕەنگی قاوەیی تەڵخی غوباری ژێر پۆستاڵ و زنجیری دەبابەکانیان ئاوێتەی دووکەڵی ڕەشی گوندو پێدەشتەکانی گەرمیان ببوو ئاسمانی چەمچەماڵیان تەنیبوو، تەمی تەڵخی مەرگ وتاڵانی و کارەسات هەموو شاری داپۆشی بوو، ڕیزی زیلی پڕ ژن و پیرو منداڵی لادێکان و ڕیزی ماشێن و مەکینەو عارەبانەی پڕ لە سەربازو جاش و تاڵانی گوندەکان، جادەیان تەنیبوو ڕووەو شار دەهاتن... گریان و زریکەی ژن و منداڵ و تەقەی خۆشی و سەرکەوتنی چەکدارەکان، هەر بە ڕۆژی حەشری دەکرد، قافڵەیەکی پڕ قریشکەو گریان سەری گەیشتبووە بەردەم عارەبانەکەی من و ئەوسەریشی هێشتا لەنێو جەرگەی پێدەشتە سووتاوەکانی گەرمیاندا بوو... من هەروا زەق زەق دەمڕوانی و لە هیچ تێنەدەگەیشتم، تەنانەت نەشمدەزانی بۆ لەو ڕۆژە فێنکەدا قاڵبە بەفرە

پتەوەکان خۆناگرن و زوو زوو دەتوێنەوەو بە زەویدا ڕۆدەچن... دەیان و سەدان زیل و مەکینەو عارەبانەی لادێیەکان پڕ پڕ بوون لە خەڵك و خوای ڕەنگ پەڕیوو تۆقیو، تێدەپەڕین و بەرەو سەربازگە گەورەکە ڕێچکەیان بەستبوو... هاوکات بە سەدان و هەزاران لە پیاو و ژنی شارەکە ڕژابوونە ئەمبەرو ئەوبەری جادەکە، قەت پێشتر شار قەرەباڵغی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو. هەمووان وەك من سەیریان دەکردو ئاخ و ئۆفیان هەڵدەکێشاو پڕبوون لە قین و توڕەیی، بەڵام کەس زاتی هیچی نەبوو، لەبری فرمێسك ترسێکی لە مێژینەی سەیر بە چاوەکانەوە دیار بوو، تا لەپڕو بە پرتاو پیاوێکی زلەی چوار پەل ئەستوور کە کوتەکێکی گەورەی دابوو بە شاندا چووە ناوەڕاستی شەقامەکەو ڕێك و ڕاست بەرامبەر زیلە پڕ لە خەڵك و سەربازەکە ڕاوەستا، من ئەو پیاوەم پێشتر بینیبوو دەمناسی... ناوی قالە بوو خەڵکی بە قالە شێتیان بانگ دەکرد... هەتا هێزی تیدابوو یەك کوتەکی کێشا بە جامی زیلەکەداو جام هاڕەیکرد، لەگەڵ ئەم دیمەنەدا خەڵکی غیرەتیان تیاگەڕاو پێکەوەو لە یەککاتدا هێرشیان کردە سەر زیل و ماشێن و عارەبانەو مەکینە پڕ لە خەڵکەکەو بەر لەوەی سەربازو جاشەکان فریای دەستکردنەوە بکەون، بە شەق و بۆکس تێیان بەربوون و هەرچی خەڵکی نێو زیلەکان هەبوو بە پرتاو خۆیان هەڵدایە خواری و تێکەڵی خەڵکە ڕاپەریوەکە دەبوون و خۆیان بزر دەکرد... خەڵکی قین لە دڵ وەك دەریایەکی هەڵچوو بەرەو پێش شەپۆلیان دەداو گوندییەکانیان ئازاد دەکردوو چەکدارەکانیان دارکاری دەکرد. بینیم لە چاوتروکانێکدا قافڵە درێژەکە لە ناوەڕاستەوە ڕێك لەبەردەم منالێك هەڵوەشاو



تەفروتوناکراو هەرچی بەردەستکەوت ئازادکرا. هات و هاوارو دەست و بردی بە پەلەی حەشامەتەکە لەرزی خستبووە دڵی چەکدارو کاربەدەستانی حکومەتەوە. لە یەکێك لە زیلەکانداو پاش ئەوەی هەموو بەندێکان خۆیان هەڵدایە خوارێ و خۆیان ڕزگارکرد، کوڕێکی گەنجم بینی لەنێو زیلەکەدا مایەوەو بێ ئەوەی خۆی تێکبدات نەبزواو هەروا وەك من زەق زەق تەماشای حەشامەتەکەی دەکردو هەڵنەهات... چەند کەسێك هاواریان لێکرد...

- تۆ ئازادی... چاوەڕێی چییت... بۆ هەڵنایەی؟!
- خێراکە... نەگبەت... چاوەڕوانی چییت... هەر ئێستا بەعسێکان دەگەڕێنەوە؟!
- ڕاکە... تەماشای چی دەکەی... ڕاکە؟!
- کەچی ئەو بێدەربەستانە چووە لای سەرووی زیلەکەوەو بە بێزارییەکەوە وتی:
- بۆ کوێ هەڵبێم... بێزاربووم هێندە هەڵهاتم. ژیانم هەمووی بۆتە ترس وهەڵهاتن... بەسە ئیتر... چی دەبێت با ببێت...

لەپڕ چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی کەوتنە ئاسمانی تەڵخ و دووکەڵاوی شارو کەوتنە دەستڕێژکردن لە خەڵکە ڕاپەریوەکەو سەر لەنوێ شار خروشایەوەو هەریەکەو بەلایەکدا هەڵهاتن... سەدان سەربازو جاش بەدەم تەقەکردنەوە بەرەو خۆپشاندەرەکان ملیان دەناو لەسەریشەوە هەلیکۆپتەرەکان دەستیان لە کەس نەدەپاراست، منیش هەروەك ئەوانی تر بۆی هەڵهاتم و بەر لەوەی لەسەری کۆڵانەکە ئاودیو ببم ئاوڕێکی بەپەلەم

لە زیلەکان دایەوەو لە چاوتروکانێکدا کوڕە گەنجەکەم بینی ڕەپ و ڕاست لەنێو زیلەکەدا ڕاوەستابوو جگەرەی دەکێشاو باکی بە هیچ نە بوو، پێموابوو ئەوە یەکەمجاری بێت بێ ترس هەناسە هەڵمژێت لە کاتێکدا هەموو خەڵکی تۆقیبون و لە ترسا هەڵدەهاتن، لە کاتێکدا هەموو پیاوانی بەعس تۆقیبون و لە ترسا تەقەیان دەکرد ئەو کوڕە گەنجە بێ ترس سیگاری دەکێشاو دەربەستی هیچ هیچ نەبوو. نازانم بۆ ئەم ئێسکە پەیکەرە خەیاڵیان گەڕاندمەوە بۆ ئەو ڕۆژە و بۆ لای ئەو کوڕە گەنجە کە ئامادە نەبوو هەڵبێت، ئەو کوڕەی کە کراسێکی سپی و شەرواڵێکی ڕەشی لە بەردابوو، جامانەیەکی لە مل ئاڵاندبوو، هەر ڕێك وەك ئەم ئێسکە پەیکەرە کە هەر هەمان ئەو جل و ڕەنگانە دایانپۆشیوە...

***



## خەون و خەیاڵێکی زانستی

خەون و بەرنامەی دۆزینەوەی گۆڕی بزری ئەمیتا خان گۆڕا، بە دۆزینەوەو ئاشکراکردنی نهێنی پشت حەوتەوانەی گۆڕە بە کۆمەڵەکە، سەیرە ئێمە بە دوای دۆزینەوەی یەك ئێسکە پەیکەرەوە بووین، کەچی شەش سەدو نۆ ئێسکە پەیکەرمان دۆزییەوە، لەبری کچە میدیای گۆڕ غەریب گۆڕی بە کۆمەڵی کوڕو کچ و منداڵانی ئەنفالکراوانەمان دۆزییەوە کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا دەستی زوڵم و غەدر ڕاپێچی ئەم بیابانەی کردن و دوور لە زێدی باو باپیرانیان بێبەزییانە خرانە ژێر لمەوە، دۆزینەوەی کارەساتێکی وا بۆ تیمەکەمان شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. دەمبینی چ خەمێکی قورس و تاڵ سیمای داپۆشیوون، بە تایبەتی پرۆفیسۆر تەواو گۆڕابوو، هەمیشە شپرزەو تووڕە دەردەکەوت و حەوسەڵەی کارکردنی نەمابوو، بە کاتژمێر دادەنیشت و قوڵ قوڵ دەیڕوانییە گۆڕە بەکۆمەڵەکەو لە بەر خۆیەوە وڕێنەی دەکرد. ئێستا ئیتر تاقە هیوای گرنگی ئەو و

ئێمەش بۆتە ئاشکراکردن و زانینی هۆکاری پشت ئەو بازنە پڕ لە مەرگانەوە... بە سەدان پرسیاری جۆراوجۆر بە مێشکی هەر یەکماندا دەگوزەراو سەرەنجامیش هیچ پرسیارێك نەیگەیاندینە وەڵامێکی دڵنیاکەرو راست و دروست، دواجار بێ ئەوەی بەرنامەو هۆی هاتنمان بۆ نێو ئەم بیابانە گەرمە بگاتە هیچ ئاکام و سەرەنجامێك، پرۆفیسۆر بڕیاری کۆتایی گەشتەکەی راگەیاندو وتی:

- چیتر لە وزەمدا نییە بە تەنیشت ئەم هەموو تەرمەوە درێژە بە کنەو پشکنین بدەم، خۆتان بپێچنەوە سبەی ئێرە بەجێدەهێڵین و دەگەڕێینەوە، بە دۆزینەوەی ئەم گۆڕە بە کۆمەڵە کاری ئێمە کۆتایی پێهات لە سبینێوە ئەم شوێنە پڕ دەبێت لە خەڵك و کاربەدەستانی حکومەت، بەر لەوەی ئەوان بگەن و بیکەنە قاو و قیژو رەسمیات، ئێمە بڕۆین باشترە،، هەرچەندە ئەوەی ئێمە بۆی هاتین وەدەست نەهات، بەڵام لەوەمان گرنگتر دۆزیەوە، دڵنیام ئەم گۆڕە بە کۆمەڵە دەبێتە بابەتی هەموو میدیاکانی جیهان و دەبێتە گرێ کوێرەی سەدەو هەموو مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەر قاڵ دەکات.

بەر لەو شەوەی کە ئەمیتام تیا ناسی دەتگوت وام بە سەر ئاگرەوە و خواخوامبوو ئەم بیابانە نەفرەتیە جێبهێڵم و بگەڕێمەوە هەواری خۆم، کەچی ئێستا و پاش دۆزینەوەی ئەم گۆڕە بە کۆمەڵە، شتێك بە توندی لە ناخەوە بێرەوەم دەبەستێتەوەو حەز ناکەم ئێرە بەجێهێڵم. بەخەم و ساردیەکەوە بە پرۆفیسۆرم وت:



- تکایە با چەند رۆژێکی تر بمێنینەوە...، بەڵکو سەرەداوێك بدۆزینەوەو بمانگەیەنێتە حەقیقەتی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە...

نە پرۆفیسۆرو نەکەسی تر داواکارێکەمیان بە هەند وەرنەگرت و بۆ شەوێ هەموو کەوتنە جانتا پێچینەوە.

درەنگ درەنگ پرۆفیسۆر دەستی گرتم و بێ ئەوەی هیچم پێبڵێ بەرەو دەرەوەی راپێچ کردم، هاوشانی یەکترو نەرم نەرم بە سەر لمەکەدا و بەرەو چاڵی پڕ لە ئێسکە پەیکەرەکان هەنگاومان هەڵدەگرت، شەوێکی ئارام و پڕ ئەستێرە بوو .شاری مردۆکان لە ژێر تیشکی زیوینی مانگەشەوەکەدا کپ و خامۆش ببوو، دەنگی هیچ نەدەهات تا لەپڕ پرۆفیسۆر هەڵیدایە وتی:

- مستەر باکۆ پیویست بە دڵتەنگی ناکات، پێت وانەبێت من ئەم کارەساتە فەرامۆش دەکەم، راستە ئەمانە هاوزمانی تۆن، کاریگەریەکی قوڵیان بەسەر تەوە جێهێشتووە، بەڵام لە هەموو کاتێکدا ئەمانە مرۆڤ بون و منیش مرۆڤم، ناکرێت هەروا سووك و ئاسان ئەم کۆمەڵکوژییە فەرامۆش بکرێت و بە سەریدا تێپەرین، کە من سبەی ئێرە بە جێدەهێڵم دڵنیابە حەقیقەتی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵەش لەگەڵ خۆمدا دەبەم و هەموو دنیای لێ ئاگادار دەکەمەوە، ئێستا ئیتر بۆ من گۆڕی ئەمیتا گرنگ نییە، کاری جدی لە ئێستە بە دواوەی من هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەم نهێنیە...

بێ ئەوەی تەماشای بکەم پێمووت:

- تکایە پڕۆفیسۆر دۆزینەوەی نهێنی لێرەدایە... لێرە کە شوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکەیە... نەك تاقیگەکانی ئەوروپا... بزانە بە ڕۆیشتنی ئێمە ئێرە پڕ دەبێت لە خەڵکی نەفام و هەموو ئەم دیمەن و بەڵگانە دەخرێنە چەند گوێنییەکی سپییەوەو هەموو شتێك بزر دەبێت...

- بۆ نا مستەر باکۆ... پاش بیست ساڵ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بچنەوە گوندەکانی خۆیان و لە تەنیشت باوو باپیرانیانەوەو لە گۆڕێکدا ئارام بنوون، دڵنیابە هەموو بەڵگەو دیمەنەکان وان لە جانتاکەی مندا، کارێکی وا دەکەم ئەگەر سەد ساڵی تریش بێت، مرۆڤ نهێنی ئەم کارەساتە بدۆزێتەوە.

لە کاتێکدا هەردووکمان هەروا هاوشانی یەك وەستابووین بێ ئەوەی سەیری یەکتر بکەین گفتوگۆمان دەکرد. بە قورگی پڕ گریانەوە وەڵامم دایەوە:

- مێژووی دوورو نزیکی نەتەوەکەی من، لێوان لێوە لەم کارەساتە قێزەون و کۆمەڵ کوژییە... تا ئەم ساتەش وا دەبینی چییان بەسەر هێناوین... هەموو ئەم تاوانانە بە بەرچاوی جیهانەوە ئەنجام دراو تێشپەڕیو چاوی کەسیش ئاوڕی لێ نەدایەوەو تەنانەت کەسیش بۆمان نەگریا، کەس پڕۆفیسیۆر... کەس هەر هەموو مرۆڤایەتی لە ئەزەلەوە ئێمەی قوربانی فەرامۆش کردووە، وەك ئێستا کە چۆن تۆ ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە فەرامۆش دەکەیت...

بە هێواشی دەستی خستە سەرشانم و نەرم و لەسەرخۆ کەوتە قسەکردن:



- بزانە مستەر باکۆ، دامنابوو تا یەك ساڵی ڕەبەق بەردەوامبم لە گەڕان و کنەدا بەدوای گۆڕی ئەمیتادا، ئەوە یەکێك بوو لە خەونەکانی ژیانم، ئێستە ئەوەی پاشگەزی کردوومەتەوەو وام لێدەکات، نیوە ناچڵ و بێ ئومێد بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، دۆزینەوەی ئەم گۆڕە بە کۆمەڵەیە...

دڵنیابە خەونی گەورەی لە ئێستە بە دواوەی من پەردە هەڵماڵینە لەسەر نهێنی ئەم کارەساتە کە تا سەر ئێسقان ئازارم دەدات و تەواوی دنیا بینی و ژیانی گۆڕیم، سەر لە بەری بەرنامەی ژیانی تێکداوم...

پشتی تێکردم و بەرەو چاڵەکە کشاو منیش بە دوایدا هاوارم دەکرد...

- تکایە با چەند ڕۆژێکی تر بمێنینەوە، دڵنیام سەرە داوێکمان هەر چنگ دەکەوێت، تکایە پڕۆفیسۆر بەڕۆیشتنمان لێرە هەموو شتێك بزر دەبێت.

ئەو لە پێشەوەو منیش بەدوایدا بە ڕێچکە ڕێگەی نێوان دوو هێڵی چەماوەی ئێسکی مرۆڤدا پیاسەمان دەکردو بەردەوام دەدواین...

- تۆ دەبێت تێبگەی ئێرە هێندە گرنگ نییە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکە، باکۆ گیان ڕاستە ئێرە شوێنی کۆمەڵ کوژییەکەیە، بەڵام هەمان زەمەن نییە هەموو بەڵگەکان ئاماژەن بەوەی کە نزیکەی بیست ساڵ بەسەر ئەم کارەساتەدا تێپەڕیوە، بیست ساڵ مێژوویەکە، باکۆ گیان دەبینی کێشەی ئێمە لەگەڵ زەمەندایە نەك جێگا، تاقە ڕێگایەك بۆ ئەوەی بزانین لێرەدا چی گوزەراوە، گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆ ساتی ڕیزبوونی ئەم قوربانیانەو ئەو چرکە ساتانەی جەلادەکان میلی تفنگەکانیان ڕادەکێشن و پەنجە بە پەلە پیتکەکەیدا دەنێن...

- گەڕانەوە بۆ زەمەنی رابردوو مەحاڵە مەحاڵ، ئەمەی تۆ دەیڵێیت هەر لە خەیاڵی نێو فلیمەکانی هۆلیود دەچێت...؟!

- بەلاّم خۆ سەرەتای هەموو هەنگاوەکان خەیاڵە، زۆربەی حەقیقەتەکانی ئەمڕۆ لە رابردوودا خەیاڵی پەتیبوون، سەد ساڵ بەر لە ئێستا کێ بڕوای دەکرد مرۆڤ دەگاتە سەر مانگ.

- ئەوەیان حەقیقەتێکی زانستییە مرۆڤ لە ریگەی دروستکردنی کەشتی ئاسمانییەوە توانی بگاتە سەر مانگ، لە ریگەی بە دەستهێنانی کەشتییەکی خێراتریشەوە بە دڵنیایەوە مانگیش تێدەپەرێنێت تا قووڵایی ئاسمان، بەلاّم شوێن و کات لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەوەن، مەحاڵە مرۆڤ بتوانی زەمەن راگرێ، یان ئاڕاستەو بزوێنی پێچەوانەکاتەوە ئەمەیان جگە لە خەیاڵێکی شێتانە چی تر نییە...

ئەو شەوە ئێمە دوو زیندوو بووین بەنێو بازنەی مردووەکاندا پیاسەمان دەکردو ورد ورد بە پێی ویستی ئەوان دەبوا بخولێینەوە. کاتێکیش گەیشتینە چەقی بازنەکە پرۆفیسۆر ئاوڕێکی لێدامەوەو نەرمتر لە پێشوو وتی:

- باکۆ ئێستا تۆ لە کاتێکدا ئەم هەموو ئێسك و پروسکە دەبینی کەف و کوڵێی خەمێکی قورس ئەوکی گرتووی و توند توند بێرەتەوە دەبەستێتەوە. هەموو ئەم کارەساتەت لە چاوانتا هەڵگرتوون، بەلاّم من بە پێچەوانەی تۆوە دیمەنی ئەم گۆڕە بە کۆمەڵەم لە ئەقڵ و یادەوەری و جانتاکەما هەڵدەگرم و کاتێك ئێرەش بەجێدەهێڵم بەجدی کاری بۆ دەکەم،



بەلاّم تۆ بۆیە لە بەجێهێشتنی ئێرە دەترسی چونکە لەگەڵ رۆشتنتدا هەموو کارەساتەکەش بزردەکەیت و لە یادت دەچێتەوە...

قسەکانیم پێناخۆش بوو بۆیە سەرم داخست و هیچم نەوت هەرچی ئەو بوو زیاتر درێژەی پێدا...

- دڵنیابە من وەك قەشەیەك یان شێتێك قسەناکەم، ئەوی من بیری لێدەکەمەوە هاوکێشەیەکی زانستییە، کە زەحمەتە ئێستە بتوانم تۆی لێ تێبگەیەنم...

ئاڕاستەی چاوەکانم لە سیمای پڕ چرچ و لۆچی پرۆفیسۆرەوە گواستەوە سەر ئیسکە پەیکەری ئافرەتەکەو دیسانەوە هیچم نەوت، هەستمکرد تا من بێدەنگ بم ئەو زیاترو باشتر بەرنامەی کاری خۆیم بۆ باس دەکات...

- کۆمەڵە زانایەك گەلاڵەی پرۆژەیەکی زانستیان پێشکەش بە ئاژانسی (ناسا) کردووە، پرۆژەکە هەوڵدانێکە بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی نهێنی پشتی ئەو رووداو دیاریدە سەیرو نا مەنتقیانەی کە تا ئێستا مێشکی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە خەریککردووە، کە هیچ یاساو پاساوێکی زانستی هەڵناگرێت...

- وەکو چی؟

- وەکو سێ گۆشەی بەرمۆدا. ئەو سێ گۆشە نهێنییە پڕ مەرگەی کە بەردەوام کەشتییەکان لە خۆیدا نغرۆ دەکات، و کەسیش نازانێت بۆ...

سەرم هەڵبڕی و بەبزەیەکەوە وتم:

- جا پرۆفیسۆر، پرۆژەی ئەو زانایانە تا چەند دەتوانی نهێنی ئەو دیاریدەیە بدۆزێتەوە...؟

- لە ئێستادا ناتوانن، بەڵام پڕۆژەکەی ئەوان ئەو دیاریدەیە دەخاتە فایلێکەوەو پاشان ئەرشیف دەکرێت و رەوانەی ئایندە دەکرێت تا ئەو رۆژگارەی ناسا دەتوانێت کەشتییە ئاسمانێکانی خۆی بە خێرایی تیشك رەوانەی قوڵایی ئاسمانی دەرەوە بکات، ئەو کات بە ئاسانی دەتوانێت هەموو ئەو دیاریدانە ئاشکرا بکات و پەردەیان لەسەر هەڵماڵێت، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت...

بە سەرسوڕمانەوە پێموت:

- من هیچ تێناگەم، ئاخر قوڵایی ئاسمان چ پەیوەندییەکی بە رووداوە نامۆکانی سەر ئەم هەسارە بچووکەوە هەیە، تکایە تێمگەیەنە، هەموو ئەو کاتەی کە قسەی بۆ دەکردم من کەوتبوومە سەرووی کەڵلە سەرەکەوەو ئەویش لە دامێنی ئێسکە پەیکەرەکەدا وەستابوو، تا لەپڕ پێچێکی لێداو بە چەند هەنگاوێك هاتە تەنیشتمەوەو دەستێکی خستە سەر شانم و دەستێکی تریشی بەرزکردەوە بۆ قوڵایی ئاسمان و چاوی بڕییە ئەستێرەکان و لەگەڵیدا پێیووتم:

- بڕوانە ئەو ئەستێرە گەشە دەبینی... لە قوڵایدا بریسکەی دێت، گریمان ئەو ئەستێرەیە دوو هەزار ساڵ تیشکی لە ئێمەوە دوورە کە خێرایی تیشك لە هەر چرکەیەکدا سێ سەد هەزار کیلۆمەترە، کەواتە بۆ ئەوەی تیشکی ئەو هەسارەیە بگاتە ئێمە دوو هەزار ساڵ دەخایەنێت، واتا لە یەکەم ساتی دروستبونی ئەو هەسارەیەوە تا گەیشتنی یەکەم تیشکی بەسەر زەوی، بینینی لە لایەن ئێمەوە دوو هەزار ساڵی دەوێت. دەشێ لە هەزار ساڵی یەکەمیدا هەسارەکە نەمابێت و لە بەین چووبێت یان



جێگاکەی خۆی گۆڕیبێت، بەڵام ئەوەی ئێستە بە ئێمە دەگات تیشکی هەزارەی یەکەمی بێت کە لە سەرەتاوە بۆی روانە کردووین کەواتا بە پێی ئەم بیردۆزەیە گەر بێت و ئێمە لەم ساتەدا لەسەر ئەو هەسارەیەوە بڕوانینە سەر گۆی زەوی ئەوا ئەو رووداو شێوە ژیانە دەبینین کە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستە بەسەر ئەم هەسارەیەوە بووە...

ئەم زانایانە بیریان لەوەکردۆتەوە کاتێك کە ناسا لە ئایندەدا، دەگاتە ئەوەی کە بتوانێت بە خێرای تیشك رووەو قوڵایی ئاسمان بکشێت، ئەو کات بە پێی ئەو دۆکۆمێنت و فایلە ئەرشیفکراوانە لەگەڵ کەشتییەکی ئاسمانیدا دەیگەیەننە ئاست و دووری پێویست و لەوێشەوە بە تەلسکۆبێك دەڕوانینە جێگای مەبەست و رووداوەکانی ئەو زەمەنە دەبینین کە مەبەستمانە، هاوکاتیش دەتوانین تۆماری بکەین و بەهەموو جیهانیشدا پەخشکرێتەوە، گەر نموونەکەش لە سەر ئەم گۆڕە بە کۆمەڵە بهێنینەوە، ئەوا تەنها ئەم شوێنەو ساڵی رووداني تاوانەکەمان پێویست دەبێت...

با وای دابنێین لە ئێستادا کە ساڵی (٢٠٠٧)ئێمە لەو کەشتییەداین. تۆ دەڵێیت پڕۆسەی ئەنفال و ئەم کۆمەڵکوژییە لە ساڵی (١٩٨٨)دا رووی داوە، بۆ ئێستە نزیکەی بیست ساڵ دەکات، ئەو کات بە پێی خێرایی وێنە لە بۆشاییدا، وێنەش بە هەمان خێرایی تیشك لە چرکەیەکدا سێ سەد هەزار کیلۆ مەتر دەبڕێت. کەواتە ئێمە دەبێت بیست ساڵی تیشکی لە زەوییەوە دوور بین و لەو پنتەوە تەلسکۆبەکەمان بخەینە سەر ئەم بیابانە. وردتر بڵێین رێك ئەم چاڵە بازنەییە، ئەو کات ئەوەی دەیبینین و سەرسام و دڵتەنگمان دەکات هەمان ساتی بازنە بەستنی ئەم قوربانیانە و

گولله بارانکردنیانه. دوواتر هەمان شێوە دەتوانین دەنگی دەستڕێژو قاوقیژو گریان و گفتوگۆی ئەو ساتانەش لە قولاّیی ئاسماندا بدۆزینەوەو سەر لەنوێ وەك خۆی تۆماری بکەینەوە، چونکە دەنگیش بەهەمان شێوەی وێنە بە نەمریی لە بۆشایی ئاسماندا تا ناکۆتا دەمێنێتەوەو شەپۆل دەدات، پێوەری وردی زانستیش بۆ خێرایی بلاّوبوونەوەی دەنگیش لە هەر چرکەیەکدا یەکسانە بە سێ سەدو سی مەتر. کەواتە نزیکتر زۆر نزیکتر توانای کۆکردنەوەی دەنگی ئەو ساتە وەختەشمان لەبەردەستدایە لە پاش ئەم هەنگاوانەش دەبینە خاوەنی فیلمێکی دەنگداری ڕەنگاورەنگ و بەبینینی هەموو نهێنییەکەش ئاشکرا دەبێت...

تا ئەو ساتە من هەروا واق وڕماو حەپەساو سەیری دەم و پل و جوولەی خێرای دەست و پەلی پرۆفیسۆرم دەکرد، سەرسامی لە ناخەوە ختوکەی دەدام، خوایە تۆ بلێیت ئەمەی پرۆفیسۆر دەیلێت قابیلی بەدیهاتن و جێبەجێکردن بێت. لە لایەکەوە خۆشحاڵبووم بەوەی ئەم حەقیقەتە تاڵە بزر نابێت و لە لایەکی تریشەوە نەمدەتوانی بە تەواوەتی بڕوا بهێنم، لەوە زیاتر خۆم پێڕانەگیراو وتم:

- بەلاّم ئەمە کەی دەبێت پرۆفیسۆر، چەندی تر دەگەینە خێرایی تیشك؟

- ئەمەیان من نازانم، ئایندە دەیزانێت، لەوانەیە پەنجا بۆ سەدان ساڵی تر بخایەنێت.

بە دوواین قسەی سەرم داخست و بە غەمگینییەکەوە لەژێر لێوەوە وتم:



- کەواتە هیچ... ئێمە ئەو ساتانە لە ژیاندا نەماوین... و مردووین...

- نەك هەر ئێمە مردووین... پێدەچێت مناڵەکانیشمان نەمابێتن...، بەلاّم بە دڵنیاییەوە نەوەی نەوەکانمان دەیبینن...

- کەواتە ئەم هەموو خۆماندووکردنەی تۆ لە پای چی...گەر لە ژیانی خۆتدا نەتوانی بەڕێکەویت...

بە نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

- هەموو سەردەمێك نهێنی خۆی هەیە... هەر چۆن لە هەموو سەردەمێکیشدا نهێنی گەلێکی تر ئاشکرا دەبێت... گرنگ ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە بەدووای حەقیقەتەوەیە...

شەو لە نیوە لای دابوو بەنێو سەدان ئێسکە پەیکەری ڕاکشاوو بێ جوڵەدا کەوتینەوە هەنگاونان و بەرەو خێمەکەمان گەڕاینەوە.

بەر لەوەی ئاودیوی خێمەکە ببم ئاوڕم دایەوەو بە تاریکی چڕی بیابانەکەدا چاوم گێڕا بەهیوای ئەوەی بۆ دواجار جەستەی پڕ نووری ئەمیتا ببینمەوە، بەلاّم وەك هەمیشە هیچم پێش چاو نەکەوت، بە ئاخێکی قووڵ و پڕ حەسرەتەوە وتم:

- گوزەشت...

لە خێمەی برا عەرەبەکانیشەوە بە ئاستەم دەنگی عبد الحلیم دەهات (ما أصعب أن تهوی أمرأة یا ولدی لیس لها عنوان)

## لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا

ئێستە کە ساڵانێکی زۆری پڕ لە زووخاو بەسەر گەڕانەوەمدا تێپەڕیوە. بابل و بیابانی بابل بۆتە ئەژدیهایەکی دوو سەرو لە شان و ملم ئاڵاوە. حاڵ پەشێوو ماندوو ماندوو کردومیانەتە سومبلی کارەسات. وەك بزماری ژەنگ گرتوی چەقیوی نێو کلۆرە دارێکی رزیوم لێهاتووە. دوای گەڕانەوەم چیتر من باکۆکەی پێش سەفەری بابل نەمام، باکۆی پێشتر هەمان ئەو هەرزەکارە سادە دڵ و ئارامەی کە هەمیشە پڕپڕ بووم لە خەیاڵ و جووانی. گۆڕا بە باکۆی پیرو گرینۆك و نیوە مردوو. ئەو دوو فریشتە سپی سپییەی نێو خەیاڵ و یادەوەریم کە هەمیشە لە منالّی و هەرزەیمدا دایکم پێیدەوتم: کوڕم ئاگاداربە ئەو دوو فریشتەیە خێرو شەڕەکانت دەنووسنەوە، هەمیشە بەڕێزو باش بە لەگەڵ خۆت و خەڵکیدا. ئاخ ئێستە دوای گەڕانەوەم لەبری ئەو دوو فریشتەیە، دوو کارەساتی ئەبەدی، دوو خەمی هەمیشەیی و قوڵ... خەمی خاتوو ئەمیتاو خەمی نهێنی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی بابل،



وان بەسەر شانەکانمەوە شۆڕبوونەتەوە. ئەو دووەی لەبری نوسینەوە بە دوو لاستیکەوە هێدی و ئارام ژیانم دەسڕنەوە. پەل پەلیان کردوومەو هەریەکەیان بە لایەکدا رامدەکێشێت. خەمی ئەمیتا بەرەو دواوە، بەرەو قوڵایی مێژوو بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستام دەگێڕێتەوە. رۆحی شێت و ماندوم دەبات و لەنێو شارەکانی بابل و نەینەواو ئەکباتاو بیابانە بێ سنوورەکانیاندا وێڵی گەڕان و دۆزینەوەی خۆیم دەکات. ئێسك و پروسکی کەڵەکەبوی سەر شانی چەپیشم رووەو ئایندە دەمئاژوێ، بۆ سات و زەمەنێك دەزانین و ئاشکرا دەبێت کە بۆچی مردۆکان ریز دەبەستن و لە بازنەکاندا دەمرن.

لە دوای بابلەوە من دوو نیوە مرۆڤم، دوو نیوەی ناکۆك و دژ بە یەك، لایەکم لە قووڵایی مێژوودایەو لایەکیشم لە قووڵایی ئایندە دایە. تەنانەت بۆ ساتێکیش نەمتووانیوە لە ئێستادا و وەك هەر کەسێکی تر بژیم و هەناسە بدەم. بیرم نایەت بەرە بەیانێك هەبووبێت بە دەم هاواری ئەمیتاوە رانەچەڵەکیبم و وەك منداڵ بەسەر جێگاکەمەوە تێروپڕ نەگریابم. بیرم نایەت نیوە شەوێك هەبووبێت بێ خەیاڵ و پرسیاری نهێنی بازنە راکشاوەکانی کۆ مەرگی بابلەوە خەو چوو بێتە چاوەکانم. پێم وابێت هەمان رێگاو چارەنوسی ئەمیتام بۆ ماوەتەوە، جگە لە مردن شتێکی تر نییە رزگارم بکات و بێتە فریاد رەسم. وەك ئەمیتا دەبێت خۆ رزگار بکەمو ئەم جەستە پیرو رزیوە تورڕهەڵدەم کە رۆحی دیل کردووم. رۆح لە جەستەدا ملکەچی زەمەن و شوێنەو توانای فڕین و سەرفرازی نییە، بە یەك ئاڕاستە دەجووڵێت، سەرەتا لە رابردوودا هەڵدێت و لە ئێستادا دەژێت و لە

داهاتووشدا دەکوژێتەوە، بەڵام دڵنیام ڕۆح لە دەرەوەی جەستە بەم شێوە ڕاستە هێڵە کورتە نابزوێت. ئەو دەفڕێت لە بازنەیەکی ئەبەدییا بەردەوام دەفڕێت، گیرۆدەی کات و شوێن نییەو هەر زەمەن و جێیەك بخوازێت لەوێ دەبێت. تا ئەم جەستە ڕزیوە لە خۆم دانەماڵم ناتوانم جارێکی تر بە شاژنە ئەمیتا شادبمەوەو ببمەوە هاوڵ و هاوسەفەری گەشتە ئەبەدێکەی. ناشتوانم ڕۆحی ئەو هەموو منداڵ و ژن و پیرە بدوێنم، تا نهێنی شەو مەرگی بە کۆمەڵی خۆیانم بۆ بگێڕنەوە.

کەواتە لە بیرم نەچێت سبەی یان هەر ڕۆژێکی تر، بچمە نێو چیاو لە بەرزترین خەرەندەوە هەوڵی فڕین بدەم. من کە بە خەیاڵ پڕ پڕم لە ئەزموونی فڕین دڵنیام بەرز... زۆر بەرز و ئەبەدی دەفڕم... دەفڕم و ئەوی بەجێدەهێڵم، تەنها ئەم دەستنووسە شڕەیە کە ساڵانێکی زۆرە بەسەریدا دەگریم و بە فرمێسکی چاوەکانم قەتماغەی بەستووە.

❋❋❋

## بەشی دووەم

# گەڕانەوەی مەرگ لە قوولآیی گەردوونەوە



## ٢٠٨٨

ساڵی (٢٠٨٨) واتا ڕێک سەد ساڵ پاش پرۆسەی ئەنفال، ناسا کەشتییەکی ئاسمانی خۆی بە خێرایی تیشک ڕەوانەی قوولآیی ئاسمان کرد، مەبەستی سەرەکی سەفەری کەشتێکە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵماڵینی نهێنی (تۆنێڵە ڕەشەکان) بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دانە فایلێکی بەشی ئەرشیفی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، ئەو فایلانەی کە تایبەت بوون بەو ڕووداو و دیاردانەی مرۆڤ لە کات و سەردەمی خۆیدا نەیتوانیبوو پەی بە حەقیقەت و نهێنییان بەرێت، بە نیازی ئەوەی تەلیسم و گرێ کوێرەیان بکاتەوەو دیوی نادیارو پەنهانیان ئاشکرا بکات، یەکێک لەو فایلانە هەمان فایلی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی بیابانی بابل بوو، کە مێژووەکەی لە فایلەکانی تر نوێتر بوو. کەشتییەکە بەپێی بەرنامە ڕێژییەکی زانستی فیزیایی فەلەکی و ماتماتیکی ورد بە ڕێکرابوو... بە جۆرێك لە جۆرەکان و لە ڕێگەی یەکێك لە تونێڵە ڕەشەکانی گەردوونەوە پەڕیبۆوە ئەو دیوی

**شەپۆلە وێنەییەکانی سەدەیەکی لەوەوە پێشتر... سەرەتا سەد ساڵەکەیان دابەشی چرکە کردو بۆ هەر چرکەیەکیش سێ سەدو سی مەتریان بڕی تا گەیشتنە ئاستی شەپۆلی ئەو دەنگە پەرش و بڵاوانەی قووڵاییی گەردوون. لە ڕێگەی چەند ئامێرێکی هەستیارەوە، تەواوی شەپۆلی دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوەکانی ئەو ئاستەیان کۆکردەوە. پاشان زۆر دوورترو قووڵتر، تەلیسکۆبیان ڕووەو گۆی زەوی دابەست، ڕووی تەلسکۆبەکە کەوتبووە نێوان هەر دوو هێڵی (٣٢ - ٣٤) پانی و (٢٢ - ٢٤) درێژی وردتر بڵێین ڕێك ئاڕاستەی ئەو ناوچەی بیابانە کرابوو کە کاتی خۆی گۆڕە بەکۆمەڵەکەیان تێدا دۆزیبووەوە، بە پێوەری پێوانەی زەمەنی سەر ڕووی زەوی چەند ڕۆژێك لەو دوورەوە لەنگەریان گرت تا تەواوی ڕووداوەکانی سەد ساڵی بەر لە ئێستای ئەو بیابانەیان تۆمارکرد، دوواتر هەر لەناو کەشتێکەداو بە سەلیقەیەکی هونەرییەوە دەنگە پێویست و تایبەتەکانیان پاکژکردبووەو لەگەڵ وێنەی فیلمە تۆمارکراوەکەدا دۆبلاژیان کردبوو. پاشان لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە ڕەوانەی سەر زەویان کردەوە، دواتریش لە ڕێگەی ئاژانسی ناساوە خرایە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و بە تەواوی جیهاندا پەخشکرایەوە.**

**لە پاش نیوەڕۆی گەرمی هاوینی ساڵی(٢٠٩٧) لە هەر پێنج کیشوەرەکەی زەویدا، مرۆڤ گەلێکی زۆر چووبوونە پشت کۆمپیوتەرەکانیان و چاویان بڕیبووە فیلمی (نهێنی حەوتەوانەی بابل) لە یەککاتدا کوڕی کوڕی مستەر باکۆ و پرۆفیسۆر، کوڕو کچانی ئەورووپی و ئەمریکی و چینی و عەرەبی وکوردی، بە تەواوی خەڵکانی گۆی زەوی لە**



**هەموو کووچەو قوژبنێکی جیهاندا، پەنجەیان خستبووە سەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکانیان و سایتی (www.anfal.com) یان دەکردەوە. ئەو سایتەی کە فیلمەکەی تێدا نمایشدەکرا، کارەساتی مردنی سەدو نۆ ساڵ بەر لە ئێستای ئەو منداڵ و ژن و پیاوە کوردانەی لە ئەڵقە ئەڵقەی بازنەی داخراوادا کوژران، پاش سەدو نۆ ساڵ، ئەمڕۆ تێدەگەین نهێنی ئەو بازنانە لە چی و کوێدایە.**

**سەرەتا بەر لە دەستپێکردنی فیلمەکە. ئەگەر بکرێت لە ڕووی ئەخلاقیەوە ناوی فیلمی لێ بنێین.**

**پێشەکییەك دێتە سەر شاشەکە، کە بریتییە لە ڕوونکردنەوەیەکی کورت و پێویست تێیدا پێناسەیەکی پڕۆسەی ئەنفال و ساڵ و سەردەمی کارەساتەکەیە پاشان تاریکییەکی خەست و ڕەش ڕەش تەواوی شاشەی مۆنیتەرەکەی داپۆشی و ڕووداو دیمەنی کارەساتەکە وەك خۆی کتومت وەك ئەو شەوە ئەنگوستە چاوەی کە سەدو نۆ ساڵ بەر لە ئێستا قەوما، بە تەواوی دەنگ و وردەکارییەکانەوە هاتە سەر شاشەی کۆمبیوتەرەکە ئێمە بە ناچاری دەڵێین فیلم ئەگینا ئەوەی دەبینرا خودی واقیع خۆی بوو بێ زیادو کەم، نەك ڕووداو دیمەنگەلێکی دروستکراو، ئەوەی دەبینرا وێنەیەکی لەبەرگیراوەی چەند چرکەساتێك بوو کە لە قووڵاییی گەردووندا دۆزرابۆوەو سەر لە نوێ گەڕێنرابۆوە شوێنی ئەوەڵی خۆی، دیمەنگەلێك کە سەدو نۆ ساڵی تیشکی بەو هەموو خوێن و برین و ئاه و ناڵەوە ڕووەو قولاییی گەردوون بەرەو خوا شەپۆلی دەدا. پاش ئەو هەموو ڕێگا دوورە هێشتا خوێنی سەر سینگ و دەست و پلیان تك تك دەچۆڕاو نەبوو بوو بە**

**دەڵەمە، هێشتا هاواری قورگیان دەنگیدەدایەوەو هێشتا بیلبیلەی چاوە پڕ ترس و فرمێسکەکانیان بیئۆقرە بە دوای فریاد رەسێکدا وێڵ و شەیدا بوون.**

**ئێستا خەڵك گەلێکی زۆر لە بەردەم کۆمپیوتەرەکانیاندا رۆنیشتون و لە بارێکی پڕ ترس و شڵەژانی دەروونیدا، دەڕواننە دیمەنی کۆمەڵکوژی ئەو مەخلوقاتە گوناهانەی لە نیوە شەوێکی تاریکی بیاباندا وەبەر دەسترێژی تفەنگ دران و زیندە بەچاڵکران... ئێستە بە ترس و شەرمەوە دەڕوانن. ترس لەو هەموو خوێنە سوورە، شەرمیش لەوەی کە مرۆڤن، ئێستە ئیتر هیچ نهێنییەك لە گۆڕێدا نییە... گرێ کوێرەکە واڵا بوو... نهێنی و هۆکاری بازنەکان (بازنەکانی مەرگ) ئاشکرا بوو...**

***



## ئاوێتەبوونی مەرگ و ژیان

**لە نیوە شەوە تاریکە رەش رەشەکەدا دەنگ گەلی گوڕەی سەیارە هاتە گوێ و دواترش رووناکی لایتەکانیان بەدیار کەوت، نزیکەی دە زیلی سەربازی و چەند جێبێك دەبوون، هاتن و لە شێوە کەوانەییەکدا لەنگەریان گرت و رووناکی لایتەکانیان کەوتبووە سەر چاڵێکی بازنەی فراوانی بەردەمیان. سەرەتا ئەفسەرو سەربازانی مەچەك ئەستوری پۆستاڵ رەش لە جێبەکانەوە خۆیان هەڵدایە خواریّ و دەوروبەری زیلە پڕ لە خەڵکەکەیان گەمارۆدا، لە هەر زیلێکیش چەند سەربازێکی تر بەر لە خەڵکە رەشۆکەکە خۆیان فڕێدایە خواریّ و لوولەی تفەنگەکانی دەستیان ئاڕاستەی خەڵکەکە کردوو کەوتنە هات و هاوارو جنێوپێدانیان ژن و منداڵ و پیاوی رەنگ پەڕیو و تۆقیو بە لێشاو بەردەبوونەوە، هەر وەك رانە مەڕی بەر شالاّوی رەوە گورگ گرمۆڵە ببوون و تێکهەڵدەبژان و دەگریان... تەپوتۆزی مەیلەو سوور لەژێر قاچە لەرزۆك و شپرزەکانەوە بەرز دەبووەو**

رووناکی لایتەکانی تەڵخ دەکرد. قاو قیژو زریکەی منداڵ و باوکەڕۆی پیرەکان دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەك، سەربازەکان بە زمانی عەرەبی جنێوی پیسیان پێدەدان و بەشەق و قۆناغە تفەنگ تێیان کەوتبوون و بەرەو نێو چاڵەکە پاڵیان پێوە دەنان و جارجاریش تەقەو دەستڕێژی گوللەیان بەسەردا دەکردن. پیاوەکان بە سەرو ریشی تۆزاوی و جلوبەرگی شێتاڵ شێتاڵەوە سەریان شۆڕکرد بوو و رووەو نێو چاڵەکە خۆیان دەخشان‌و ژنان پرچیان دەڕنی و دەیانقیژاندو منداڵەکانیش هاواری دایك و باوکیان دەکرد...

دوا کەسانێك کە لە زیلەکان هاتنە خوارێ پیاوێك و دوو ژن بوو، ژنی ناوەند خۆی دابوو بەسەر شانی پیاو و ژنەکەی تر‌داو قریشکەو فیزاحی بەردەوام بوو، سیمای شێواو و زگی هەڵئاوساوی نیشانەی دوا ساتەکانی منداڵبوونی بوو، گەر دوو کەسەکەی ژێر باڵی نەبا توانای بەسەر پێوە وەستانی نەبوو یەك سەر بەلادا دەکەوت، سەربازەکان خوڕییان بەسەریانداو هەرچۆنێك بێت ژنەی پەشێوحاڵیان پەلکێشی نێو حەشاماتی چاڵەکە کرد، پێدەچێت زگەکەی نۆبەرە بێ بۆیە هێندە گیرو بە ئازارە، ژنەی داماو نۆ مانگە چاوەڕێی منداڵەو منداڵیش لە ئاوها حاڵێکدا دێتە ژیانەوە، لە بەهەشتی ئارامی دایکییەوە بۆ دۆزەخی مەرگ هێن، لەوێڵداشی نەرمی دایکییەوە بۆ وێڵداشی زبرو گەرمی بیابان. قەدەری ئەم منداڵە وایە ژیانی هەر هێندەی بلقی سەر ئاوێك بێت، تەنانەت تەمەنی ئەو پەپولانەشی نابێت کە بەیانیان دەتروکێن و ئێواران دەمرن، لە تاریکی هەناوی دایکییەوە دێت و دەمرێت بەر لەوەی رووناکی ببینێت، بەر لەوەی بانگی خوای بە گوێیدا بخوێنن بەخۆی دەگاتەوە لای خوا، بە فریای ناو لێنان ناکەوێت و بۆ هەمیشە لەیاد دەچێت وەك ئەوەی هەرگیز نەبووبێت، تەنها ئەو ژنە نەبێت بە ئازاری ژیانەوە دەیقیژاند، دەنا هەر هەموو حەشامەتەکە بە ئازارو ترسی مەرگەوە دەگریان. بۆ مەرگی پووچ وگۆڕی غەریبی خۆیان دەگریان. سەربازە عەرەبە رەشتاڵەکان بە قریوەو سروودی سەرکەوتن و هەلهەلە لێدانەوە بە چوار دەوری چاڵەکەدا ریزیان بەست و ئەڵقەیەکی پتەوی مەرگ پڕژێنیان دروستکرد، یەك بە تەنیشتی یەکەوە گاڵتەو گەپیان دەکردو سیگاریان بەبادەدا، ژنە بەردەوام هێزی وەبەر خۆیدەداو منداڵ وەك ئەوەی لە هاتنە دنیاوە پەشیمان بووبێتەوە، نەدەهات و نەدەهات... گەنجێکی سەرو ریش تێکچڕژاوی کەڵەگەت بە هەموو هێزو توانایەك کە پێیمابوو هاواری سەر حەشامەتەکەی کرد...

- پێویست بە پەلەقاژەو گریان ناکات، لە هەموو حاڵێکدا ئێمە مردووین، دوا مانایەك بە خۆمان و ژیانی ببەخشین، با پاراستنی ئەم ژنە داماوە بێت تا منداڵەکەی دەخاتەوە.

نووشتایەوە سەر ژنەکەو دەستیدایە بن باڵی و سەری بەرەو حەشاماتەکە هەڵبرییەوەو تێهەڵچووەوە.

- خێرا دەستی بەنێ با بیگەیەنینە ناوەڕاستی چاڵەکەو لە نێوان خۆماندا مەلاسی دەین.

پیاوێك لەنێو حەشامەتەکەوە هاواریکرد:

- لە ئاوها حاڵێکدا منداڵ بوون چ قیمەتێکی هەیە، باشتر وایە لێگەڕێن هەر بەو ئازارەوە بمرێت، مردن بەسەر منداڵ بوونەوە گەلێك لە مردنی دەستڕێژی گوللە ئەهوەنترە.

چەند کەسێك چوون بە دەنگ کوڕەوەو ژنەیان بە چوار دەستە بەرەو ناوەندی چاڵەکە بردوو، پاشان یەکیان دەستی بردو بەردێکی دۆزییەوەو خستیە ژێر سەری. کە پێچی تیژی ئازار لە پەلوپۆی خستبوو، پیاوێکی پیر کە لە برسا چاوەکانی زەرد هەڵگەڕابوون بە کزە دەنگێکەوە وتی:

- دوا چەکی دەستمان بۆ کوشتنی ئەم بەعسییە جەلادانە پاراستنی ئەم ژنە داماوەیە بۆ ئەوەی مناڵەکەی ببێت، خۆ ئەوان هەر دەمانکوژن، دە وەرن با هەر هەموو جەستمان بکەینە قەڵغانێك بۆ پاراستنی ئەم ژنە تا ژیانێکی نوێ بخاتەوە.

یەکێکی تر هەڵیدایەوەو هاواریکرد...

- دەی کوڕینە، ئەوان ژیان دەکوژن، با ئێمەش ژیان بپارێزین، دەی خێرا بە دەوری ئەم ژنەدا ئەڵقە ببەستن...

یەکێکتر وتی:

- دەبا مناڵەکان بینە یەکەم بازنە، هەر چۆنێك بێت ئێمە لە وان زیاتر ژیاوین، هیچ نەبێت با ئێمە پێشتر لەوان بمرین.

ئیدی بازنەیەکیان بە جەستەی مناڵەکان بەدەوری ژنەکەدا رێکخستو تا جەلادەکان میلی چەکە پڕ فیشەکەکانیان راکێشا. خەڵکەکە بە جەستەی خۆیان حەوت حەساری پتەوی یەك بە دوای یەکیان خوڵقان، هێندە پتەو و قایم پاڵیان بە یەکەوە دابوو، لە شورای پۆڵا



دەچوون... ئێستە ئەوەی دەبینرا هەشت بازنەی داخراوی یەك بە دوای یەکدا بوو، حەوت بازنەی قوربانی و ژیان دۆست و یەك بازنەی جەلادوو مەرگ پەرژێن، هەر هەموو سازو ئامادەبوون، چ بۆ مردن و چ بۆ کوشتن لەپڕ ئەفسەرێك بە دەنگی گڕ هاواریکرد.

- ارمو...

لە یەککاتدا قرمە قرمی دەستڕێژی گوللەی گڕدار لە هەموو لایەکەوە داباری، لەنێو رووناکی کاڵ و توێژاڵی تەنکی تەپوتۆزدا لوولەی چەکەکان بەلاچەیان دەداو ئاگری زەردو سووری یەك بەدوای یەکی تیژو سووتێنەر بەرەو دیواری گۆشت و ئێسك و خوێن هوروژمیان دەبرد. لە چەند ساتێکی کەمدا پشتە دیواری بازنەی حەوتەم بەدەم گوللەوە شەقار شەقار بوو، خوێن فیچقەی کردو بۆن کرۆزو سووتانی گۆشت و خوێن بە هەوای چڕو قورسی شەوەکەدا بڵابووەوە، لە بەرامبەر هێزو ئازاری دەستڕێژی گوللەکان خۆیان بۆ رانەگیراو هەموو پێکەوەو دەست لەناو دەست بە دەماکەوتن. جەلادەکان بە هاوارو هەلهەلە لێدانەوە یەکبین پەنجەیان خستبووە سەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان و گوللە بارانیان دەکردن... دیواری حەوتەم رووخا، دیواری شەشەمیش بە دەم گوللەوە شڕۆڵ بووەو تۆزێکی تر نابا تەختی زەوی دەبێت، سەیرە وەك ئەوەی بە چاو و دڵ بەڵێنیان بە یەك دابێت کەس نەك هەر نەدەگریا، بەڵکو کڕو کپ و خامۆش پشتیان کردبووە مەرگ و ورتەیان لە دەم نەدەهاتەدەر، بەڵام فرمێسك بە لاڕوومەتە قوپاوەکانیاندا چۆڕاوگەی بەستبوو تەنها ئەو ساتانە نەبێت کە گوللە بڕبڕە پشتی دەبڕین هێدی و لەژێر لێوەوە ئاخێك یان ئۆفێکیان بە

دەمدا دەهات و چەندیان لە توانابایە بە پێوە خۆیان رادەگرت و بە ئاسانی نەدەکەوتن، منداڵەکان پێیان وابوو بۆ یاریکردن ریزکراون. یەکێکیان دەستی دایە پارچە پەڕۆیەك و بە پشتی هاوڕێکانیدا کەوتە غارو بە دەنگی بەرز هاواریدەکرد.

- هۆ رێوی رێوی...

منالآنی تر تێکڕا وەلآمیان دەدایەوە:

- هۆ
- رێوی بێ ئیمان
- هۆ
- شەریکی شەیتان
- هۆ

هەمووان سەرقاڵبوون جەلادەکان بە کوشتن و قوربانیان بە مردن و مندالآنیش بە یاری، ژنەش بە ئازاری مندالْ خستنەوە دەتلایەوەو دەیزریکاند. بازنەکان پشتیان لە مەرگ و روو بە ژیان بوون، لە دوایانەوە مەرگ دەهات وەك ئاگری دەم وشکە پووش هەڵی دەقرچاندن، لە پێشیانیشەوە ژیانێکی نوێ دەهاتە دنیاوە. لەگەڵ قریشکەیەکی بەرزی ژنەدا منالّەکە لە دایك بوو. لە کاتێکدا مردن هەر سێ بازنە لێیەوە دوور بوو، لە زریکەی گریانی داو دەنگی گریانی کەوتە سەرووی هەموو دەنگەکانی ترەوە، ژنە مەلۆتکە گرینۆکە تازە لەدایکبووەکەی بەرز کردەوە بۆ سەر سنگی خۆی و تێرو پڕ لێی راما، منالآن هەروا خەریکی خولانەوەو یاریکردنی خۆیان بوون تا ئەو کاتەی فیشەکی گرداری جەلادو



شەریکەکانی شەیتان سەری پڕ یاری بچکۆلانەیانی تەقاندو وەك ئەوەی مردن بەشێك بێت لە یارییەکەیان بە دەمدا کەوتن و دەم و پلیان پڕ لە لم بوو...

ماوەیەك پێش ئێستا چەشنی قەڵغان رەپ و راست بۆ پاراستنی ژیان توندو پتەو پێیەکانیان لە زەوی چەقاندبوو، پڕ پڕبوون لە ژیان، بەلآم ئێستا حەوت بازنەی سوورن، حەوت بازنە تەرمی تەڕوو گەرمی نێو خوێن و لم، جەلادەکان پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان هەڵگرت و بە نەشئەی سەرکەوتنەوە بلآوەیان لێکردو بازنەکەیان هەڵوەشاندەوە، ئەوەی دەبیسترا تەنهاو تەنها زریکەی بە سام و ترسناکی ساواکە بوو قوڵ و بەرز دەگریا، گریانێکی سامناك لەو شەوە تاریکەدا لەرزی دەخستە دڵ و دەروونەوە، جەلادەکان کشانەوە دواوەو گڕەو نەڕەی دوو شۆفڵ ئاوێتەی دەنگ و زریکەی مەلۆتکەکە بوو، دوو شۆفڵ کە پێدەچوو پێشتر هەر لەو نزیکانەوە وەستا بووبێتن دەرکەوتن و بە قەپاڵی گەورەی پڕ لە لم کەوتنە پڕکردنەوەی چاڵەکەو تەرمەکانیان بە لم دادەپۆشی، دایکە نیوە مردووەکە بەردەوام بە ئەسپایی و نەرم دەستی دەکێشا بەسەر شانی مەلۆتکەکەداو جار جارەش هێدی و هێمن دەیچرپاند بە گوێیدا، بەلآم ئەو زیاتر لە زریکەی گریانی دەداو ژیر نەدەبووەوە... شۆفلّەکانیش ورد ورد تەرمەکانیان دادەپۆشی، تا ئەو ساتەی شەپۆلی لم و خوێنی گەشی قوربانیان گەشتە جەستەی لە خوێن و عارەق هەڵکێشاوی دایك و ساواکە، دەنگی نەڕەی نەشازی شۆفلّەکان، زریکەی سامناکی مەلۆتکەیەکی تازە لەدایکبوو...

نیگای دایکێـك رووەو قـوولایی ئەسـتێرەکانی ئاسمـان، رژانـی دوو دەمـە شۆفڵی گەورەی پڕ لە لم، قاقای پێکەنینی جەلادەکان.
بێدەنگی...

کۆتایی

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی
## بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی سامی عەوداڵ | ئا/د. کەمال مەعروف | شیعر | ٧١١ |
| ٢ | سایکۆلۆژیای دەسەڵات | سەمەد ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | ٧١٢ |
| ٣ | وێنەیەك بەسەر ئاوەوە | سەلاح عومەر | رۆمان | ٧١٣ |
| ٤ | شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا | عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧١٤ |
| ٥ | ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا | ئارام صدیق | لێکۆڵینەوە | ٧١٥ |
| ٦ | مرۆڤـ گەردونێکی نادیار | د.هادی محمد | لێکۆڵینەوە | ٧١٦ |
| ٧ | ڕێچکەی مێروولەکان | جوتیار ئەحمەد | چیرۆك | ٧١٧ |
| ٨ | ئافۆریسم | نەوزاد جەمال | لێکۆڵینەوە | ٧١٨ |
| ٩ | مێژووی تۆپی پێ و پاڵەوانێتییەکانی لە جیهاندا | هەوراز کاوە | وەرزشیی | ٧١٩ |
| ١٠ | شەڕی گۆگامێلا | محمد ئەمین عەلی | مێژوویی | ٧٢٠ |
| ١١ | بونیاتی هونەری لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا | سامان عیزەدین | لێکۆڵینەوە | ٧٢١ |
| ١٢ | ذاكرة مدينة منقرضة | زوهدی داودی | رۆمان | ٧٢٢ |
| ١٣ | تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ | کەریم دەشتی | شیعر | ٧٢٣ |
| ١٤ | هۆشیاریی یاسایی | فوئاد تاهر | یاسایی | ٧٢٤ |
| ١٥ | میرزا مەنگوڕی و یوتۆپیا جیهانییەکەی | سەربەست کەرکوکی | لێکۆڵینەوە | ٧٢٥ |
| ١٦ | دیوانی ناری | ئا/عوسمان ناری زادە | شیعر | ٧٢٦ |
| ١٧ | کۆمەڵێك شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژووی کوردستان | کەمال نوری مەعروف | شوێنەوار | ٧٢٧ |
| ١٨ | ساڵی سفر | سەباح رەنجدەر | شیعر | ٧٢٨ |
| ١٩ | زمان ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا | هەندرێن | لێکۆڵینەوە | ٧٣٠ |
| ٢٠ | جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە | ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل | لێکۆڵینەوە | ٧٣١ |
| ٢١ | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جەلال مەحمود عەلی | زمانەوانی | ٧٣٢ |
| ٢٢ | شار و دنیای منداڵی | عومەر دەروێش | کوراسی شێوەکاری | ٧٣٣ |
| ٢٣ | بەرەو زانستی دەنگسازی لە ئاخاوتنی کوردییەوە | شێرکۆ بابان | زمانەوانی | ٧٣٤ |
| ٢٤ | حقوق الملكية الفكرية ذات الصلة بالاصناف النباتية الجديدة والمنتجات الدوائية | د. دانا حمه باقی | لێکۆڵینەوە | ٧٣٥ |
| ٢٥ | بنەماکانی پێرست و پۆلێن لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکاندا | شێرزاد سەعید محەمەد | لێکۆڵینەوە | ٧٣٦ |
| ٢٦ | تێکست | هاشم سەراج | شیعر | ٧٣٧ |
| ٢٧ | فێربوونی زمانی فارسی هەنگاو بەهەنگاو | عەدنان عەبدولرەحمان سەجادی | فەرهەنگ | ٧٣٨ |
| ٢٨ | کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا | د.کەیوان ئازاد | مێژوویی | ٧٣٩ |
| ٢٩ | کتێبی خۆشەویستیی | و. جەلال دەباغ | شیعر | ٧٤١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی رۆژنامەگەری کوردیدا | عەبدولسەمەد ئیسلام تەها | مێژوویی | ٧٤٠ |
| ٣١ | تاوانە ئینتەرنێتییەکان | سەروەت عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧٢٩ |
| ٣٢ | کۆڕامانێك لە شیعر | محمد کاکە رەش | گفتوگۆی ئەدەبیی | ٧٤٢ |
| ٣٣ | هێشتا قسەکانم تەواو نەکردووە | گەزیزە عمر علی | شانۆیی | ٧٤٣ |
| ٣٤ | لە ئارێزەوە تا سازو زوڵفا | ئەنوەر حسێن | لێکۆڵینەوە | ٧٤٤ |
| ٣٥ | بێرنارد کۆشنەر | نەجات حەمید | لێکۆڵینەوە | ٧٤٥ |
| ٣٦ | وقفات في رحاب الثقافة الكردية | محمد کریم عارف | لێکۆڵینەوە | ٧٤٦ |
| ٣٧ | غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بیَ ئەڤین | و. سیروان رەحیم | شیعر | ٧٤٧ |
| ٣٨ | کارەبا و زانستی داینەمۆ | بتیۆن سعید | زانستیی | ٧٤٨ |
| ٣٩ | دووگیانی و منداڵ بوون | شیرین مستەفا عیسی | زانستیی | ٧٦٢ |
| ٤٠ | شێوەکاران | تەها احمد رەسول | شێوەکاریی | ٧٥٠ |
| ٤١ | وشە گەڕۆکەکان | و.عەبدوڵڵا زەنگەنە | رۆمان | ٧٥١ |
| ٤٢ | بۆنی بەختەوەری | محمد کوردۆ | لێکۆڵینەوە | ٧٥٥ |
| ٤٣ | ناسیۆنالیزم و عەلمانیەت | سۆران عزیز | لێکۆڵینەوە | ٧٥٣ |
| ٤٤ | فێربوونی بالە | ریباز احمد فرج | وەرزشیی | ٧٥٤ |
| ٤٥ | وەرزی دروێنەی فریشتەکان | محمد کەریم | چیرۆك | ٧٦٥ |
| ٤٦ | لە دادیزمەوە تاکو سوریالیزم | لەتیف هەڵمەت | لیکۆڵینەوە | ٧٤٩ |
| ٤٧ | دەروازەیەك لەرووی کتێبخانە و زانیاریەکان | یاسین قادر برزنجی | زانستیی کتێبخانەو زانیارییەکان | ٧٥٧ |
| ٤٨ | حەوزەکانی ئاوایی | مستەفا محمد کەریم | رۆمان | ٧٥٨ |
| ٤٩ | ئەفسونی گێڕانەوە | جبار سابیر | لێکۆڵینەوە | ٧٥٩ |
| ٥٠ | ئەو تاریکیە درەوشاوەیە | و.غفور صالح | رۆمان | ٧٦٠ |
| ٥١ | دار و گەلاَ | و.مستەفا زاهیدی | چیرۆك | ٧٦١ |
| ٥٢ | پەیڤەکان دەپەیڤن | رابەر فاریق | لێکۆڵینەوە | ٧٥٢ |
| ٥٣ | ڕەوتی کچانی کورد | زەکیە رشید محمد | توێژینەوە | ٧٦٣ |
| ٥٤ | دابەشکاری جوگرافی | لەنجە سالح عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧٦٤ |
| ٥٥ | بازنە راخراوەکانی بابل | عمر سەید | رۆمان | ٧٥٦ |